





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ناميلكەى( ژن، ژیان، ئازادی)

### بەشی؛ ٦

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتووێژی نووسەران سەبارەت بە کارەساتی دڵتەزێنی کوشتنی ژینا ئەمینی، موشکبارانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، مانگرتن و خۆپیشاندان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و دەرەوە وڵات.

رووح و رەوانی ژینا و هەموو شەهیدانی ڕاپەرینی کوردستان و ئێران شاد و سپاس و پێزاین بۆ نووسەرانی ئەم ناميلكەيە. من هەر ئەوەندم دەستکەوتوون و لە دووتۆیی ئەم نامیلکەیە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

کۆی نامیلکەکە ١٥٠ لاپەڕەوەو ٤٦ی بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست:

١- ڕاپەڕینی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دووڕیانی بەردەم ئۆپۆزسیۆن ........................ هیدایەت جان ...... ٥
٢- د. فەراز فیرووزی: ڕێژیمی ئێران لە کوردستان و ئێراندا تاوانی دژی مرۆڤایەتی دەخولقێنێت ...........................
............................................................................... هەڤپەیڤین: کاروان مێراوی ...... ٧
٣- بازرگانان پشت لەبۆرسەو بانکەکانی ئێران دەکەن ............................................ هاوڵاتی .......... ١٨
٤- خەریکی خوڵقاندنی مێژوویەکی تایبەت بە خۆمانین ............................................ س ج ............ ٢١
٥- بەرەو ئازادی ................................................................................ حوسێن کوردنەژاد ......... ٢٣
٦- چیمان بەسەر دێت؟ ............................................................................ دڵشاد هەورامی ....... ٢٣
٧- شۆڕش یان نارەزایەتی ........................................................................ مراد میهرەبان ......... ٣٠
٨- عەلی کەریمی لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ هاوڵاتی ............................................................................ ٣٢
٩- لە بەهاری عەرەبییەوە بۆ پاییزی ئێرانی..! ............................................... کامەران عەزیز ........ ٣٩
١٠- کاریگەرییەکانی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە لەئێران، بەزێنەری سنووری وڵاتانو نەتەوەکانە ...... موئەیەد ئەحمەد ... ٤٢
١١- کۆسپەکانی بەردەم شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و ئایندەی ..................... ڕەحیم هاشمی ئەمجەد .... ٤٦
١٢- لە کۆبوونەوەی ئاریا (ARRIA) ........................................................ کەماڵ حەسەن پوور .... ٤٧
١٣- کوردستان لە قوربانی دان و خەباتدا لە پێشە .......................................... مستەفا شڵماشی ........ ٥٠
١٤- خۆپێشاندەر گیانیان لەدەستداوە ....................................................... سیروان عەباس ......... ٥١
١٥- نەوەی ژینا .... ناسنامەی گەڕۆک و ڕیشەدار ............................................ ئەفراسیاب گرامی ..... ٥٢
١٦- بە سوریەیی کردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ................................................. ئەفراسیاب گرامی ..... ٥٦
١٧- لە بیری ئازادیدا ئێمە باڵادەستین ............................................................ حوسێن کوردنەژاد .... ٥٨
١٨- کۆتایی ئێرانی پێش ژینا ئەمینی ............................................................ مەجید نیزامەدین گلی .... ٦٠
١٩- ژینا کیژی چاوکراوەی فێرە زانینی کورد! ................................................ محەممەد بایزیدی ...... ٦٣
٢٠- شۆڕشی ژینا، شۆڕشی هەمووان .......................................................... ڕەند زارعی ...... ٦٥
٢١- بۆ هاوڕێ نووسەر و بیرمەند و خەباتکارە ڕۆژهەڵاتییەکانم ................................ ڕێبوار سیوەیلی .... ٦٧



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٢- ماموستایانی ئایینیی کوردستان نابێ بە فیتی رژێم دژایەتیی مەولەوی عەبدولحەمید بکەن ....... قادر وریا .... ٧١
٢٣- لێدوانی رۆژئاواییەکان و لێکەوتەکانی لە ئێران ............................. عارف قوربانی ........ ٧٢
٢٤- تا زووتر بەدیلی رێژیمی ئاخوندان پێک بێ درەنگە ........................................ بێبەش پیرۆتی ...... ٧٦
٢٥- ئەمنستی ئینتەرنەشنالّ بۆ رووداو: حکومەتی ئێران توونـدوتیژیی زۆر بەرامبەر خەڵکی شارە کوردنشینەکان بەکاردەهێنێت ............................. دارشتنەوە: دڵزار زوبێر و دانا عومەر .... ٧٨
٢٦- ئێران و گرووپی ٧ ............................................................... پەیرەو ئەنور ....... ٨٣
٢٧- ئێرانی نوێ دروستدەکەن یان ئێرانێکی دیکە دەبینین؟ ................................ سۆزان حەمەتاتە .... ٨٦
٢٨- قۆناغی سێهەمی خۆپێشاندانەکان ........................................... برایم جەهانگیری .... ٨٨
٢٩- شەڕ لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا و کۆماری ئیسلامی ...................................... سایتی پەیام ........ ٩٠
٣٠- ڕاگەیەنراوی وزیرانی کاروباری دەرەوەی گرووپی ٧ ........................................ کەماڵ حەسەن پوور .... ٩٣
٣١- چی نەکردن؟ ................................................................ کەریم پەرویزی ...... ٩٥
٣٢- شەهیدبوون لە پێناو ئازادیدا شانازی و جاشایەتی و نۆکەرییش سەرشۆرییە ............... عومەر باڵەکی ...... ١٠٠
٣٣- ئەم بزوتنەوەیە جیاوازە ......................................................... سایتی پەیام ....... ١٠٤
٣٤- ئازایەتیی بێوچانی خۆپێشاندەرە ئێرانییەکان، تاقیکارییەکی ئەخلاقیی بۆ دنیای رۆژاوایە ................................
............................................... سی ئێن ئێن- فریدا غیتیس/ و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٠٦
٣٥- ئێرە خاکی کوردستانە ............................................................... پژمان شەریعەتی ...... ١١٠
٣٦- دەسکەوتەکانی هەتا ئێستای شۆڕشی ژینا ............................................ ڕەحمان سەلیمی ...... ١١٣
٣٧- چلەیەک بۆ کۆتایی ............................................................. سەلیم حەقیقی ...... ١١٦
٣٨- ژن، ژیان، ئازادی: بەرەنگاربوونەوەی باری باو ........................................ ئازادی حاجی ئاقای ...... ١١٨
٣٩- چیاکانیش ئەوجار نابنە پشتیوانمان!؟ ............................................ فواد خاکی بیگی ...... ١٣١
٤٠- هیچ دەرفەتێکیان پێ نەدەن .............................................................. مەنسوور تەها ........ ١٣٣
٤١- بارودۆخی ڕاپەڕین لە پەنجاو هەشتەمین حەوتوودا ...................................... خالید حەسەن پوور .... ١٣٥
٤٢- ئازادکردنی "ژن ژیان ئازادی" ............................................................. شەهلا دەباغی ........ ١٣٨
٤٣- بێ هیوایی و بێ توانایی حکومەتی ئیسلامی ئێران و نارەزایەتی ڕوو لە پەرەسەندنی خەڵک ... سایتی پەیام ... ١٤٢
٤٤- کۆماری هەڵوەشاوەی ئیسلامی لە خەونێکی بێتەعبیردا ................................ کاکەڕەش ............ ١٤٥
٤٥- زانکۆکانی من ............................................................................ ڕەزا دانشجو .......... ١٤٦
٤٦- بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەست بە چاوتانەوە بگرن ........................................ دارسمە ............ ١٤٩



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاپەڕینی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دووڕیانی بەردەم ئۆپۆزسیۆن



هیدایەت جان

نزیکەی دوو مانگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ڕاپەڕینێکی بەرفراوانی جەماوەری سەریهەڵداوە، دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات ئاشنابێ بە ڕێکخستنی نوێی جەماوەری و کارکردن لەسەر شێوازی خەبات و نافەرمانی مەدەنی. کورد لە ڕۆژهەڵات زیاد لە سەدەیەکە شێوازی خەباتی چەکداری گرتووەتە بەر، لە سەردەمێک کە تا رادەیەک هاوسەنگی هێز هەبوو، دەستکەوتی گرنگمان لەو شێوازە خەباتە بۆ دۆزی نەتەوەییمان بەدەستهێنا کە گرنگترینیان چەسپاندنی کورد وەک نەتەوە بوو لە نەخشەی سیاسیی ئێران، ئەو دەستکەوتە توانی حورمەتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بۆ کورد لەناو نەتەوەکانی ئێراندا دروستبکات.

بەڵام ئەوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ڕوودەدات، هەموو ئاماژەکانی پێماندەڵێ، ئەوەی تازە دەیەوێ شێوازێکی دیکەی خەبات بۆ گەیشتن بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی ئەزموون بکات، لەوە تێگەیشتووە کە شێوازی خەباتی سیاسی دروستکەری فەرهەنگی سیاسییە لە کۆمەڵگا، بەوە گەیشتووە کە دەسەڵات لە هەر ڕێگەیەکەوە بەدەست بهێنیت، دەبێ بە هەمان ڕێگە بیپارێزی، بەو واتایەی، دەسەڵاتێک لەڕێی چەکەوە بەدەستهات، دەبێ هەر لە ڕێگەی چەکەوە بیپارێزی، ژێری ئەو نەوە تازەیە لەوەدایە، دیوی ناوەوەی دەسەڵاتێک هەڵدەسەنگێنێت کە لە داهاتوودا دەیەوێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دروستی بکات، ئەوە فۆرمێکی نوێ و ئاپدەیتکراوەی ناسیۆنالیزمە و چیتر نایهەوێ ئەو رەخنەیەی لێ بگیرێت، کە "ناسیۆنالیزم بەردەوام چاوی لە دوژمنی دەرەکییە و رێگە نادات سەرنجت بخەیتە سەر دوژمنی ناوەکی" هەمیشە دێوەزمەیەکت لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ درووستدەکات و فۆبیای پەلاماری ئەو دێوەزمەیە لەناو کۆمەڵگەدا بڵاودەکاتەوە بۆ ئەوەی زاتی ئەوەیان نەبێ بیر لە دێوەزمە ناوەکییەکە بکەنەوە و رەخنە لە شێواز و مۆدێلی حوکمڕانیی بگرن، نەخاسمە ئەوەی حوکمڕانییەکە لە رێگەی چەکدارییەوە بەدەستهاتبێ.

دابڕانی ئۆپۆزسیۆن لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان پێی ناوەتە دەیەی چوارەمەوە و لەو مەودایەدا زیاتر لە سێ نەوە لەدایکبوون، ئەو دابڕانە جەستەییە تا رادەیەک دابڕانی فەرهەنگیشی لێ کەوتووەتەوە، تێڕوانینی سەردەم، بەها، خواست و کۆی چەمک و سێکتەرەکانی ژیانی کورد لە رۆژهەڵات گۆڕانی ریشەییان بەسەردا هاتووە و ئاستەنگەکانی بەردەم ئۆپۆزسیۆن فریای ئەوەی نەخستووە لێیان تێبگات بۆ ئەوەی خۆی پێ نوێبکاتەوە و لەگەڵی بگونجێت، بەتایبەت ئەم ١٠ ساڵەی دوایی کە تەکنەلۆژیا بە خێراییەکی زۆر گەیشتە ماڵ بە ماڵی سەرجەم چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە. لە مێژووی جوگرافیای ئێراندا هێندەی دوو دەیەی رابردوو نەتەوەکانی ئێران پەیوەندی و تێکەڵاوییان بەهۆی فراوانبوونی زانکۆکان و نیمچە کرانەوەی ئابووری و دواجار تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ دروستنەبووە.

ئەو تێکەڵبوونە لە چەندین رووەوە لە بەرژەوەن کورد وەک نەتەوەیەکی پەراوێزخراو بوو کە بەردەوام دەزگای پڕوپاگەندەی دەسەڵات لە فەزای گشتی ئێراندا خەریکی بەدێوکردنی بوو، کوردستان وەک دوورگەیەکی حەرام پێشاندرابوو بە کۆمەڵێک بوونەوەرەوە کە مرۆڤ بە تەنەکە سەردەبڕن و دەیان ئەفسانە و چیرۆکی دیکە، بەڵام بەرەو زانکۆ رۆیشتنی گەنجانی کورد و تێکەڵبوونیان لەگەڵ نەتەوەکانی ئێران هەموو ئەو سیحرانەی بەتاڵکردەوە و رۆژهەڵات بەهۆی ئەزموونی خەبات و فەرهەنگی سیاسی کە دووربوو لە هەموو چەشنەکانی فاشیزم و ئەویتر قبوڵنەکردن، بوو بە کانێکی دەوڵەمەند تا کۆمەڵگەی ئێرانی لێیەوە خەباتی مەدەنی و نافەرمانی و ملنەدان هاوردە بکەن.

ئەو دەرفەتەی ئێستا بۆ ئۆپۆزسیۆنی رۆژهەڵاتە رەخساوە خستوویەتە بەردەم دووڕیانییەکی چارەنووسساز، بەوەی پێداچوونەوەیەک بە شێوازی خەباتیدا بکات. لە کۆنەستی ئەو نەوە تازەیە، هێشتا ئۆپۆزسیۆن ئەو ئەلتەرناتیڤە شیاوەیە کە دەتوانێ دەسەڵاتی دوای کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتە دەست، بەڵام بە یەک جیاوازی ورد کە ئۆپۆزسیۆنی خستووەتە سەر دووڕیانییەکە. چەندە ئۆپۆزسیۆن بەهۆی دابڕانەوە نەیتوانیوە لە روانینی ئەو نەوەیە تێبگات و خۆی لەگەڵ بگونجێنێت، ئەویش بە هەمان شێوە لە ئۆپۆزسیۆن تێنەگەیشتووە و لە نەستیدا رۆئیایەکی هەڵچنیوە کە ئەو ئۆپۆزسیۆنە هاوتەریبە لەگەڵ بیر و تێڕوانینەکانی بەرامبەر ئەو خەباتە جەماوەرییەی هەڵگیرساوە، ئەوەش ئۆپۆزسیۆنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەبەردەم دوو بژاری چارەنووسساز داناوە. بەوەی کە ئەگەر لەو نۆرمە باوەی چەندین دەیەیە دەقی پێ گرتووە، خۆی دەرباز نەکات، ئەو هەلەی لەدەستدەچێت و هەموو ئەو روئیایەی لە ئەستی ئەو نەوەیەدا دروستبووە، دادەڕمێت. لەبیری نەکەین، بزووتنەوە جەماوەرییەکان یەک تایبەتمەندییان هەیە کە رێبەر قبووڵ ناکەن، بەڵکوو خۆیان لەنێو خۆیاندا رێبەرایەتی بزووتنەوەکە بەرهەمدەهێنن، ئەوەش بەو واتایەی دەبێ ئۆپۆزسیۆن بەدەر لە گۆڕینی شێوازی خەبات،

دەستبەرداری چەمکی رێبەر بێت و بەرەو چەمکی رێبەرایەتی

هەنگاو بنێت. رێبەرایەتییەک کە کۆمەڵگە تێیدا هاوبەشبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندیی پێشمەرگە دێرینەکانی دیموکرات – ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## د. فەراز فیرووزی: ڕێژیمی ئێران لە کوردستان و ئێراندا تاوانی دژی مرۆڤایەتی دەخولقێنێت



هەڤپەیڤین: کاروان مێراوی

بەرایی:

ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیک بە دوو مانگ بووەتەوە و قۆناغێکی نوێی تێپەڕ دەکات کە شرۆڤەکارانی سیاسی پێیان وایە کە لە چوارچێوەی نارەزایەتی و خۆپیشاندان تێپەڕ بووە و چووەتە قۆناغی شۆڕشە و بەم هۆکارەشەوە بە شۆڕشی نوێی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەتەوەکانی ئێرانی لەقەڵەم دەدەن. لە ماوەی ئەم دوو مانگەشدا ڕێژیمی ئێران لە کوردستان و بەلووچستان بە چەکی نیوەقورس و گوللە شەڕ کۆمەڵێک تاوانی دژی مرۆڤایەتی خولقاندووە، کە دەکرێت ئەم تاوان و جینایەتانەی ئەو ڕێژیمە لە کوردستان بە درێژەی فتوای خومەینیی جەلاد لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە دژی نەتەوەی کورد ئەژمار بکرێت

ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" لەسەر ئەم پرسە و لە بواری یاسایی و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانەوە، هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ د. فەراز فیرووزی، مافناس و توێژەری یاسا و هەروەها ڕاوێژکاری یاسایی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو پێک هێناوە.

**کاروان مێراوی**: بەڕێز فیرووزی سەرەتا سپاس بۆ ئەوەی کە لەم وتووێژەدا هاوکارمان بوون. باسەکەمان بەم پرسیارەوە دەست پێ بکەین؛ بەڕێزتان ئەم ڕاپەڕین و نارەزایەتییانەی خەڵکی کوردستان و ئێران بەگشتی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**د. فەراز فیرووزی**: لەڕاستیدا ئەو شتەی کە من ئەیبینم وەک خۆم، وەکوو کەسێک کە ساڵانێکە لە ئێران مامۆستای زانکۆ بووم لە بەشی یاسا و لە ڕێکخراوێکدا کارم کردووە کە پێوەندیی بە دەزگای دادی ئێران بوو واتە ڕێکخراوی بازرەسی گشتیی وڵات، بە ئیستلاح فارسییەکەی ئەوەی کە ئەیبینم، جورێک لە پوختەگیی سیاسییە، شێوازێک لە تێگەیشتنی کاملی سیاسییە کە خەڵک و بەتایبەت لە کوردستاندا سەبارەت بە حاکمییەت و دەسەڵات سیاسیی ڕێژیمی ئیسلامی هەیانە. ئەوەی کە هەموو چینەکان بەبێ جیاوازی یەکیان گرتووە، وەکوو زنجیرێک هەر لە سەندیکای مامۆستایانەوە بگرە تاکوو ژنان و ... لە بەشی ئابوورییەوە بگرە هتد، تەنانەت دەبینین بۆ یەکەم جارە کە مافی منداڵان دێتە ئاراوە، هەموو قوتابخانەکان و قوتابییەکان ڕژانە سەرشەقام و ئەمە دەبێت زۆریش لەبەرچاو بێت، چونکە ئەمە تایبەتییەکی زۆر بێوێنەی بەم جووڵانەوە و بزووتنەوەیە دەبەخشێت کە بەڕاستی لە خۆ پێشاندانەکاندا جگە لەو دروشمانەی کە ئەدرێت، جگە لە جووڵە فیزیکییەکان، جۆرێک عونسوری مەعنەوی کە تێگەیشتنە لە ئەوەی کە تێگەیشتووییەکی سیاسییە لە پشت جووڵانەوەکەوە هەیە. ئەمە بە ڕای من ناهێڵێت بەم زووییە ئەم ڕاپەڕینە کپ بکرێت. با بڵێین ئاکامی نەبێت، بەڵام وەکوو جووڵانەوەکانی دیکە نییە کە بەس بۆ بێنزین یان شتێکی تری هاوشێوە بوو، جووڵانەوەی ئەم جارە هەموو شتێکی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە و ئەم بەم هۆیەشەوە ئەم جووڵانەوەیە زۆر بەخێرا دەچێتە پێشەوە.

**کاروان مێراوی**: لە ڕووی یاسایی و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان و هەڵسوکەوتی ڕێژیمی ئێرانەوە چۆنی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن؟

**د. فەراز فیرووزی**: سەبارەت بەم پرسیارە کە باری یاسایی بابەتەکەیە کە من زۆرم لەسەری نووسیوە و کارم لەسەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کـردووە، ئەوەیە کە لەڕاسـتیدا ڕژێمـی ئێـران هەمـوو ئەو پێبەنـدبوونانە و بەگشـتی ئەوەی کە دەروەسـتیی هەیە بە کۆنڤانسیۆنەکان، وەکوو کۆنڤانسیۆنی مافی مەدەنی و سیاسیی ١٩٦٦ یۆئێن، کۆنڤانسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ١٩٦٦ کە ئەویش هەر یوئێن، کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵان کە ئێران پەسەند و واژۆی کردووە و هەموو ئەو کۆنڤانسیۆنانە و بڕێک لە کۆنڤانسیۆنەکان کە پێوەندی بە ڕێکخراوی جیهانی کارە کە هەمووی پێشێل کردووە. خۆپێشـاندان مـافێکی بنەڕەتییە کە لە گشت کۆنڤانسیۆنەکاندا ئاماژەی پێ کراوە و ئێرانیش پەسەندی کردووە و تەنـانەت لەو یاسا ناتەواوەشەوە کە لە ئێراندا هەیە، ئەو یاسا بنەڕەتییە ئەمە پێشبینی کردووە و بەتـایبەت لە بەندی ٢٧دا کە پێشبینی کراوە لە ئەو بەندە، ئەوەنـدە گشتی و ناڕوون لە بابەتەکە قسەی کردووە و جێی دەستی کـراوە هێشـتەوە کە شـرۆڤەگەلێکی جۆراوجـۆری لـێ ئەدرێت و ئەو مافە پێشێل دەکردرێت. لەو بەنـدەدا تەنیـا پێشبینی ئەوە کـراوە کە ئەگەر دژبەری ئیسلام نەبێت و چەکـی لەگەڵ نەبێت، تەنـانەت مـۆڵەتی ناوێت. واتە بەپێـی ڕەوایـی (مشـرووعییەت) مـوزاکراتە کە ئەیبیـنن لەو کـاتەدا بلیمەتەکـانی یـاسـای بنەڕەتی بەناو لەسەر ئەو بـابەتە کە قسـەیان کردووە و چوار - پێـنج لاپەڕەی ڕەوای دانوستانەکە تۆمار کراوە و هەیە. تەنـانەت مـۆڵەتی فەرمیشـی ناوێـت، هەر ئەوەی کە ئەو دوو شـەرتەی لـێ دەرکەن، چەکـی پێـی نەبێت و دژبەری ئیسـلام نەبێت، هەموو کەس دەتوانێت خۆپێشاندان بکـات. ئەمە لە بـواری یاسـای نێوخۆ کە بە تەواوەتـی پێشێل دەکردرێت و هیچ ڕێزێک بۆ یاسای خۆشیان دانانێن. لە بواری نێونەتەوەیییەکەیەوە کە ئێران بەپێی یاسـای مەدەنیـی خـۆی دەروەسـتی هەیە، بە ڕەچاوی ئەو کۆنڤانسیۆنە بە تەواوەتی ئەو کۆنڤانسیۆنە پێشێل دەکرێت. زۆر ڕیـپۆرت کـراوە لەسەر ئەو بـابەتەکە و تـا ئەو جێگەیە کە بەرچـاو و ئامارەکـان دەبینـین ئەوەیە کە دەتـوانین بە سـراحەت بێـژین لە کەیسـی شـارە کوردەکـان لە کوردستانـدا و بەتـایبەت لە سەقز و شنۆ و ورمێ و سنە بە شێوازێکی زۆر دڕندانە لەگەڵ خەڵـک هەڵسوکەوت دەکەن و لە بواری یاسای نێودەوڵەتی و یاسای مافی مرۆڤەوە دەتوانێت تـاوانی دژە مرۆڤ بە ئەژمار بێت، تەواو بێت و دادگـاکەر بێنن. واتە سـەڵاحییەتی پێڕاگەیشـتنیان هەیە و زۆر لە دادگـا نیشـتمانییەکاندا وەکوو دادگـای ئەڵمـان، سوید،سـوئیس و بلژیـک یاسایەک هاتووەتە نێو دەسەڵاتی دادوەرییەکەیان ئەو مافە دەدات کە ئەگەر کەسێک لەو پیشە کاریـان کردووە، بۆ نموونە سەرانی بان، فەرماندە باڵا سەربازییەکان بێنە ناو خـاکی یەکیەتیـی ئورووپـا بۆیـان فەرمـانی دەستبەسەرکردن دەر بکەن و پەروەنـدەکە بە شیوەیەکی کەیفەری بخرێتە بەربـاس. ئەمە لە بـوار یاسـاییەکەیەوە کە ڕەنگە لە پرسیارەکانی تریشدا تۆزێ لەسەری ڕیزتر بمەوە.

**کاروان مێراوی**: وێڕای ئەوەی کە خەڵکی کوردستان و ئێران بە شێوەیەکی هێمنانە و ئاسایی داوای مافی سەرەتاییی خۆیـان دەکەن، بەڵام ڕێژیم یەکلایەنە بە دژی خەڵک و بەتایبەت لە کوردستان و بەلووچستاندا شەڕی ڕاگەیاندووە و لە جۆرەکـانی چەک بۆ سەرکوتی خەڵک کەڵک وەردەگرێت. ئەو پەلامارە دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵکی ڕاپەڕیو بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەژمار دەکرێن یان تـاوانی شەڕ؟ هەروەها جیاوازیی نێوان ئەو دوو تاوانە لە چیدایە؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**د. فەراز فیرووزی**: لەبارەی پرسیارە من لە بابەتێکدا ئەوەم شی کردووەتەوە و بە وردی شرۆڤەم کردووە و لێرەشدا دووپاتی دەکەمەوە. کاتێک ئەوترێت تاوانی دژە مرۆڤ جیاوازیی لەگەڵ تاوان لە کاتی شەڕ یان جینایەتی شەڕ چییە، پێوەندییەکە ئەوەیە کە تاوانی کاتی شەڕ تایبەتە بە دەورانی ئەو شەڕە چەکدارییەیە کە ڕەنگە ناوخۆیی بێت یان شەڕ و تێکهەڵچوونێکی نێودەوڵەتی بێت لە نێوان دوو وڵاتدا. لە شەڕ و تێکهەڵچوونی ناوخۆییدا لەوانەیە بۆ نموونە گرووپێک یان حیزبێک یان جووڵانەوەیەک لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی دەست بە شەڕی چەکداری بکات، ئەمە تێکهەڵچوونێکی ناوخۆییە. ئەو جۆرەکەی دیکە پێوەندیی نێوان دوو دەوڵەتە کە بە شەڕێکی نێوان دوو دەوڵەت ئەژمار دەکرێت، بۆ نموونە وەکوو دەوڵەتانی ئێران و عێراق. چۆن شەڕ لە یاسای نێودەوڵەتیدا بەداخەوە تاکوو ئێستاش نارەوا ڕانەگەیەندراوە و شەڕ بوونی هەیە. بەڵام تا ئەو جێگەیەی کە بۆیان کراوە لە یاسای نێودەوڵەتیدا سنووردداریان کردووەتەوە بۆ ئەوەی کە زۆر تاوان و جینایەتەکە بەربڵاوتر و گەورەتر نەبێت. ئەو شتانە یاسگەلێکیان بۆی گونجاندووە وەکوو مافی مرۆڤدۆستانە کە جیاوازە لە مافی مرۆڤ. ئەو مافی مرۆڤدۆستانە تایبەتە بە کاتی شەڕ وەکوو قەدەغەبوونی چەکی قەدەغەکراو، چەکگەلێک کە هێزی تەقینەوە و کاولکارییەکی یەکجار زۆری هەیە و نابێت لە جێگەیەک لە خەڵکی سڤیلی زۆری لێیە بەکار بهێندرێت. بۆ نموونە ئەمە تاوانێکی شەڕە. یان بۆ نموونە هێرشکردنی هێزێکی سەربازی بۆ سەر کۆمەڵێکی زۆر و بە تەواوەتی سڤیل وەکوو نموونە دەتوانین جۆرێک لە جۆرەکان هێرشی مووشەکی و درۆنیی ئەم ماوەیە کە ڕێژیمی ئێران کردی بۆ سەر کەمپی ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشووری کوردستان، ئەمە بە جینایەتی شەڕ یان جینایەتی کاتی شەڕ ئەژمار بکرێت، چون بە تەواوەتی شەڕێک دەستی پێ کردووە و هەر کەسێکیش شەڕەکە دەست پێ دەکات، دەبێت و ناچارە کە ڕایگەیەنێت لەو کاتەدا مافی مرۆڤدۆستانە دێتە ئاراوە، چون کاتێکی تایبەت بە شەڕە. هەر چەند کە ئێران هیچ کام لەمانە تەنانەت لە هێرش بۆ سەر فرۆکە مەدەنییەکە کە ئەو مووشەکانەی ئامادە کردبوو بەرەو عێراق، ئەمەی ڕانەگەیاندبوو کە کاتی شەڕە و دەبێت مافی مرۆڤدۆستانە ڕەچاو بکرێت و لە فڕۆکەی مەدەنی و موسافرهەڵگرەکەی دا.

ئێستە بێینەوە سەر تاوانی دژە مرۆڤ، تاوانی دژە مرۆڤ تایبەت بە دەورانی ئاسایش و ئاشتی لە کاتێکدا کە هیچ شەڕێک لە ئارادا نییە و ئەو دەوڵەتە ناچارە بە تەواوەتی یاسا و بەندەکانی مافی مرۆڤ، ئازادیی ڕادەربڕین، مافی ژیان، ئەشکەنجەنەدانی خەڵک، دەستپێڕاگەیشتن بە پارێزەر لە کاتی دادگاییکردندا کە هەمووی ئەمانە دەبێت ڕەچاو بکرێت. بەڵام کاتێک کە سەیر دەکەین لە سەرەتای خۆپێشاندانەکان و لە دوای بەخاکسپاردنی ژینا لە سەقزەوە دەستی پێ کرد، دەبینین بە شێوازێکی دڕندانە لەگەڵ خەڵکدا هەڵسوکەوت دەکرێت و بە شێوازێکی زۆرەملێ ئەمانە دەستبەسەر دەکرێن و ئەوانە هەمووی جینایەتە و دەچێتە بواری جینایەتی دژی مرۆڤایەتییەوە. پێم خۆشە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئێمە بۆ جەختمان لەسەر ئەوەیە کە لەنێوان ئەم جینایەتانە (جینایەتی شەڕ و جینایەت دژی مرۆڤ) جیاوازیی دابنێین. ئەگەر لە بوارە یاساییەکەیەوە ئێمە بە جینایەتی شەڕی ئەژمار بکەین، زۆر لە شتەکان دەتوانین نکۆڵی لێ بکەین یان سزای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

(موجازات) تاوانی کەمتر بەسەر ئەو تاکە دەسەپێندرێت، بەڵام لە جینایەتی دژی مرۆڤایەتیدا کە بەهێزترە لە بواری یاسایی و دەوڵەتەکەدا لە کاتی ئاشتی و ئاسایشدا ناچار و ئەرکدارە پێبەندی بێت و ڕەچاوی بکات. بەو هەموو پیشێلکاریگەلە سزا و موجازاتێکی قورستر بەسەر ئەو تاوانبارە ئەسەپێت، لەبەر ئەوە زۆر زۆر گرینگە کە تەنانەت لە نووسینی ژورناڵیستەکاندا بەو بابەتە سەرەنج بدەن و بەرچاو بێت کە ئەم جینایەتە لەم کاتەدا کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی کوردستان و لە شارەکانی دیکەی ئێران دەیکات، جینایەتی دژی مرۆڤایەتی یان تاوانی دژە مرۆڤە و تاوانی کاتی شەڕ یا جینایەتی شەڕ نییە. ئاماژە بەمەش بکەم کە لە بواری یاساییەوە ببەستین؛ ئەگەر ئێران بەپێی ماددەی چواری کۆنڤانسیۆنی مەدەنی و سیاسی ڕایگەیاندبا کە لە بواری بارودۆخی نائاسایی من پێبەندی بڕێک لە کۆنڤانسیۆنەکان نابم، بارودۆخەکە نائاساییە و ناتوانم، دیسان دەمانتوانی لەسەر جینایەتی شەڕ قسە بکەین. بەڵام ئێران لەبەر ئەوەی کە ڕاینەگەیەنێت بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هیچ کێشەیەک نییە لەو مافە کە هەیەتی ماددەی چواری ئەم کۆنڤانسیۆنە کە هەڵیدەپەسێرێت، بڕێک لە ماددەکان ئەم کۆنڤانسیۆنە چۆن کاتی شەڕە هیچ لەسەر هیچ نییە، ئێران تا ئەو کاتە ئەوەشی ڕانەگەیاندووە. کەوابوو هەموو بەڵێنەکانی هەیە و چونکە پێشێلیان دەکات، تاوانی دژە مرۆڤ بەسەر ئەو کەسانە هەیە، هەم فەرماندەکان و ژێردەستەکانیان و تەنانەت لە دادگا ئورووپاییەکاندا دەکرێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

**کاروان مێراوی: ئەو تاوانانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم چ لێکەوتەگەلێکی نەرێنیی نێودەوڵەتی بۆ ڕێژیم لێ دەکەوێتەوە؟**

**د. فەراز فیرووزی:** بەداخەوە ئەو جۆرەی کە یاسای ناوخۆی هەر وڵاتێک هێزی یاسایی هەیە، هێزی بەڕێوەبەریی هەیە، بەداخەوە یاسای نێودەوڵەتی ئەو هێزەی نییە و زۆر دەبینین کە پێشێل دەکرێت. بۆ نموونە دەبینین کە هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین هەموو یاسا مرۆڤدۆستانەکان پێشێک دەکرێن، جینایەتی شەڕ و هەموو ئەو شتانە دەکرێت و تاکوو ئێستەش هەتا شۆرای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەیتوانیوە لەسەری تەنانەت بڕیارنامەیەک بڵاو بکاتەوە. ئەمە لەو بوارەوە کە یاسای نێودەوڵەتی نیسبەت بە یاسای نێوخۆی وڵاتەکان زۆر زۆر لە بواری جێبەجێکردنەوە و هێزی کەمترە و تابعێکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەداخەوە ئەوە ڕاستییە. بەڵام بە لە بەرچاوگرتن ئەمانەش زۆر ئاسارێکی نەرێنی بۆ ئێران بووە، ئەوی کە دەبینین ئێستە پێشنیار کراوە کە ڕەشنووسێک ئامادە بووبێ لەسەر ئەوەی کە ئێران ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای مەقامی ژنانە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە وابزانم یەک ساڵە دەستی بەم کارە کردووە و ئەندامە. ئێستە ئەو درفەتە و ئەو ڕەشنووسە ئامادە بووە کە دەربکرێت. ئەمە جۆرێک لە پرستیژی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیی ئەو وڵاتە لەنێو دەبات، کەس حیساب ناکا لەسەر قسەی. لەولاوە دەبینین کە کانادا دەستی بە گەمارۆخستنە سەر ڕێژیمی ئێران کردووە و من زۆرتر لە گەمارۆکانی کانادا، گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا زۆر بەهێزتر دەبینم، چونکە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێزێکی جێبەجێکاریی هەیە وەکوو یاسا لە هەموو وڵاتە ئورووپاییەکاندا بەڕێوە دەچێت و ئاسەوارێکی ماڵی و سیاسیی یەکجار لەسەر کۆماری ئیسلامی هەیە، بە شێوازێکی قۆناغ بە قۆناغ دەچێتە بەرەوە و هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێ دەبێت. ئەمە پارتی یەکی بووە واتە هەنگاوی یەکەم بووە کە دەست پێ دەکات و ئەمە بەڕاستی لە بواری ماڵییەوە دەست و باڵی ڕێژیم بە توندی دەبەستێت.

دەزانم کە گەمارۆکان گوشارێکی زۆری خستووەتە سەریان، دەستیان بە ئەو سەرچاوەی ماڵییە نییە. لە بواری ئەرزییەوە بەهۆی ئەوەی کە لە پارێزراویی دیپلۆماتیک کەڵک وەردەگرن و دێن کاری ڕەش دەکەن، واتە لە بازاڕی ڕەشی ئەرزدا کەڵ وەردەگرن و بۆ کڕینەکانیان لە چەک و لە هەموو شتێک کەڵک وەردەگرن، بەڵام زۆر کاریگەری لەسەر ئەو مەسەلەیە هەیە. ئەو گەمارۆیانە کە کانادا ئێستە سەپاندوویەتی، یەکیەتیی ئورووپا سەپاندوویەتی و چەند وڵاتی تریش بە جیا خەریکن لەسەر ئەو بابەتە کار دەکەن.

**کاروان مێراوی**: ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران لە کوردستان و بەلووچستان تاوانی زیاتر لە ناوچەکانی تری ئێران دەخوڵقێنێت و تەنانەت ڕەحم بە منداڵانیش ناکات و خەڵک کۆمەڵکوژ دەکات، پێتان وایە کاردانەوە جیهانییەکان لە بەرانبەر ئەو تاوانانەی ڕێژیم لە ئاستی پێویستدا بوون؟ (ئەگەر نە، بۆچی نە؟)

**د. فەراز فیرووزی**: بەداخەوە ئەمە ڕاستییەکە، کە نەک لە بواری یاسای نێودەوڵەتییەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و زۆر سەرنج بەمە نادات، هەر لە ناوخۆش وایە و هەر لە ناوخۆش ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش بە بیانووی ئەوەی کە ئەمانە ئەگەری هەیە (تەجزیە تەڵەبن) واتە جیاییخوازن. ئەم پرسە کە زۆر لەمێژە لە ئارادایە و دەبینین کە هەواڵەکان کوردستان و شارەکانی کوردستان یان بەلووچستان بەرچاو نییە، ئەوەندە ڕۆڵێکی گرینگ لە هەواڵەکانی ئێران نییە و بەداخەوە ئەوەش ڕاستییەکە کە زۆر پێویستە کە حیزبە کوردستانییەکان لەسەری کار بکەن، ڕێکخراوە کوردییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان کە ئەم پێشێلکارییە مافی مرۆڤە و تایبەتە ئەو عونسورە مەعنەوییە، تاوان - کە یەکێک لە ڕوکنەکان ئیرتکابی جورم یەکیان عونسور مەعنەوییە- ئەو عونسور مەعنەوییە کە لە کوردستان دەیبینین زۆر زۆر بەهێزترە ئەو ڕووداوە کە لە دەورەی فەتواکەی خومەینی بەرولادا هەیە لەسەر کوردستان، هەروا بەردەوام بەکار دەبرێت و لە بواری یاساییەوە هەر لەژێر کاریگەریی ئەو فەتوایەدا ئەو دڕندەییە چڕە زۆرتر لە کوردستان هەیە و ئەبینین لە بەلووچستانیش وا بووە. ئەو کۆمەڵکەسە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە زاهیدان کوژران، بەداخەوە ئەو ڕەنگدانەوە لە بواری یاسای نێودەوڵەتییەوە نەبوو و من لە تویتێر لەسەر ئەمانەشم نووسیبوون کە ئەوەندە بەرچاو و ڕەخنەیەکی زۆرم لێ گرت لە کەسانێک کە لە لەو بوارەوە کارە دەکەن وەکوو ڕیپۆڕتێری تایبەتی مافی مرۆڤ بۆ ئێران، باسم ئەوە بوو کە لە ساڵی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٠١٢ی زایینییەوە لە گوندێک لە سووریە هێزە ئەمنییەتییەکان یەکجار ١٠٨ کەسیان کوشت واتە ڕێژەیەک وەکوو زاهیدان بە فەوریەت بەخێرا هەموو وڵاتەکان کۆ بوونەوە و تەواو وڵاتە ئورووپاییەکان لە زۆرتر و گرینگەکەیان ئاڵمان، فەڕانسە، ئیتالیا بوو و ئوسترالیا لەولا بوو کانادا و ئامریکا لە ئامریکا بوو، ئەمانە کۆ بوونەوە و بەیاننامەیەکی سیاسییان دا و بە خێرا باڵوێزی سووریەیان لە وڵاتەکانیان دەرکرد و دواییش قۆناغ بە قۆناغ کارێکیان کرد کە باڵوێزخانەکان بەستران و پێوەندیی دیپلۆماتیکیان تەک سووریەشدا پچڕاند کە تاکوو ئێستەش لە زۆر وڵاتەکاندا بەردوامە. بەداخەوە کە دەبینین ئەو چاوە کە لەبەر چاوگریا بۆ سووریە، لەسەر کەیسی ئێران جێبەجێ نابێت و پشت ئەمەوە بابەتێکی سیاسیی هەیە. من پێم وایە کە یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا لەوە دەترسن کە دیسان شەپۆلێکی پەنابەر بەرەو بێتەوە لە ئێران بۆ ئورووپا و زۆر شتەکان لە بواری ئابوورییەوە دەبینن تاکوو مافی مرۆڤیتر و مرۆڤایەتیتر بابەتەکە سەیر کەن.

**کاروان مێراوی**: لایەنە سیاسییەکان و هەروەها ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤی کوردستان دەبێت چ ڕێکارێک بگرنە بەر بۆ ئەوەی کە ئەو تاوان و سەرکوتانەی ڕێژیم لەسەر خەڵک ڕابگیردرێت؟

**د. فەراز فیرووزی**: من وەکوو خۆم، وەکوو پارێزەرێک کە تایبەتی لە بواری یاسای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ کار دەکەم و ئێستاش لەگەڵ ڕێکخراوێکی بەناوبانگی کوردستان (ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو) لە مافی مرۆڤدا وەکوو ڕاوێژکار یارمەتییان دەدەم و کار دەکەم، بەردەوام ئێمە پێوەندیمان هەیە و لە ڕیپۆڕتەوە و بەدواداچوونەوە بگرە ... ڕیپۆڕتگەرێک کە بە شێوەی لێکۆڵینەوە لەسەر پرسەکە وەکوو چەکناسی، بۆ نموونە وەکوو ئەو چەکگەلە کە لەناو فیلمەکاندا بەڕوونی دیارن و بەکار هێراون، لەسەری کار دەکرێت و لە پسپۆڕی جیاواز بۆچوون وەردەگرین کە ئەم چەکە چ چەکێکە و چون ئەم چەکانە هەمووی بۆ کاتی خۆپێشاندان قەدەغە کراوە. لە یاسای نێودەوڵەتیدا زۆرتر لەسەر ئەو بابەتانە کار دەکەین و پێوەندییەکی یەکجار زۆرمان گرتووە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە لەسەر بابەتەکە لێکۆڵینەوە دەکەن. لەگەڵ چل ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی و کوردستانی و نەتەوەکانی تر وەکوو بەلووچەکانو و تورکەکان بەیانییەکمان ڕوو بە لێژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند و واژۆ کرد کە سەبارە بەو جینایەتانە داخوازیی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆمان کردووە و بەردەوامیش لەسەری کار دەکەین، لەسەر فیلمەکان کار دەکەین. ئەوەی کە وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بە پارەیەکی هیچەوە هەمووی ئێمە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە و بۆخۆمان لەسەر بابەتەکان کار دەکەین، تاکوو ئێستا باش چووینە پێش و دەبینین ڕیپۆڕتەکانمان لە زۆربەی ئەو ڕۆژنامە بەناوبانگە نێودەوڵەتییە بڵاو کرانەتەوە و ڕیپۆڕتەکانمان سەرچاوەن لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لە یەکیەتیی ئورووپا و لە زۆربەی بەیاننامەکان کە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکان بڵاوی دەکەنەوە، ڕیپۆڕتەکانی ئێمە هەیە و تاکوو ئەو جێگەیە کە بۆشمان بکرێت پلانێکمان هەیە لەسەر ئەوەی کە بتوانین لە بواری یاسییەوە بە شێوەیەکی کردەوەیی بتوانین لەسەر پێشێل کارانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و لە ئێرانیش سکاڵا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تۆمار بکەین.

**کاروان مێراوی**: ڕێژیمی ئاخوندی وەک پیشەی هەمیشەییی خۆی لە هەر ئەگەرێک کە لە ئێرانی سیاسیدا هاتووەتە ئاراوە، سیناریۆیەک دادەتاشێت. ئەم جارەش سیناریۆی بەندیخانەی ئێڤینی داتاشی، پێتان وایە ئەم سیناریۆیە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا لێکەوتەی جیاواز لە تاوانەکانی تر بۆ ڕێژیم لێی دەکەوێتەوە؟

**د. فەراز فیرووزی**: سەبارەت بە بەندیخانەی ئێڤین، بەڕاستی بەندیخانەی ئێڤین یەکێک لە مەترسیدارترین بەندیخانەکانە کە لە کاتی حەمەڕەزا شادا دروست بووە و دەستپێڕاگەیشتن بەو بەندیخانەیە زۆر دژوار و ئەستەمە، واتە ئەو جۆرەی کە لە بواری ئاسایشی کۆنترۆڵ دەبێت، دەستپێڕاگەیشتن زۆر زۆر ئەستەمە و تاکوو ئەم کاتەش ڕیپۆرتێکی سەربەخۆ لەسەر ئەو بەندیخانەیە نابینین. ئەبینین دەوڵەتی ئێران تاوێک لەسەر بابەتێک بە شێوازێک قسە دەکات و ئەوەی گرینگە هەر لەو بەیاننیامەیەدا کە ئێمە بڵاومان کردووەتەوە و داوای لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ کراوە کە تاکوو ئێستا دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران لەسەر کار بوو، یەک جار ڕیپۆرتێری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان توانیویەتی سەردانێکی بەندیخانەی ئێڤین بکات، "گالیندۆ پۆل" بوو و ئەو کاتە کە ئەویش بە شێوازێکی ناتەواو نەیتوانیوە ڕیپۆرتێکی گونجاو لەسەر ئەو بەندیخانەیە بنووسێ و ئامادە بکات. ئەم بەندیخانەیە بۆ یاساناسەکان و بۆ ئەو کەسەی کاری مافی مرۆڤی دەکا زۆر نەناسراوە. وا دیارە کە شۆڕشێک بووە و وا دیارە کە سەرهەڵدانێک بووە لەنێو بەندیخانەکە و بەتایبەت لەنێو بەندی سیاسییەکاندا کە لەنێوانیاندا لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان تێکهەڵچوون دروست بووە کە بەداخەوە لە چەکی قورس کەڵکیان وەر گرتووە و برێک تەقینەوە و شتیش بووە کە تاکوو ئێستە ڕاستییەکەی کەس ناتوانێت بە تەواوەتی لەسەری قسە بکات کە بە چ شێوازێک بووە، تەنانەت ڕێژەی کوژراوەکان و بریندارەکان تا ئەم کاتە نادیارە و ئەمە بەڕوونی تاوانی دژە مرۆڤە و هەموو کۆمەڵگەی مافی مرۆڤی نیگەران کردووە. لەسەر ئەو بابەتانە بەداخەوە ئەو دەستپێڕاگەیشتنانە نییە و دەوڵەتی ئێران ئەو ڕێگەیە نادات، بەڵام بەردەوام دەبینم کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وەزاراتی دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژاوایی لەسەر بابەتە قسە دەکەن. دەبێت چاوەڕوان بین بزانین کە چی دەبێت، بەڕاستی تاکوو ئەو ڕوون و دیار نەبێت کە چی بووە و چی ڕووی داوە و چ خوڵقاوە لەوێ، ناتوانین لە بواری یاسای نێودەوڵەتی و یاساکانی دیکەوە لەسەری قسە بکەین.

**کاروان مێراوی**: سەرەڕای ئەو گشتە تاوان و جینایەتانەی ڕێژیمی ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو و بەتایبەت لەم یەک مانگەدا لەسەر خەڵکانی ناڕازی و ڕاپەڕیو، بۆچی ئەو ڕێژیمە لە کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەت کۆنڤانسیونەکانی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی منداڵان و مافەکانی ژنان دەر ناکەن؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**د. فەراز فیرووزی**: زۆر سپاس بۆ پرسیارەتان. زۆر بەرچاوە ئەم دەرکردنە لە کۆنڤانسیۆنەکاندا بەخۆشییەوە پێشبینی کراوە. ئەڵبەت جێگەی ئاماژەیە کە ئێران تاکوو ئێستەش کۆنڤوانسیۆنی مافی ژنانی نە واژۆ کردووە و نە پەسەندی کردووە، بەڵام کۆنڤانسینی منداڵان و ئەو دوو کۆنڤانسیۆنەکەی تری واژۆ و پەسەند کردووە و بەپێی یاسای نێوخۆییش دەبێت پێبەندی بێت و پێشێلی دەکات. ئەو پێشێلەکردنەیش پێشبینی کراوە لە کۆنڤانسیۆنەکە و لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکەدا کە ئەگەر هەر وڵاتێک بە شێوەیەکی زەق بە تەواوەتی ئەم مافانە کە لێرە بە ڕوونی تیشکی خراوەتە سەر، پێشێل بکرێت. ئەوە وڵاتەکانی دیکە دەتوانن لە ڕێگەی میکانیزمی تایبەتی هەر کۆنڤانسیۆن بە خۆیە کۆ ببنەوە و لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەسەری قسە بکردرێت و تا ڕادەیەک دەرکردنی ئەو وڵاتە لەو کۆنڤانسیۆنە. بەداخەوە تاکوو ئێستە ئەو ئیرادە سیاسییە نابینین کە تەنانەت لە بواری یاساییەوە کە وڵاتەکان ئەو مافەیان هەیە پرسیار بکەن. وەک ڕێککەوتننامەی نێوان دوو کەس کاتێک یەکێک لە کەسەکان پێشێلی دەکات، ئەوەی دیکە مافی هەیە پرسیار بکا بۆ پێشێل دەکرێت و ساز و کارەکەی ڕەچاو بکرێت کە لە کۆتاییدا ئەو کەسە لەو کۆنڤانسیۆنە دەربکرێت. بەداخەوە تاکوو ئێستەش ئەو ئیرادە سیاسییە نابینین و جێگە ئاماژەشە من ئەو جۆرە کە لەگەڵ یاساناسانی ڕۆژاوایی یان ژۆرناڵیستەکان ئەم بەینە پێوەندیم بووە، بەداخەوە ئەوان بەس حیجاب وەکوو داواکاریی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵات دەبینن و زۆر گرینگ و پێویست لەسەری قسە بکرێت کە ڕۆژاواییگەلە ئاگادار بکردرێنەوە و زانیاریی زۆرتریان پێ بدرێت کە حیجاب تەنیا بەشێک لە داواکاریی ژنانی کوردستان و ئێرانە و داواکاریی خەڵکی ئێران زۆر زۆر لەم بابەتانە فرەتر و گەورەترە. خەڵک خوازیاری گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسین کە بەداخەوە هێشتا ڕۆژاواییەکان لەسەر ئەوە گومانیان هەیە و بەپێی ئەوە دەبینین ئەو سیاسەتە و ئەو ئیرادەی سیاسییە بوونی نییە کە ئەو ساز و کارە مافی مرۆڤگەلە کە تایبەت بە خۆی لە هەر جێگەیەکدا لە هەر کۆنڤوانسیۆن و ڕێککەوتنامەیەکدا هەیە، تایپ بکەن و پرسیار بکەن و سازوکار یاساییەکەیان گەرەک بێت.

**کاروان مێراوی**: داهاتووی ئەم ڕاپەڕینەی خەڵکی کوردستان و ئێران و هەروەها ئاسۆی کورد چۆن دەبینن؟

**د. فەراز فیرووزی**: هەر ئەو جۆرەکە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا جوابم داوە، من زۆر خۆشبینم بەو جووڵانەوە و بەم خۆپێشاندانە. چون هەروا کە ئاماژەم پێ کرد، جۆری عونسۆر مەعنەوی کە ئەو تێگەیشتنە سیاسییە و ئەو پوختەگییە سیاسییە لەناو خەڵکدا دروست بووە، دەبینین لە منداڵێکی قوتابیی هەشت و نۆ ساڵەوە ئەو تێگەیشتنە سیاسییە دەستی پێ کردووە تا پیرپیاوێکی هەشتا ساڵە. واتە ئەوەندە خەڵکەکە ئاگادار بوونەتەوە جار بە جارێک کە من لەگەڵ کەسانێک قسە دەکەم، بەڕاستی سەیرە بۆم لە تێگەیشتنی سیاسییان، زۆر زۆر سەرم سوڕ دەمێنێت کە ئەوەندە خەڵک ئاگادارە و ئەوەندە زانیاریی بڵاو هەیە سەبارەت بە بوارگەلی جۆراوجۆری یاسایی، ئابووریی، سیاسی و ...، ئەمە جێگەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆشحاڵییە و هەر ئەوە ناهێڵێت کە ئەم جووڵانەوەیە بخەوێت، یانێ من زۆر زۆر خۆشبینم بەو جووڵانەوەیە. هەر چەند کە ناتوانین کاتێکی بۆ دیاری بکەین بێژین کە ئەم کاتە بە ئاکام دەگات و ئاکامی لەو کاتە دەبێت، بەڵام ئەو جووڵانەوەیە کە هاتووەتە ئاراوە و ئەو زانیارییانەی کە خەڵک هەیەتی و ئەو تێگەیشتنە سیاسییە کە پێی گەیشتوون و لەسەری کار دەکەن، هەر ئەوەیە کە خەڵک دێنێتە سەرشەقام و خەڵک دێنێتە سەر خەت و بەم ڕاحەتییە هەر چییش کۆماری ئیسلامی وەحشییانەتر و دڕندانەتر لەگەڵ خەڵک هەڵسوکەوت بکات. دیسان ئەم عۆنسۆرە سیاسییە و ئەم تێگەیشتنە سیاسییە ڕێگە نادات ئەم حەرەکەتە بەم ڕاحەتییە بخەوێت.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێم خۆشە جەخت لەسەر ئەو بابەتە بکەمەوە کە دەبینین ئێرانییەکان تەنانەت لەسەر ناوی مەهسا و ژینا کە دایکی وەکوو ژینا قاوی لێ دەکات، لەسەر مەزارەکەی دەبینین دایکی بە ژینا بانگی دەکات، بە ژینا دەیناسێنێت. تەنانەت لەسەر ئەوەش حەساسییەتیان هەیە بە جۆرێک دەتوانین بڵێین ناو کلۆنیالییەکەی زیاتر بەکار دێنن و زۆریان پێ خۆشە هۆڤییەت کوردی لەبەین بچێت و ئەمە شتێکی بەرچاوە. تەنانەت لە هەواڵی کاناڵە فارسییەکانیشدا دەیبینن کە لە سنە خەڵکیان بەستووە بە ڕەگبار و بۆ نموونە لە تەلەفیزیۆنە فارسییەکان دەبینین دەڵێن لە شەقامی هێن مەرگ بەر دیکتاتۆر دراوە، لە کاتێکدا کە هیچ پێوەندییەکیان بە یەکترەوە نییە. لەوێ خەڵک بە چەکی قورس و نیوە قورس بە ڕەگبار دەبەستێت لەگەڵ ئەوەی کە کەسێک دروشم دەدات و هیچیان بەسەر نایەت، ئەمە بەراورد ناکرێت و من وەکوو خۆم پێم وایە کە ترس لەم شتە هۆکارێکی سیاسی لە پشت ئەم بابەتەوە هەیە کە پێیان وایە زۆربەی ئەوانە کە هەڵدەگەڕێنەوە بۆ پانئێرانیزم و ئەوانە وا دەزانن کە لە قۆناغێکدا بابەتەکان نوێتر و لێبڕاوانەتره دەبێت، ڕۆژهەڵات وەکوو ڕۆژاوا ڕێگەی خۆی ئەچێ بەر لە ئەولا دەچێت، ئەمە تۆزێک ترساندوویانییە کە بە شێوازێکی سیستماتیک و زیرەکانە هەواڵەکانی کوردستان نکۆڵی لێ دەکەن و بڵاوی ناکەنەوە. هەواڵەکان زۆر بە ڕۆژ ناکرێت، کە من ئەمە بە قەست دەیبینم، بە جۆرێک نییەت لە پشت ئەم بابەتەوە هەیە یا باشتر بێژم مەبەستێکی خراپ لە پشت ئەو بابەتەوە هەیە. جا من پێشنیارم ئەوەیە دەسەڵاتە سیاسییەکانمان حیزبەکانمان، حیزبە کوردستانییەکان زۆرتر لەسەر ئەو بابەتە کار بکەن و ئاگاداری ئەو باس و بابەتانە بن لە دانوسنانەکاندا زۆر پێویستە پتر بەرگری لە هۆڤییەتی سیاسیی خۆمان، شوناسی سیاسیی خۆمان، داخوازی سیاسیی خۆمان بکەین و بە هەر نرخێک بوو پارێزراو بێت. بە بۆچوونی من لەسەر هەر شتێک وتوویژ و دانوستان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ناکرێت تا ئەو ناسینە لە داخوازییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەیەتە ئاراوە. من لێرەدا لەسەر ئەوە قسە ناکەم کە ئێمە سەربەخۆییخوازی تەواوین و فیدراڵیخوازین یان کۆنفدراڵخوازین یان هەر شتێکی تر، من وەک یاساناسێک ئەمە مافی بنەڕەتیی کوردە لە ڕۆژهەڵات و لەم کاتەدا لە چوارچێوەی سیاسی ئێراندا هەین دەبێت مافەکانمان پارێزراو بێت. ئەو دانوستانە دەکرێت، ئەو جووڵانەوەیە کە لەگەڵ ئێرانییەکان دەکرێت لە داهاتوودا دەبێت ڕوون بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات، دەبێت بەرچاو بێت و شێ بکەنەوە چی ئەدەین و چی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەگرین، ئەوە زۆر گرنگە و بە تەواوەتی لەگەڵ دانوستان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا هەم و هەموو باڵەکان (جیناح) گشت بزووتنەوەکان، بەڵام بە مەرجێک کە شناسایی یاسایی سەبارەت بە مافی کورد شی بکرێتەوە. زۆر پێم خۆشە کە حیزبە کوردستانییەکان ڕەشنووسێکیان هەبێت، ناوی هەرچی دەنێن، ناوی دەنێن یاسای کاتیی بنەڕەتی یان هەرچێک کە ناوی دەنێن، کە لێرە لێژنەیەکی یاسایی بەهێز لەگەڵ هاوپارالێلێک لەگەڵ ناوەندی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان ئەم دەرفەتە بێننە ئاراوە و لە هەموو دانوستانەکاندا وەکوو ڕێکەوتننامەیەکی یاسایی بەرچاو بێت کە لە هێڵە سوورەکانمان لا نەدەن. ئەوە خەڵکی کوردستان هاتوونە سەر شەقام، خەڵکی کوردستان کوژران، خەڵکی کوردستان لە ناوخۆ لەژێر گوشار و ئەشکەنجەدا مافی ئەوەی هەیە کە بزانێت بەندکراوە سیاسییەکانمان چی دەکەن، حیزبە کوردستانییەکان پیلانیان بۆ داهاتوو چییە. ئەو کاتە کە بانگەواز دەکەن و خەڵک بانگهێشت دەکەن بۆ سەرشەقام بۆ مانگرتن ،ئەو لای ئەو مافە کە خەڵک هەیەتی ئەوەیە کە خەڵک پرسیار بکات؛ دەی باشە پلانی ئێوە چییە بۆ داهاتوو؟ لە ئەگەری هەر گۆڕانێکدا چۆن مافی ئێمە پارێزراو دەبێت لە داهاتووی ئێراندا؟

**کاروان مێراوی**: کاک د. فەراز زۆر سپاس بۆ ئەوەی کاتی پڕکاری خۆتان تەرخان کرد و لەم هەڤپەیڤینەدا هاوکاریی ئێمەتان کرد.

**د. فەراز فیرووزی**: سپاس بۆ ئێوەش و هیوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازم.

**دابەزاندنی دەنگ: ئارەزوو ئەندووده**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بازرگانان پشت لەبۆرسەو بانکەکانی ئێران دەکەن

### پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ خۆپیشاندانەکان زیاتر دەبێت




**هاوڵاتی**

سەرەڕای هەڕەشە بەردەوامەکانی بەرپرسانی ئێران لەخەڵک و سەرکوتکردنی بەردەوامی هێزە ئەمنییەکان، کەچی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی بازنەی نارەزایەتییەکانی ئێران فراوانتر دەبێت و توێژ و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا زیاتر بەشداری لەو سەرهەڵدانانەدا دەکەن کە لەدوای کوژرانی ژینا ئەمینی کچە کوردی خەڵکی سەقزەوە بەبیانوی نەبەستنی لەچکەوە سەریهەڵداوەو ٤٠ ڕۆژەی تێپەڕاندووە، هاوکات جگە لەڕووە ناوخۆییەکەی، لەئاستی دەرەوەو وڵاتانی ڕۆژئاوایشدا تا دێت پشتگیری خۆپیشاندەران زیاتر دەبێت، تەنانەت (جەستن ترودۆ)ی سەرۆک وەزیرانی کەنەدا خودی خۆی بەشداری خۆپیشاندانێکی ئێرانییە نارازییەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتەی کردو ڕایگەیاند لەدوای ڕووخانی ڕژێمی ئێران کەنەدا شوێنێک نییە بۆ پاراستنی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران، هاوکات ئیدانەی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی کردو ڕایگەیاند ئەو بۆ پشتگیری لە ئێرانییەکان بەشداری خۆپیشاندانەکەی کردووە.

بڕیاروایە ڕۆژی چوارشەممە ٢ی تشرینی دووەم حکومەتی ئەمەریکا پرسی خۆپێشاندانەکانی ئەمدواییەی ئێران بباتە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و هەریەکە لە جاوید ڕەحمان نێردەی ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی تایبەت بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێران، شیرین عەبادی براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و نازەنین زاغەری، ئەکتەری سینەما و چالاکڤان، لە کۆبوونەوەکەدا قسە بکەن.

**ئاژانسی رۆیتەرز** سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڵاویکردووەتەوە، «لە کۆبوونەوەکەدا بە وردی باس لە سەرکوتی ئەمدواییەی کچان و ژنان و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی ئێران دەکرێت.» لەڕاگەیەندراوێکیشدا وەزیرانی دەرەوەی ١٢ وڵات، کە هەموویان ژنن و بریتین لە وەزیرانی دەرەوەی ( فەرەنسا، ئەڵمانیا، کەنەدا، نیوزلەندا، نەرویج، ئایسلەند، کۆسۆڤۆ، لیبیا، لیختنشتاین، نەمسا، ئەندۆرا و ئەلبانیا) سەرکۆنەی مامەڵەی ئێران لەگەڵ خۆپێشاندەران دەکەن و بە «سەرکوتکردنی مافی ژنان» تۆمەتباری دەکەن و دەڵێن: «وەکو خانمە وەزیرانی دەرەوە، هەست بە بەرپرسیارێتیی هاودەنگبوون لەگەڵ ژنانی ئێران دەکەین.»

هاوکات لەهەریەکە لە وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیسرائیل و ئیتاڵیا و چەندین ناوچەی دیکە بەهەزاران کەس بۆ پشتیوانی لەخۆپیشاندەرانی ئێرانی هاتنە سەر شەقامەکان و داوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەسزا گەیاندنی بەرپرسانی ئەو کۆمارەیان کرد کە دەستیان بە خوێنی خۆپیشاندەران سوورە.
ئەمە لەکاتێکدایە لە چلەی ماتەمینیی ژینا ئەمینیدا، ئەمریکا سزای نوێی بەسەر ئێراندا سەپاند کە 14 کەسایەتی و سێ دامەزراوە دەگرێتەوە و بەرپرسن لە سەرکوتکردنی خۆپێشاندەرانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان. لەوبارەیەوە ڤێدانت پاتێل، جێگری وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت، «بەرپرسانی ئێران ڕووبەڕووی کێشەکانی دەستی خۆیان بوونەتەوە، و بەردەوامیشە لە تۆمەتبارکردنی ئەمریکا بە هاندانی خۆپێشاندەران. با ڕوونبین، ئەم خۆپێشاندانانە لەبارەی خەڵکی ئێران و داواکارییەکانیانە، هاوکات ئێمە لە هەوڵی ئەوەشداین زۆر هۆشیاربین نەکەوینە داوی زانیارییە هەڵەکانی ئێران کە گوایە ئەمریکا لە پشت خۆپێشاندانەکانە.»

ئەمریکا مەترسی ئەوەشی خستۆتە ڕوو کە ڕەنگە ئێرانییەکان سود لەئەزموونی ڕووسەکان ببینن بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران و کارین جین پیەر، وتەبێژی کۆشکی سپی دەڵێت، «ئێمە نیگەرانین لەوەی کە لەوانەیە مۆسکۆ راوێژ بداتە ئێران لەسەر باشترین شێوازی ئیدارەدانی خۆپێشاندانەکان. ئەزموونی فراوانی ڕووسیا لە سەرکوتکردنی خۆپێشاندانەکان بەکاربێت.»

لەبەرامبەریشدا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، ناسر کەنعانی رایگەیاندووە، بە سەپاندنی سزا بەسەر کەسایەتی و دامەزراوە ئەمریکی و کەنەدییەکان وەڵامی ئەو سزایانە دەدەنەوە کە لە لایەن ئەمریکا و کەنەدا سەبارەت بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گیانلەدەستدانی مەهسا ئەمینی و ئەو نارەزایەتیانەی کە دواتر لەو ولاتە دەستییان پێکرد، بەسەر ولاتەکەیدا سەپێندراون.

سەرەڕای بەردەوامی خۆپیشاندانەکانیش رۆژی شەممەی ڕابووردوو (٢٩ی تشرینی یەکەم) حکومەتی ئێران چەند کەسێکی لە چالاکانی نارەزاییەکان دادگاییکردووەو تۆمەتی «فەساد لەسەر زەوی، دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی ئیسلامی»، داوەتە پاڵیان ، هاوکات پەرلەمانی ئێران رۆژی یەکشەممە(٣٠ی تشرینی یەکەم ) دەنگی لەسەر پرۆژە یاساییەکدا بۆ زیادکردنی موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و سەرباز و پۆلیسەکان بەرێژەی لەسەدا ٢٠ ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ کپکردنەوەی خۆپیشاندانەکان.

لەلایەکی ترەوە حکومەتی ئێران هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی رۆژنامەنوسانیشی دەستپێکردووە و تۆمەتی ئەوەی داوەتە پاڵ رۆژنامەنوسان کە لەدەرەوەی ئێران خولی ڕاهێنانیان بۆ چۆنیەتی رووخانی رژێم بینیووە، لەبەرامبەریشدا لەڕاگەیەندراوێکدا ٣٠٠ رۆژنامەنوس هەڵمەتێکیان بۆ ئازادکردنی هاوپیشەکانیان دەستپێکردووەو داوایانکردووە دەسەڵاتداران دەستگیرکراوەکان ئازادبکات و ڕێگە لەکاری رۆژنامەنووسی نەگرێت.
بەپێی زانیارییە رۆژنامەوانییەکانیش لەچەند رۆژی ڕابووردوودا زیاتر لە ٣٦٥٠ ملیار تمەنی ئێرانی لە بۆرسەکانی ئێران ڕاکێشراونەتەوەو تاوەکو ئێستا فرۆشتنی پشکەکان زیاتر لە پرۆسەی کڕینی پشک و بازرگانان پشکەکانیان دەفرۆشن.

رۆژی ١٣ی ئەیلوول، پۆلیسی ئیرشادی تاران بە پاساوی «پابەند نەبوون بە یاساکانی جلوبەرگی ئیسلامی» ژینا ئەمینیی تەمەن ٢٢ ساڵی دەستگیر کرد، دوای دەستگیرکردنیشی رەوشی تەندروستی ئەمینی تێکچوو و گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانە و لە رۆژی ١٦ی ئەیلوول لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا و رۆژی ١٧ی ئەیلوول لە شاری سەقز بە خاک سپێردرا و دوای رێورەسمی بەخاکسپاردنەکەش خۆپیشاندان دروست بوو کە لە ماوەیەکی کەمدا، شەپۆلی خۆپیشاندان و نارەزاییەکان زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتەوە.

بەپێی دوایین ئامارەکانی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە سەرەتای خۆپێشاندانەکانەوە تاوەکو ئێستا نزیکەی ٣٠٠ کەس کە زیاتر لە ٣٠ کەسیان منداڵبوون بە تەقەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران گیانیان لەدەستداوە و خۆپیشاندانەکانیش بەردەوامییان هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ریکەوتی: ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خەریکی خوڵقاندنی مێژوویەکی تایبەت بە خۆمانین



**س ج**

شۆڕش لە وڵات هەڵگیرساوە و هەنگاو بە هەنگاو و بە شێوەیەکی مێژوویی بەرەوپێش دەچێت. خۆڕاگریمان لە کونکون بوونی جەرگی باوکی شەهید کۆمارەوە فێر دەبین کە هەموو ئەم زامەی بۆ نیشتمان و ئازادیی ڕۆڵەکانی کورد داپۆشی. هەموو دنیا باسی ئەکات کە نابێت گەلێک بە بێ فانتازیا و نۆستالژییەکی مێژوویی، هێندە ئاستی جیهانبینی و بروا بەخۆبوونی بەرز بێت؛ هێشتا زووە و لە کاتی گەیشتن بە سەروەری، تاقوەسانی کرماشان و ئاسەوارە مێژووییەکانی ئورفایان پێ پیشان ئەدەین و باسی پێشەوایان بۆ ئەکەین، هەتا بزانن داگیرکەران خەریکی کاولکردنی چ مێژووییەکی پڕشکۆ و پڕسەروەری بوونە و نەیانتوانیوە بیرەوەرییەکانی لە ڕۆحی گشتیی نەتەوەکەماندا بسڕنەوە.

لەم چل و چەند ڕۆژە لە ڕاپەڕین و بەرخوداندا، دەسکەوتەکان و لە دەستچووەکان هێندە زۆرن کە نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵات لە بارێکی ئاڵۆزی سایکۆلۆژیدان و ئێمە لە شۆکداین کە لەم هەلومەرجەدا شتێکی ئاساییە.

ڕێگامان وا پێواوە کە بە ئاواتەکانی سەد ساڵەمان بگەین و هێورکردنەوەی مێشکمان بۆ گرتنی ژیرانەترین هەڵوێست و تێگەشتن لەم قۆناغە پێویستە. تاک بە تاکی کورد لە ئیلام هەتا ماکۆ، دڵسۆز و خەمخۆری کۆمار و کۆمارەکانن و لە بیری داهاتووی ڕوون بۆ ئەوانن کە بێشک تەنیا لە سەروەریی نەتەوەییمان پارێزراو دەبێت. گەلی سیاسەتمەدار و ڕامیاری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کورد تێگەشتنیان هەیە و بڕوایان بە دەستەی ئێلیت و حیزبەکان هەیە و دەبێ گەل و ئێلیت هاوهەڵوێست بن و بۆ داهاتوو خۆ ئامادە بکەن.

ناوەندی هاوکاری و حیزبە سەرەکییەکانیتر بێ هەڵە نین، بەڵام گەل لە بیری نەچووبوو کە دەستەی ئێلیت و حیزبەکانیان ژیرایەتیی قاسملوو و دڵسۆزیی کاک فواد و کۆڵنەدەریی ڕێزان جاویدیان بۆ بە میرات ماوەتەوە.

لەم هەلومەرجەدا ئاگابوون لەوەی کە دەبێ چی لەدەست بدەین بۆ ئەوەی هەندێک شتی تر بەدەست بێنین حەیاتییە.

دەسکەوتەکان هێندە زۆربوونە کە بۆ ئێمە بڕوا پێ نەکراوە و ئەمە مەترسیدارە، بارێکی دەروونیی بۆ ڕەخساندووین کە نامانهەوێت هەندێک لەم دەسکەوتە تازەپێگەشتووە ناسەقامگیرانەمان بۆ دەسکەوتی گەورەتر و سەقامگیرتر خەرج بکەین، نابێت لە بیرمان بچێت کە گرینگترین شت گیانی ڕۆڵە ئازیزەکانی کوردستانە! لە بیرمان نەچووە کە دڵۆپ دڵۆپ و بە زۆر ئەو تۆزە بونیاتە ئابوورییەمان لە ناوەند ئەستاندووە... بالانسکردنی تێچوو و دەسکەوت، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە بەتایبەت لەم دۆخە هەستیارەدا. دەبێ لە بیری بالانسی نێوان ئاواتە مێژووییەکانمان، هێزمان، تێچووی شۆڕش و ... بین. پلاندانان بۆ داهاتوو و نان خواردنی پاروو بە پاروو، بەهێزمان دەکات بۆ گەیشتن بە ئاواتە مێژووییەکانمان و کەمکردنی تێچووی شۆڕش.

باری ئێمە لە باری هیچ گەلێک و تەنانەت هیچ کاتێک لە مێژووی خۆشمان ناچێت، بۆیە خەریکی خولقاندنی مێژوویەکی تایبەت بە خۆمانین.

پرسیار ئەمەیە: ئێلیتی کورد ئاگرهەڵگری ژیرایەتی کوردن کە بە بێ سەروەری و تەنانەت لە دەرەوە ئەو گەلەیان پەروەردە کردووە؟ یان گەلی کورد ئاگرهەڵگری ژیرایەتیی کوردن کە ئەو ئێلیت و حیزبانەیان لێ هەڵکەوتووە؟ یان ئەم دووانە هاوتەریبی یەک، ئاوا گەشە دەکەن؟

ئەمە ئەو پرسیارە گرینگەیە کە بێگومان ڕوانگە و لێکدانەوەی جیاوازی لە سەر ئەکرێ، دڵنیا بن دوای سەرکەوتنی شۆڕش، لە زانستگەی کرماشان بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەرەو ئازادی



حوسێن کوردنەژاد

ئەنجام و ئاکامی ئەم شۆڕشە نە دەبێتە ئەوەی کە من پێشبینی دەکەم و نە پێشبینی و تیۆرییەکانی پێشتر داڕێژراوی خەڵکانی تر. هەرلایەنێکیش بە بەرنامەی لەپێشدا داڕێژراوەوە بێتە پێش و بەشدار بێت و دەور بگێڕێت، تەنیا دەتوانێ ئەنجام و ئاکام لاوازتر بکات.

ئەنجام و ئاکام گرێدراوی گفتوگۆ و لەیەکتێگەیشتنە، ئەو دەرئەنجامەیە دەبێتە سیاسەت لە داهاتوودا، ئەم ئەسڵە هەم بۆ نێوخۆی ئێران و هەمیش بۆ ئاکتەرەکانی دەرەوە لەجێی خۆیدایە.

بۆیە لایەنە سیاسییەکانی ئێران، کەسایەتی و ئەحزاب پێویستە؛ ژن، ژیان، ئازادی، بکەنە بنەما بۆ گفتگۆکانیان و هەرهەموویان گریمانەکانی ئایدۆلۆژیک و ڕابردووی خۆیان لەبیرکەن. بنەمای ئەم درووشمە دیاریکردنی مافی چارەنووسی خەڵکە لە ئێراندا، جا چ تاک بن یان میللەتی جیاواز، قبووڵی بنەماکانی مافی بڕیاردانی خەڵک لەسەر ئیدارەدانی سیاسەت و ئابووریی خۆیان ناوەرۆکی ئەم درووشمەیە. پرسیار بۆ هەموو لایەنەکان ئەوەیە داخوا ئەم ئەسڵەیان قبووڵە؟ بۆیە ئەگەر لایەنەکانی میللەتی سەردەستی فارس خوازیاری ژیانی هاوبەشن، هەڵوێستی خۆیان لەسەر ئەم ئەسڵە دیمۆکراتیک و ئینسانییە ڕابگەیەنن و بە دوور لە هەموو دیسکۆرسە کۆن و نادیمۆکراتیکەکانی ڕابردوو، بەرەو دیالۆگ و گفتوگۆ هەنگاو هەڵبێنن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کورد و میللەتانی تری ئێرانیش، هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بەم ئەسڵە دیاریبکەن و بە دوور لە پێشکەشکردنی پاکێجی لە پێشدا ئامادە کراو و بەم جۆرە بەرەو گفتوگۆ و دیالۆگ هەنگاو هەڵبێنن.

بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی داهاتووی ئێران، ئەم گفتوگۆ و دیالۆگە گرنگ دەبێ و خودی ئەم دیالۆگە بۆ گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ هاوپەیمانانی نێودەوڵەتییش دەوری بڕیاردەری دەبێت. بۆیە قبووڵی یەکسانیی یەکتر پێشمەرجی سەرکەوتنە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## چیمان بەسەر دێت؟



**دڵشاد هەورامی**

"ئەگەریش وای دابنین کە کۆماری ئیسلامی ناچار دەبێت بۆ مانەوەی خۆی سازش لە گەڵ شەقام بکات، ئەوە شەقامێک کە سازشی لە گەڵ دەکرێت شەقامی تارانە نە سنە و مەهاباد"



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کودتای سپای پاسداران

هاوخەباتی کورد و فارس تا کوێ

ترس

نوسینی: دڵشاد هەورامی

١١،٨،١٤٠١

پێویست بە دووپات کردنەوەی ئەو ڕاستیە ناکات کە، دەمێک ساڵە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەر هەموو ئێراندا گرتووە.
ئەوەی ئێستا هەیە باڵادەستی و خاوەن بڕیاری سپای پاسداران و فەرماندەکانیەتی، بە دیاریکراوی لە کەرتی ئابوری و نیزامی و دیپلۆماسی وەڵاتدا.

خامنەیی خۆی بەشێک و لە ئەسڵدا خاوەنی ئەم دەوڵەتە سێبەرەیە کە، تەواوی سەرۆک کۆمارانی ئێران لە دوای ڕەفسەنجانیەوە لە قۆناخێکدا لە گەڵی توشی کێشە بوون. تۆرانی ئەحمەدینژاد و فایلە دەنگیەکەی جەوادی زەریف دوو لەو دەیان نمونانەن کە باڵادەستی و خاوەن بڕیاری بەیتی خامنەیی و سپای پاسداران تەنانەت بەسەر دەوڵەتی هەڵبژێردراوی خۆیاندا ئەسەلمێنن.

## کودتای سپا

بە دیاریکراوی لە گەڵ هەڵبژێردرانی ڕۆحانی بۆ دەوری دووەمی سەرۆک کۆماری، باسی کودتای سپای پاسداران بەسەر دەوڵەتی بە ناو شەرعی وەڵاتدا جار بەجار لە میدیاکاندا گەرم دەبێت. هیچ دوور نیە چ ئەوکات چ ئێستاش بڵاوبوونەوەی وەها دەنگۆیەک بە مەبەستی ئامادە کردنی کۆمەڵگا بێت لە باری دەرونییەوە بۆ ڕووداوێکی لەو چەشنە، لە داهاتویەکدا کە لە ڕێگاکانی پاراستنی ڕژێم تەنیا دیکتاتوری چەک دەمێنێتەوە.

## کێ نالێت ئێستا کاتیەتی!؟

شۆرشی ژن ژیان ئازادی کۆمەڵگای ئێرانی خستوەتە دۆخێکەوە کە گەڕانەوەی بۆ نییە. هاودەنگی خەڵک، ڕوانەوەی ترسی فارسەکان لە لەت لەت بوونی وەڵات بە ڕێژەیەکی زۆر، مقاومەت و لە شەقام مانەوەی خەڵک و لە پاڵ هەموو ئەمانەدا ئەو هاودەنگی و هاوسۆزیە جیهانیە کە لە مێژوودا کەمتر بینراوە، کۆماری ئیسلامی ئێران ناچار دەکەن کە لە نێوان ڕۆیشتن و مانەوە بە قیمەتی وێران کردنی وەڵات یەکیان هەڵبژێرێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەزموونی کۆماری ئیسلامی لە سوریە پێمان دەڵێت کە بژاردەی ئاخوندەکان شەڕ کردنە تا ئاخر فیشەک و دوا کۆڵان، ئەڵبەت ئەگەر لە ناوخۆیاندا توشی چەند بەرەیی و لە کۆتایدا هەڵتەکانی گەورە نەبن.

## چی دەگوزەرێت

لە هەفتەی سێهەمی ڕاپەڕینی ژیناوە، ئەو کەسانە کە بەدواداچوون بۆ دەزگای ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی ئەکەن ئەبینن کە کۆی قسەی ڕژیم لە کاناڵ و زاری سەرانی سپای پاسدارانەوە دەکرێت، ئەمە لە حاڵێکدایە تا هەفتەی سێهەم فەرماندەکانی هێزە ئینتیزامیەکان و وتەبێژی دەوڵەت و دەزگای دادوەری و ...بوون کە ڕۆژانە ڕاگەیاندراو و قسەو باسی دەسەڵاتیان بە خەڵک ڕادەگەیاند.

ئاشکرایە کە ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک وەڵات لە دەستی فەرماندەکانی سپای پاسداراندایە، چاوگێڕانێک بە ڕۆژنامە و ماڵپەر و تیڤیەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەسە کە تێبگەین کە خەریکە وەڵات دەکەوێتە قۆناخی حکومەتی نیزامیەکانەوە، قۆناخێک کە سپای پاسداران بە هێرش بۆ سەر ئەحزابی کورد و دواتر قەتڵ و عامی بەلوچەکان دەیویست پاساوێکی دەرەکیشی بۆ بدۆزێتەوە.

هەموو شت بە ڕادە و تا کوێ بڕ کردنی خەڵکەوە بەندە، ئەم هەموو شتێک لە ژیانی تاکەوە تا پشتیوانی زلهێزەکان لە خۆ ئەگرێت لەو جۆغرافیایەدا کە پێ ئێژن ئێران.

## کوردستان

بە پێی ئەو هەواڵانە کە لە ناوخۆوە دێن، لە چەند شارێکی کوردستان سپای پاسداران ئەو کەسانە کە لە لایەن ئیتلاعاتەوە (وەزارەتی ئیتلاعات) گیراون و بە بارمتە ئازاد کراون بانگ دەکات، لە چەندین حاڵەتدا بەرپرسانی سپای پاسداران داوای لێبوردنیان لە گیراوەکان کردووە و تەنانەت پێیان وتون دەتوانن لە ڕێگای ئەوانەوە شکایەت لە ئیتلاعات بکەن، لەوەش زیاتر قەوڵیان بە زۆرێک داوە کە دوای ئارام بوونەوەی دۆخەکە دەستیان کراوەتر ئەبێت و وام و هەر هاوکارییەک پێویست بێت ئەیدەن بە گەنجان کە کارێک دەست پێ بکەن.

ئەمانە و زۆر وردە جوڵەی دیکەی سپای پاسداران بە تایبەت لە کوردستان و بەلوچستان، تەنیا ئاماژەی ئەوەن کە ئەگەر سپای پاسداران نەتوانێت یا نەیهەوێت لە هەموو ئێران دەوڵەت لا بدات، ئەوە بە دیاریکراوی لەو دوو ناوچە لایدەدات و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆی دەبێتە حکومەت و دوور نییە بە ڕەسمی وەک زۆنێکی ئەمنیەتی بە یاسای نیزامی بەڕێوەیان ببات.

ئەم مەترسیە بە جۆرێک مامۆستایانی ئائینی بەلوچی ڕاچڵەکاندووە کە بەشێکیان فتوای حەرام بوونی هەر جۆرە هاوکارییەکی خەڵکی بەلوچییان لە گەڵ دەسەلاتدا ڕاگەیاندووە. بەداخەوە بە نیسبەت کوردەوە کە هەتا ئێستا مەرجەعیەتی سیاسی لای حیزبەکانیەتی، هیچ کاردانەوەیەکی لانیکەم ئاشکرا نابینرێت. ئەگەریش شتێک هەبێت کە بەعیدە هەبێت لە ڕای گشتی و خەڵک شاراوەیە، کە ئەگەر وابێت جێگای خۆیەتی کۆمەڵگای کوردی لە داهاتوی خۆی بترسێت.

## چی ئەبێت؟

ئەگەر بنەمای لێکدانەوە وەحشیگەری و ئەزمونێک بێت کە لە گەڵ دەسەڵاتی ئاخوندەکان هەمانە، ئەوە داهاتو بریتیە لە شەرێکی درێژخایەنی بەرەی خەڵک و دەسەڵات کە ئەنجامی بە دڵنیاییەوە ڕوخانی ڕژیم زیاتر نابێت.

ئەگەریش وای دابنین کە کۆماری ئیسلامی ناچار دەبێت بۆ مانەوەی خۆی سازش لە گەڵ شەقام بکات، ئەوە شەقامێک کە سازشی لە گەڵ دەکرێت شەقامی تارانە نە سنە و مەهاباد. خۆ گێل کردن و خوڵ کردنە چاوی خەڵکە ئەگەر بێژین ویستێک کە شەقامی تاران هەیەتی هەمان ویستی شەقامەکانی پیرانشار و شنۆ و مەریوانە، وەها ئەقڵیەتێک جگە لە مایەپوچی هیچمان بە ئاقیبەت ناکات.

بیر کردنەوە لەو ئەگەرە کە کۆماری ئیسلامی، یاسای باڵاپۆش یا هەمان حیجاب هەڵدەوەشێنێتەوە، برێک ئازادی فەردی ئەدات و لە گەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش هاوکاری دەکات، تۆ نازانم بەڵام من وەک کوردێک دەترسێنێت، چۆن باش دەزانم جیا لە بژاردەیەکی کەمینەی فارس کە جگە لە گۆڕینی ڕژیم بە هیچیتر ڕازی نییە، ئەوە باقی فارس بە ئازادی پوشش و ئازادیە فەردیەکان ڕازی دەبن و دەچنەوە ماڵی خۆیان، ئەڵبەت دوای بەڕێوەبردنی کەرنەڤاڵی سەرکەوتن.

ئەم جیاوازیە لە ویستەکان و داخوازیەکان ئەبێت بنەما و ئەسلی نەگۆری گشت بریارێکی سیاسی کورد بێت، ئەم جیاوازیە هەمان هۆکارە کە ڕۆژێک هاوپەیمانی ئەمرۆ دەخاتە بەرەی دوژمنەوە.

## کورد

کورد وەک میللەت نە حیزبێک یا شەخسێک یا ...تەنیا کاتێک ئەتوانێت ببێتە خاوەنی بەشێک یا گشت مافەکانی کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری ئیسلامی بروخێت و تاران لاواز بێت.

جگە لە ڕوخانی ڕژێم ئێمە تەنیا وتووێژمان بۆ دەمێنێتەوە کە تاقی کردنەوەی بە نرخێکی یەکجار گەورە لە سەرمان وەستاوە.

هیچ ڕێگایەکی دیکە بوونی نییە جگە لە لاواز بوونی تاران، ئەمە قەدەرە و کاری بەسەر جێگای نەرم و گەرمی منەوە یا جێگای ڕەق و ساردی ئەوەوە نییە، ئەمە بۆنبەستە مێژوویەکەی پرسی کوردە و دەرچون لێ تەنیا لاوازی مەرکەزە.

ڕەساڵەتی کورد لەم پرسەدا تەنیا و تەنیا هەوڵدانە بۆ لاواز کردنی تاران

بە قەڵەم

بە چەک

بە تف

بە جنێو

بە سیاسەت

بە لابی

بە پارە

بە دار بە بەرد

لاواز کردن و خستنی تاران ئەبێت ببێتە هەرەوەرزێکی نەتەوەیی، هەرەوەرزێک کە جگە لە جاش هیچ کوردێکی لێ زیاد نەبێت.

## ترس

ترسە گەورەکە دووپات بوونەوەی کارەساتە مێژوویەکەیە، خیانەت هاتنی خۆی جارِ نادات. ١٦ی ئۆکتوبر تا چەند کاتژمێر پێش فرۆشران، فەرماندە و ڕێبەران دەیانوت: هیواداریِن بەغداد ئەو هەڵەیە بکات و هێرشمان بکاتە سەر ئەوکات دەزانن هێزی کورد چییە.

یەکێکتر دەیوت: تا بەغداد ڕایاندەماڵین



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرکردەیەکیتر دەیوت: بەیانی خەبەری خۆش دەبیسن

دوو ساعەت دوای ئەم دەم گەرمیە، هیڤیدار ئەحمەد بەسەر تەرمی شەهیدەکاندا دەگریا و ئەیوت: فرۆشراین.

ئەمە ترسە گەورەکەیە

خیانەت کتوپڕ خۆی ئاشکرا ئەکات

وەک خورپە وایە

لینکی بارزانی

نامەوێت لەسەری بدوێم، چۆن دەترسم.

ترسیشم لە بەر خۆم نیە، بەڵکو ئەم باسە وروژاندنیشی بەشەر دڵتەنگ ئەکات.

ئەوەندە ئەڵێم، هیودارم بە دڵ ئاواتەخوازم کە هەرچی من بیری لێ دەکەمەوە لە سەر ئەم لینکە پێچەوانەکەی دەرچێت، تەمەنز دەکەم لە سبەی ڕۆژی سەرکەوتنتان ئێوە یەخەم بگرن و قامکم بە چاودا بکەن و بێژن: بینیت وا نەبوو!

## تا ئێرە بەس بێت

تێبینی: ئازادیی ڕادەربڕین بنەمایەکە پشتیوانی دەربڕینی ئازادانەی کەسەکان دەکات لە ناو کۆمەڵدا. کە هەموو تاکێکی کۆمەڵ بتوانێ بێ زۆر لێکردن، بێ ترس، بێ چاودێریی و سزای یاسایی، بێ چاوسوورکردنەوە و تۆقاندن، بەڵکو ئازادانە بۆچوونی دڵی خۆی دەربڕێ. مافی ئازادیی قسەکردن لەژێر سایەی یاسای نێودەوڵەتیدا زامنکراوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕش یان ناڕەزایەتی




**مراد میهرەبان**

شۆڕشی ژینا ئێستا پێی ناوەتە دوو مانگەی خۆی و لەو ماوەیەش دا ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش گەرم و گوڕتر دەبێت، هەم لە باری ڕێژەی و هەمیش لە بواری جۆری بەشداربوان ئاڵ و گۆڕی سرنج ڕاکێشتری بەدوا دا دێت. هەر چەند جێگای داخە ئاستی گیراوان و شەهید و بریندااران دەچێتە سەر بەڵام لە هەمان کات دا ئەزم و ئیرادەی خەڵک بۆ ڕامالینی ئەم دەسەڵاتە بەگشتی ڕۆژ بە ڕۆژ زیادتر دەبێت.

ئەوەی جێگای ڕاوەستە کردنە، ئەوەیە ئێستاش زۆر بە وردی سرنج ناخرێتە سەر واتای وشەکان لە کاتی دەربڕینی نەزەرات لە لایەن زۆر یەک لە لایەن و کەسایەتی دژ بەو ڕژیمە. دووپاتە بوونەوەی وشەی ناڕەزایەتی لە هێندێک شوێن و بابەت دا لە بایخی ئەم شۆڕشە کەم دەکاتەوە. ئەم خەڵکە تەنیا ناڕازی نین، بەڵێ لەوانەیە چەند ساڵ لەمەوبەر هێندێکیان، لە هێندێک بوار دا ناڕەزایەتی خۆیان لە کردار و ڕەفتاری ئەو ڕژیمە دەربڕیبێت، بەڵام ئێستا قۆناغی ناڕەزایەتی تێپەڕ کردووە چۆتە قۆناغی ڕاپەڕین و شۆڕش.

ئێستا ئەو کەسانەی دێنە سەر شەقامەکان بە هیچ شێوازێک ناکرێ ناوی ناڕازیان بە سەردا بسەپێنی، ئەوانە سەرجەم ڕاپەریون .ڕاپەریون لەو هەموو زووڵم و زۆریەی کە لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوو لە سەر یەک کەڵەکە بوونەو هیچ کات چارەسەری ڕیشەیان بۆ نەکراوە، تەنانەت ئیرادەیەکی ئاواش لە ئارا دا نەبوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، بۆیە ئیتر ناوی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناڕەزایەتی نییە و شۆڕش و ڕاپەڕینێکی پاک و بێگەردە.

ناڕەزایەتەکان دەکرێ بە ڕیفۆرم لە زۆر بواردا چارەسەر بکرێن، بەڵام ئێمە شاهیدی ئەوە بووین لەماوەی دەسەڵاتی ئەو ڕژیمە دا تەواوی دەرگاکان بەسەر حەرەکەتە ڕیفۆرمیەکان دا بەستراون و کۆمەڵانی وەزاڵە هاتووی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەرەو ڕاپەڕین هان دا. هەر بۆیە ئێستا دەبینین هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی شۆڕشێکی پڕ لەوزەیان دەست پێ کردوە و تا ڕووخانی ئەم ڕژیمە لە خرۆشان ناکەوێت.

لێرە دا کە لەسەر شۆڕش لە ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی ساغ بووینەتەوە، پێویست دەکات دەرحەق بە چەند شت زۆر بە هەستیاری ڕەفتار بکەین، بۆ ئەوەی ئەم حەرەکەتە جوانە بۆ لابردنی ئەم دەسەڵاتە نگریسە لە گوڕو خرۆشان نەکەوێت. لە کاتی ڕیفۆرم دا دەکرێ کات بە دەسەڵات بدرێت بۆئەوەی بتوانێ بە شێوەیەکی جوان و گونجاو خواست و داخوازیەکانی کۆمەڵانی خەڵک بەجێ بێنێت. تەنانەت بەجۆرێک دەتوانین بڵێین لە کاتی ڕیفۆرم دا خەڵک و دەسەڵات پێویستیان بە هاوفکری و هاواهەنگی تەواوی یەکتر هەیە تا ئەو ڕیفۆرمە بە جوانترین شێواز سەربگرێ و لە ڕێڕەوی خۆی دەرنەچێت، نابێ لەبیرمان بچێ ڕیفۆرم پێویستی بە کات هەیە.

بەڵام لە کاتی شۆڕش و ڕاپەڕین دا پێوانەکان بە تەواوی گۆڕانکاریان بەسەر دا دێت، لە جیاتی هاوکاری دژبەری خۆی دەسەپێنێت و دەسەڵات بۆ خواستەکانی کۆمەڵانی خەڵک مل نادات، لە هەمان کات دا شۆڕشگێڕانیش چیتر متمانەیان بە ڕژیم نامێنێت و بە تەواوی تواناوە بۆ لابردنی ئەو دەسەڵاتە هەوڵ دەدەن.

ئەوەی کە شۆڕش و ڕیفۆرم لێک جیا دەکاتەوە هەر ئەو متمانەیەیە کە خەڵک دەرحەق بە دەسەڵات لە دەستی دەدات. خاڵێکی گرینگی دیکەی شۆڕش کە دەبێ زۆر بەوردی ئاگاداری بین، نابێ مەجال بە دەسەڵات بدرێت بیربکاتەوە و کاتی سەرکوت و قەڵاچۆ کردنی هەبێت. بە داخەوە لە شۆڕش دا حکومەت بۆ پاراستنی دەسەڵات تەواوی توانای خۆی بکار دێنێت و کۆمەڵگا دابەش دەکات بەسەر دوو بەرە دا، شۆڕش تا کاتی درێژتر بێت لەوانەیە تێچووی زیادتر بێت، ئەوەش دەتوانێ یان بە کپ کردن یان بە تەلەفاتی زیادتر کۆتایی پێ بێت. بەداخەوە هەمیشە دەسەڵات دەیهەوێت بەزەبرو زەنگ دەنگی دژبەرانی کپ کات هەر ئەوەیە زۆربەی زۆری شۆڕشەکان خوێناوین بۆیە پێویستە زۆر وردبینانە و خێرا بۆ ڕووخانی یەکجاری بەرنامەی تۆکمە دابرێژرێت.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## عەلی کەریمی لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ هاوڵاتی:

**سەرکردەکانمان لەئاست شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نین ڕۆژهەڵات ئەزموونی باشوور دووبارە ناکاتەوە سەرکەوتوو دەبێت**



**هاوڵاتی**

**عەلی کەریمی نووسەر و سیاسەتمەداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی ڕایگەیاند: «لەئەمڕۆی ئێراندا بەکوردستانیشەوە کێشەی گەورەی ئێمە کەکاریزماییەکی پاک و بێگەردو قبوڵکراوە، ئەمە نە لەئێران و نە لەکوردستاندا نیە».**

**دەقی چاوپێکەوتنی عەلی کەریمی؛**

**هاوڵاتی: دوای زیاتر لەمانگ و نیوێک لەبەردەوامی خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بەڕای تۆ خۆپیشاندانەکان لەئێران بەرەو کوێ دەڕوات و چی ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

**عەلی کەریمی: ئەوەی ڕاستی بێت خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەی ئێران کەنزیکەی ٤٥ ڕۆژە دەستی پێکردووە جیاوازییەکی زۆر گەورەی هەیەو بەدرێژایی ئەم ٤٤ ساڵە کە کۆماری ئیسلامی لەسەر دەسەلاتە خەڵکی ئێران بەردەوام ناوە ناوە ناڕەزایەتی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و بەربەرەکانی خۆی لەگەڵ ئەو رژێمە دەربڕیوە، بۆ نموونە لەو ساڵانەی دوایدا خۆپیشاندانی لایەنگرانی سەوز دروستبوو و ریفۆرمخوازەکان هاتن داوای هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەردیان کردو زیاتر لە ١٠ ملیۆن خەڵک هاتنە سەر شەقامەکان، بەڵام ئەوەی ئەم جارە دەیبینین حەقیقەت ئەوەیە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانەی پێشوو، جیاوازییەکە لەوەدایە کە بەڕاستی تورەیی و ئیعتیرازاتی خەڵک لەماوەی ئەو ٤٤ ساڵەدا گەیشتۆتە ترۆپکی خۆی و زۆر پەنگی خواردۆتەوە و گەیشتۆتە ئەوەی کە بتەقێتەوە و ئەگەر تێبینی بکەین ئیتر خەڵک گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە دوای ٤٤ ساڵ ئیتر ئەم رژێمە کاتی رۆیشتنیەتی، هەروەها دنیای میدیای خێراو دونیای خێرایی ماس میدیاو دنیای مەجازی وایکردووە کە لەمسەر و لەوسەری دنیادا زۆر بەخێرایی ئاگامان لەیەکتر بێت، بۆنموومە مەرگی ژینا ئەمینی زۆر ئێشێنەر بوو، جاری واهەیە ١٠ هەزار کەس لەجەنگێکدا دەمرن و هەشت تا نۆ هەزار کەس ئاوارە دەبن و ١٠ تا ١٥ کەس پێکەوە لەسێدارە دەدرێن بەڵام خاڵێک هەیە لەهەموو تراژیدیایەکدا کەزۆر هەژێنەرە، مەرگی ژینا هەژێنەر بوو و زۆر مەزلومانە بوو، کچێکی ٢٢ ساڵە هاتووە بۆیەکەمجار بچێتە تاران و پایتەختی وڵاتەکەی خۆی ببینێت لەگەڵ کەسوکاری و دەبینیت زۆر بەنامەردی تەحەداوە ئەو کارەساتەی بەسەردا هێنرا، ئەمە خەڵکی تووڕە کرد.

**هاوڵاتی**: خۆپیشاندانەکان سەرتاسەری ئێرانی گرتووەتەوە، ئامانجی خۆپیشاندەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازی هەیە لەناوچەکانی تری ئێران، وا تێبینی دەکرێت ئەم خۆپیشاندانانە سەرتاسەری بن و هەموویان یەک ئامانجیان هەبێت رای تۆ چیە؟

**عەلی کەریمی**: حەقیقەت ئەوەیە ئەم هەستان و خرۆشانەی ئەمجارەی ئێران سەرچاوەکەی لەکوردستانەوە بوو و ئێستاش دەبینین دروشمەکان لەکوردستان و لەشارێکی وەکو سەقزەوە هەموو ئێرانی گرتۆتەوە ئەمە بۆ خۆی جێگەی تێڕامان و تێفکرینە و بەدڵنیاییی دەڵێم راستە دەڵێن ٩٠ ملیۆن خەڵکی ئێرانی، بەڵام ئەو ٩٠ ملیۆنە چەندین نەتەوەن، نەتەوەی بلوچمان هەیە نەتەوەی ئازەریمان هەیە نەتەوەی عەرەبمان هەیە نەتەوەی کوردمان هەیە، کە لەماوەی ئەم١٠٠ساڵەی رابردوودا گەورەترین کێشەی ئێران لەبارەی نەتەوەکانەوەو لەبارەی فەرهەنگی نەتەوەکانەوە نەتەوەی کورد بووە، ئێمە مێژوویەکی دوورودرێژمان هەیە هەر لەزەمانەی سمکۆی شکاکەوە تا دەگاتە کۆمەڵەی ژێ کاف و تادەگاتە کۆماری کورستان لەساڵی ١٩٤٦وە ئێمە هەرگیزاو هەرگیز لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزی ئێراندا نەمانتوانیوە هاوڕێگا بین.

**هاوڵاتی**: بەڵام ئێستا دەبینین نەتەوەکانی تریش بۆ مەرگی ژینا ئەمینی هاودەنگن؟

**عەلی کەریمی**: حەقیقەت پێت بڵێم ویست و داخوازییەکانی کورد نەتەوەییە و ئەوەی دەڵێت داخوازی کورد نەتەوەیی نییە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاست ناکات، ڕاستە ئێمە لەگەڵ هەموو گەلانی ئێران ویست و داخوازی فەرهەنگی و دژی گەندەڵیمان هەیە بەڵام لەسەرووی ئەوانەوە و بەدرێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو کە لەمێژووی مۆدێرنەوە دەوڵەت لەسەر دەستی ڕەزا شا دروست بووە ئێمە هەر ئەوکات پێشیان لێگرتین کەبەزمانی خۆمان بنووسین و بخوێنین و پێشیان پێگرتین کەجلوبەرگی کوردی لەبەربکەین، ئەم ستەمی نەتەوایەتییە بەدرێژایی مێژوو هەوریکی چڵکن بووە بەسەر گەلی کوردستاندا.

**هاوڵاتی**: بەڵام لەخۆپیشاندانەکانی ئەمجارەدا وا دەردەکەوێت جیاوازی ئەتنی و ئاینی و مەزهەبی بوونی نەبێت، ناڕەزاییەکان سەرتاسەرییە؟

**عەلی کەریمی**: ئێمە زۆر بەژیرانە هەم نوخبەو هەم حزبەکان وتیان ئەمڕۆ با کێشەی پێشمەرگە و گەریلاو مەسەلەی نەتەوایەتی نوێ نەکەینەوەو لەگەڵ نەتەوەکانی ئێران بڕۆین بەڵکو دەستکەوتێکمان هەبێت لەگەڵ سەرجەم گەلانی ئێران، ئەمە سیاسەتێکی ژیرانەبوو و ئێستاش سیاسەتێکی ژیرانەیە هەرچەند تموحی خەڵک پاش ئەو هەموو کوشتارە لەسەقزو سنە بەتایبەت ئەوەی دوێنێ و پێرێ لەمهاباد کراوە، حەقیقەت ئەوەیە کە بەسیاسەتێکی داڕێژراو وتمان ئێمە جارێ با لەگەڵ گەلانی ئێران بین، ئەگینا ویست و داخوازییەکانی کوردانی ڕۆژهەڵات لەئێران ئێجگار گەورەترە لەگەلانی ئێران، ئێمە و ئەوانیش بۆ داپەروەری خەبات دەکەین بەڵام لەسەروی ئەمانەشەوە ستەمیکی میللی هەیەو ستەمێک هەیە بەدرێژایی ئەم ساڵانە لەکورد کراوەو لەماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا خەباتی گەلی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران یەک خولەکیش نەوەستاوە.

**هاوڵاتی**: لەگریمانەی ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کورد پێویستە خەباتی بەردەوام بێت بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی خۆی؟

**عەلی کەریمی**: ئەوە دەگەڕێتەوە سەر خۆمان و دەگەڕێتەوە سەر ئەو هێزو کەس و لایەنەی کەئەمڕۆ سەرکردایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، کەئایا ئەو سەرکردایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن بێ بناغەن یان واقیعەن لەوە تێگەیشتوون ستراتیژیەتی میللەتی کورد بەرەو کوێ بەرن، بەرەو کەنارێکی ئارام کەتەواوی داخوازییەکانی ئەم ١٠٠ ساڵەی ڕابردووی تێدا دەستەبەربکەن و من پێموایە ئەمە بەزوویی لەناوجەرگەی ئەو شۆڕشەی لەناو کوردستاندا دەستیپێکردووە بەدیاردەکەوێت.

هەروەها دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە دەسەڵاتدارو سیاسەتمەدارانی کورد چۆن بەرەو پیری ئۆپۆزسیۆن دەچن، ئایا لەڕووی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دیپلۆماسییەوە ئێمە لەو ئاستەداین کە ئەو شەڕەمان بۆ بکەن!.

**هاوڵاتی**: حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەماهەنگی و هاوکارییان لەچی ئاستێکدایە، وادەردەکەوێت ناوەندی هاوکاری حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان - پژاک و سازمانی کوردستان حزبی کۆمۆنیستی ئێران) هەماهەنگیان نیە، بۆچی؟

**عەلی کەریمی**: کورد هەمیشە نیفاقی هەیەو هەمیشە خۆی دوژمنی خۆی بووە و لەئاشتیدا دوڕاندوویەتی و لەشەڕدا ئازا بووە ئەگەر بێینە سەر ئەرزی واقیع تائێستا نەک تەنیا ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر چوار پارچەی کوردستان بە تەحەداوە دەیڵێم تائێستا ستراتیژێکی ڕوون و واقعیان لەخەباتی گەلی کوردستان لەهەر چوار پارچەی کوردستان نەبووە و نەیانوێراوە یان جوگرافیای کوردستان وایکردووە کەسەرکردەکانی کورد لەخۆیان ڕانەبینن، کە ئەمەش کێشەی گەورەی ئێمەیە لەڕۆژهەڵات و باکورو باشورو ڕۆژئاوا.

تائێستا یەک حزب و ڕێکخراویش پێی نەوتووین کەستراتیژی میللەتی کورد چییە، ئایا چوار پارچە دەبێتە یەک یان چوار دەوڵەت دروست دەبێت؟ ئەسڵەن دەوڵەت و نەتەوە لەبەرنامەی هیچ حزبێکی کوردیدا هەیە؟ ئەو ڕیفراندۆمەی لە باشوریش بەزۆر کردیان شتێکی زۆر ڕواڵەتیانەبوو، ئەوە نەبوو ستراتیژی میللەتی کورد بکاتە نیزامێکی دەوڵەت نەتەوە.

**هاوڵاتی**: پارتی ژیانی ئازادی کوردستان - پژاک لەڕاگەیەندراوێکدا لەبارەی خۆپێشاندان و نارەزاییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەناوی «ڕێگەچارەی شۆڕشی نوێی گەلانی ئێران» ڕایگەیاند ئاڵای کۆماری کوردستان لە مهاباد وەکو ئاڵایەکی هاوبەش لەگەڵ حزبە کوردییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان قبووڵ دەکات، ڕای تۆ لەسەر ئەم هەنگاوەی پژاک چیە؟

**عەلی کەریمی**: ئەمە ئاڵایەکی نوێ نییە هەر لەسەردەمی کۆمەڵەی ژێ کافەوە ئەم ئاڵایە هاتۆتە ناو بزافی کوردییەوەو لەسەر بناغەی ئەو ئاڵایەو لەسەر بنەمای کۆمەڵەی ژێ کاف لە١٩٤٢ەوە ئەم ئاڵایە لەنەشیاتی کۆمەڵەی ژێ کافدا هەبووەو دواتر لەساڵی ١٩٤٦ هەموو ئاسمانی موکریان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر هەژموون و دروشمی کۆمەڵەی ژێ کافدا بوو، قازی محەمەد هات کۆماری کوردسیانی دامەزراندو ئەو دەمە کۆماری کوردستان فیرقەی ئازەربایجانیش لەتەورێز دامەزرابوو پێویستیان بەئاڵایەک هەبوو و کە ڕۆشنبیرانی کۆمەڵەی ژێ کاف بەهەی خۆیانیان دەزانی و سودیان لێوەرگرتبوو و چەند گۆڕانکاریەکیان لەناوەڕاستەکەیدا کردو بووە ئاڵای یەکەمین کۆماری کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڕای من پڕاک کارێکی باشی کرد لەبەرئەوەی ئەو هەموو بیانوەی کەدەڵێن پڕاک حزبێکی کوردی نییەو حزبێکی باکوری کوردستانەو لەژێر کۆنترۆڵی عەبدوڵا ئۆجەلاندا دروستبووە و هەژموونی پەکەکەی لەسەرەو هاتن وتیان باهیچ نەبێت ئەو ئاڵایە حزبی دیموکرات بەهی خۆی دەزانێت و هی کۆماری کوردستانە کەحزبی دیموکرات پێشەوایەتی دەکرد ئیتر بۆچی دژایەتی دەکەن؟

**هاوڵاتی**: حزبی دیموکرات دژایەتی ئەو ئاڵایە دەکەن؟

**عەلی کەریمی**: ئەوان پێیان وایە کەدەبێت ئاڵاکەی هەرێمی کوردستان بەکاربێنین کە باکور بەکاریناهێنێت و ڕۆژهەڵاتیش دەبێت ئاڵایەکی هەبێت تا ئەو ڕۆژەی کەئێمە وەک نەتەوەیەک و خەباتێکی یەکگرتووی نەتەوەیەک بچین بەرەو پیری ئەو خەباتە ئەوکات دەبێت نەتەوەیەکی ٤٠ ملیۆنی دانیشتوانی و دووبارە خۆی نوێ بکاتەوە.

**هاوڵاتی**: حزبی دیموکرات بۆچی ئاڵاکەی هەرێمی کوردستانی پێ باشترە؟

**عەلی کەریمی**: ئەو سێ هێزەی کە لەناوەندی هاوکاریدان ناوەندی هاوکاری شتێک بوو پارو پێرار دروستیانکرد بەڵام تائێستا لەئەرزی واقعدا قاچی لەسەر زەوی نییەو هەریەکەو ئەسپی خۆی تاوددات واتە گفتوگۆیەکی سیاسی و نەتەوەیی و فەرهەنگی و شۆڕشگێڕانە لەنێوان ئەم سێ حزبەدا نییە کە تامانگێک پێش ئێستا چوار حزب بوون (حدک و حزبی دیموکراتی کوردستان- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران حدکا- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ- کۆمەڵەی زەحمەتکێشان) ئەمانە لەڕووی ناچاری و ویست و داخوازی لایەنگرو ئەندامەکانیان هاتن شتێکیان دروستکردووە بەناوی ناوەندا هاوکاری و ئەم ناوەندی هاوکارییە چەند قاچی لەعەرزە؟؟ من دەڵێم هیچ.

**هاوڵاتی**: خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری ئێران بەڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە رابەرێکیان نییە، ئێوە ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە؟

**عەلی کەریمی**: بێگومان وایەو ئەگەر ئێستا رابەرو کاریزمایەک هەبووایە ماندێلایەک هەبوایە، جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفایەک هەبوایە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەخاوەنی هەژموونێک بوایە و جێپێیان لەناو خەڵکدا دیار بێت ئەوەمان نیە، خۆپیشاندانەکانی تری ئێران هەر نییەتی، ئێران دوو دانەی هەیە کەیەکێکیان فاسیدو مەفلوکە کە موجاهیندنی خەلقە کە رابردوویەکی زۆر پیس و خراپیان هەیەو دەستیان بەکلاوەکەیانەوە گرتووە با نەیبات و لەم ساتەدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵوێستیان نیە، ئەوەشی ئیدعای هەبیت لەئێستادا وەک ئۆپۆزسیۆن کوڕی محەمەد رەزا شایە ئەمیش لەگەڵ ئەمڕۆی گەنجی ئێران مەگەر بەحاڵە حاڵ بگاتە هەڵبژاردن و بێتە سەر ئەوەی لەهەڵبژاردنی ئێرا ١٠ - ١٥ کورسی بهێنێت بەڵام ئەوە نییە بڵێن کە کاریزما دروستبووە.

لەئەمڕۆی ئێراندا بەکوردستانیشەوە کێشەی گەورەی ئێمە کەکاریزماییەکی پاک و بێگەردو قبوڵکراوە، ئەمە نەلەئێران و نە لەکوردستانی ئێران نیە.

**هاوڵاتی:** دروشمی (ژن، ژیان، ئازادی) کە دروشمی پەکەکەو عەبدوڵا ئۆجەلانە باڵی بەسەر نارەزاییەکاندا کێشاوە، بە رای تۆ ئەمە ئاماژەی ئەوە دەدات هەژموونی پەکەکە باڵی بەسەر نارەزاییەکاندا کێشاوە؟

**عەلی کەریمی:** ناڵێم هەژمونی پەکەکە هەبێت یان نا و ئەمە دواڕۆژ دیاری دەکات، بەڵام ئەوەی کەزانراوە ئەم دروشمە دروشمێکی ئەوەندە جامع و فەلسەفییە کە ٨٥ - ٩٠ ملیۆن خەڵکی ئێران دەیلێتەوە و خۆشییەکەی لەوەدایە بەزمانی کوردیش دەیلێنەوە و هاوکات بەزمانی فارسی و زمانەکانی دیکەش، راستییەک لەوەدایە کەئەم دروشمە ئەوەندە باڵی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی بەسەر هەموو جیهاندا کێشاوە کەئێمە ناتوانین ئینکاری بین و بە رای من زۆر گرنگ نییە ئەم دروشمە کێ داینا بەڵام ئەم دروشمە کاتێک گەورە بوو کە لەناو کۆمەڵگەی خەتێک بەناوی خەتی پەکەکە و خەتی ئاپۆچی هاتە بزافی شۆڕشەکەی رۆژئاوا بەتایبەت لە هەموو کۆبوونەوەکانی پەکەکە لەشاخ و شارو ئەوروپا ئەو دروشمەمان گوێ لێبووە، لەکاتی خۆیشی کە لەسەر گۆڕی ژینا ئەمینی ئەو دوروشمەی وت کاتێکی دروستبوو، دیاریکردنی زەمان و مەکان شوێنی خۆی ئەو دروشمەی کردە ئەوەی کە لەهەموو شوێنێکدا هەیە، ئەوەی کاک خالیدی عەزیزی دێت و لەدەنگی ئەمریکا بەشی فارسی دەڵێت ئەوە هی عەبدوڵا ئۆجەلان نیە، ئەمە عەیبەیە دەبێت بڵێی ئەمە شیعارێکی کوردییە، ئۆجەلان سەرکردەی بەشێکی زۆری کوردستانە، دروشمی (ژن، ژیان ئازادی) سیاسییەو دەبێت لە رووی سیاسی و فەلسەفیەوە ببیینین.

**هاوڵاتی:** لەسەر ئەو قسەو لێدوانانەی ئەمدواییەی مستەفا هیجری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ئێران کردوویەتی، رای تۆ چیە؟

**عەلی کەریمی:** دیارە ئەمڕۆ سەرکردەکانمان هیچیان لەمستەوای ئەمڕۆی شۆڕشی رۆژهەڵاتی کوردستاندا نین و ئەوان بەدەیان هەنگاو لەدوای میللەتەکەوەن، میللەت زۆر شۆڕشگێڕانەتر دەڕواتە پێشەوە، سەرکردەکان بەهەموویانەوە لەشۆڕشەکە دوورکەوتوونەتەوەو بەتەواوی لەناوەڕۆکی خواست و ویستی خەڵک تێنەگەیشتوون، حەقە پێش ئەوەی لێدوان بدەن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵک خەتابار بکەن کەتوندوتیژی نەکەن دەبێت ئاگاداری ویست و داخوازیەکانی خەڵکی خۆیان بن دواتر لێدوان بدەن بەداخەوە سەرکردەکانی ئەمڕۆی هەم دیموکرات و هەم کۆمەڵەش بەتایبەت ناوەنی هاوکاری حزبەکانی رۆژهەلات زۆر لەدواوەوەی میللەتن و تێنەگەیشتوون لەداخوازییەکانی گەلی کوردستان لەڕۆژهەلات.

**هاوڵاتی**: پێتوایە ئەزموونی باشوور یان رۆژئاوای کوردستان لەڕۆژهەلاتی کوردستان دووبارە دەبێتەوە؟

**عەلی کەریمی**: ئێران سوریا نییەو رۆژهەلاتیش رۆژئاوا نییە، رۆژئاوا لەڕووی مێژووییەوە خەباتی تێدا نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەم شێوە سیاسەتەی پەکەکەوە لەسوریا بەشی زۆری شۆڕشگێرانی رۆژئاوا حکومەتەکان پێیان ناخۆش نەبوو لەکۆڵ خۆیان ببنەوە بچن لەناو پەکەکەدا بن، بۆیە نیوە زیاتری سەرکردەو فەرماندە سەربازیی و سیاسییەکانی پەکەکە لەڕۆژئاواوە هاتوون و جوگرافیا و سیاسەت و کەلتوری رۆژئاواو باکوور لێکەوە نزیکە، بەڕاستی لەگەڵ هاتنی بەهاری عەرەبی پەکەکە زۆر زوو فریای براکانیان لەخۆرئاوا کەوتن و هێزێکی زۆریان بردو خۆیان تەرکیزیان خستەسەر رۆژئاوای کوردستان ئەمە جیاوازییەکی زۆر گەورەیە، ئەمڕۆ من پێموایە جیاوازییەکی زۆر هەیە بەڵام ئایا ئەزموونی کوردی باشوور ناشیرینترین و ناحەزترین ئەزموونی کوردی نییە لەو ٣٢ ساڵەیدا؟ ئایا ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان و کانتۆنەکان و خۆسەری دیموکراتیک ئەزموونێکی جوان نییە؟ دەبێت ئێمە هەوڵبدەین ئەزموونێکی جوان پیادەبکەین.

**هاوڵاتی**: پێشبینی دەکەی ئەزموونی باشوور یان رۆژئاوای کوردستان دووبارە ببێتەوە یان جیاوازتر دەبێت؟

**عەلی کەریمی**: من دەخوازم خەڵک بەڕاستی هەرچی باشوور کردوویەتی نەیکات ئێمە سەرکەوتوو دەبین هەم لەبارەی کاریزمای سەرکردەکانەوە و لەڕووی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە و هەم لەڕووی سیستەمی پەرلەمانییەوە، هەرچی باشوور کردی و رۆژهەلات دووبارەی نەکاتەوە باش دەبێت.

**هاوڵاتی**: لەڕووی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە، بارودۆخەکە گونجاوە بۆ رووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران، یاخود نەخێر رووخانی رژێمی ئێران ئەگەرێکی نزیک نیە؟

**عەلی کەریمی**: بەدڵنیاییەوە لەماوەی ئەم ٤٥ رۆژەدا ئێران کەوتۆتە قۆناغی شۆڕشەوە واتە سەرهەڵدان و خۆپیشاندانی بەجێهێشت، ئەمڕۆ گەلانی ئێران بە رۆژهەلاتی کوردستانیشەوە لەقۆناغی شۆڕش و ڕاپەڕیندان و ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینەش ناکوژێتەوەو پێموایە ئەم شۆڕشە سەردەکەوێت و بەوە تەواو دەبێت کەکۆماری ئیسلامی بڕووخێت و ئەگەر کۆماری ئیسلامی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

برووخێت، وەکوو پولی دۆمینە بەدوایدا عێراق و سوریا دەڕووخێن و لوبنان و ئیسرائیل دەکەونە قۆناغێکی تر، یەمەن و لیبیاو حزبولاش دەڕووخێن و هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگرێتەوە و پاشان حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانیش دەڕووخێن، رووخانی ئێران زۆر شتی باشی بەدوادا دێت و نەمانی ئیسلامی سیاسی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆشبەختی و ئاسوودەییە بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراست.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێکەوتی: ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## لە بەهاری عەرەبییەوە بۆ پاییزی ئێرانی!..



کامەران عەزیز

بەشی دووەم:

ئەڵتەرناتیڤی سێیەم لە ڕاپەڕینی پاییزی ئێرانیدا..

لە بەشی یەکەمی ئەم نوسینەدا باسی (ئەڵتەرناتیڤی سێیەم)م کرد، مەبەستم لەو ئەلتەرناتیڤەیە کە بە دوور بێت لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

عەقڵی سیاسی کۆن و بەسەرچوی باوی تاقیکراوە، مەبەستم ئەڵتەرناتیڤێکە لە دەرەوەی حوکمڕانیەکی ئایینی و ئایدۆلۆژی ڕەگەزپەرستی، ئەڵتەرناتیڤێک کە بیری گۆڕانکاری ڕیشەیی و بەڕێوەبردنێکی نوێ مەهامی بێت، نەک ئەڵتەرناتیڤێک کە هەموو ئامانجی دەستەڵاتێکی پەتی بێت،واتا ئەڵتەرناتیڤێک بە دور بێت لە دیدی هەژمون و هەیمەنەیەکی هەرەمی نوخبەیەکی دەستەڵاتخواز..

کۆمەڵگاکانی ئەم دەڤەرەی ئێمە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ژێر زەبری ئازاری چەوساندنەوەو بێمافی و بێکەرامەتی حوکمڕانیەکی مێژویی سەردەمە کۆن و تاریکەکان دەناڵێنن.

بۆ ئەوەی مرۆڤەکانی ڕۆژهەڵات لەم ئازارو چەوساندنەوە کۆن و مێژووییە ڕزگاریان ببێت، ئەوا لە ڕوخاندنی هەر دەوڵەت و ڕژێمێکی ئەم دەڤەرە، پێویستە مرۆڤەکان هەوڵ بدەن..بیر لە ئەڵتەرناتیڤێکی نوێ بکەنەوە، بەدوای (ئەلتەرناتیڤی سێیەم)دا بگەڕێن..بە دوای شێوازێکی نوێی بەڕێوەبردندا بگەڕێن..تا بگەن بە ئازادی..بە ماف..بە کەرامەت..بە دادپەروەری..بە ژیانو گوزەرانێکی باشتر و باشتر..تا بگەن بە بەهای ئینسانی خۆیان لە نێو کۆمەڵگایەکی ئازادا.

(ئەلتەرناتیڤی سێیەم) بە مانای بەشداری ئازادانەو ڕاستەخۆی مرۆڤەکان لە هەڵبژاردنی شێوازی بەڕێوەبردندا نەک سەپاندنی دەستەڵات و حکومڕانیەکی بنەماڵەیی و حیزبی.. بە مانای پاراستنی ماف و ئازادی..بە مانای گەڕانەوەی هێزی سەربەخۆی هاوڵاتیانو کردنە دەرەوەی بیرو عەقڵی نەرجسیەتی دەستەڵاتخوازی لە دەزگاکانی بەڕێوەبردندا..بە مانای جیاکردنەوەی نوخبەی دەستەڵاتخوازی کۆن و مێژوویی خێڵەکی و بنەماڵەیی و لە پرۆسەی بەڕێوەبردندا، بە مانای دونیابینیەکی نوێ بۆ فۆرمێکی نوێی بەڕێوەبردن، کە تێیدا بەهای مرۆڤ و ژینگەی سروشتی بەهاتر بێت لە بەهای ماددی ڕوتی ئابوری..بە مانای ئازادکردنی داهاتی هاوبەش و گشتی وڵات لە دەستی پاوەنخوازی و داگیرکاری دەستەڵاتی ناوخۆ و دەرەکی..

هەر وەک لە دوای دەستپێکردنی شۆڕشی پیشەسازی، لە دوای ئیمبراتۆرەکانو حوکمڕانیو سیستەمی پاشایەتی و دەستەڵاتی فێندەمینتالیزم دینی کەنیسەو تێپەڕینی ڕێنیسانسو گەشەی هەموو جۆرەکانی زانست و تەکنەلۆژیاو سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئازادیخوازیو بزوتنەوەی دژی دیکتاتۆری و نادادپەروەری و توندوتیژی و فەسادی، لە ڕێگای ئەم پرۆسەوە حوکمڕانی لە ئەوروپا بازی گەورەیدا بەرەو سیستەمێکی نوێ، بەرەو شێوازێکی دیی بەڕێوەبردنی مەدەنی و دیموکراسی، سکولاری، لیبرالیزم و ئازادی تاک و کۆمەڵایەتی، ڕێزی جەندەری و مرۆڤدۆستی و ژیان و ژینگە دۆستی، لە ئەنجامی بەڕێکردنی ئەم پرۆسە گەورەیە (ئەڵتەرناتیڤی سێیەم) لە دایک بو، بە کورتی پرۆسەی گەشەکردنی بیری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیاسی تا ئاستێک توانی عەقڵی داخراوی دەستەڵاتداریەتی پەتی بگۆڕێت بۆ ڕێکخستنی گشتی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی مەدەنیدا...

(ئەلتەرناتیڤی سێیە)م لە ڕۆژئاوادا بەرهەمی بیری ڕەخنەیی ئازادنەی بیرمەندو ڕۆشنبیرەکانی ئەوروپایە، بەرهەمی چاکسازیەکی بەردەوامی دەستورو حوکمرانیە لەڕێگای هەڵبژاردن و پەرلەمان، پێکهاتنی دادگایەکی سەربەخۆ و جیاکردنەوەی سوپایە لە ژێر دەستەڵاتی حیزبی سیاسی، بەشداری ڕای گشتی ئازادانەی هاولاتیانە لە ڕێکخستن و نوێبونەوەی فۆرمی هەر پێنج دەزگا سەرەکیەکەی بەڕێوەبردنی وەک دەزگاکانی(ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیو پەروەردەیی و تەندروستی).

بەڵام تائێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خەڵک بە گشتی و نوخبەی دەستەڵاتخوازی، لە دوای ڕوخاندنی هەر حوکمرانیەکی دیکتاتۆرو فەسادا، هەر ئەڵتەرناتیڤە کۆن و مێژویە بەسەرچووەکان دوبارە دەکەنەوە بە ئەڵتەرناتیڤی دەستەڵاتداری و حوکمڕانی، تا ئێستا لەم دەڤەرەدا خەڵکی هەر لە بازنەی دەستەڵاتی دینی و قەومی و خێلەکی و بنەماڵەیی کۆن مێژوویدا دەخولێنەوە، تا ئێستا لەم دەڤەرەدا دەوڵەت و سەرۆکی خێڵ و بنەماڵەیی و نوخبەی سیاسی و حیزبی، دەستەلاتی بالاو تاقانەی حوکمڕانین!..

لە دوای ڕوخاندنی هەر ڕژێمێکی ٣٠ بۆ ٤٠ ساڵەی چەقبەستوی دەستەڵاتداریەتی، حیزبێکی کۆنی مێژویی نیوسەدەیی بە ناو (شۆڕشگێڕ)، کە هەمان عەقڵ و ئەجندای کۆن و هەمان جەوهەری دەستەڵاتخوازی هەیە، ئەویش لە ڕێگای ناڕەزایەتی و توڕەیی خەڵکەوە، (دوبارە) هەمان دەستەلات بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنن!..

ئەگەر ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیانەی پاییزی ئێران بەردەوام بێت و سەرتاسەری شارو دێکان و تەواوی کۆمەڵگای ئێران بگرێتەوەو، لە ئەنجامدا خەڵکی ئێران بتوانن کۆماری ئیسلامی بڕوخێنن، ئەگەر لە جێگای ئەم حوکمڕانیە، دیسان بنەماڵەی بەسەرچوی پاشایەتی ئێران بگەڕێنەوە و ببنەوە بە ئەڵتەرناتیڤی حوکمڕانی..یان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمان حیزبی قەومی کوردی لێکچوی هەمان دەستەڵاتخوازو گەندەڵەکانی باشوری کوردستان..یان حیزبێکی ئیسلامی/سونە، لە جێگای دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەستەلات بگرنە دەست..!، ئەوا لە ڕوی زانستی سیاسیەوە، ناتوانین بڵێین گۆڕانکاری ڕیشەیی لە شێوازی دەستەڵاتداریەتی و حوکمرانی لە ئێراندا دروستبوە، ناتوانین بڵێین خەڵکی ئێران و هاولاتیان بە ئەلتەرناتیڤێکی باشترو نوێ گەیشتون..! چونکە زۆرینەی حیزبەکانی سەرتاسەری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە جەوهەردا خاوەنی هەمان عەقڵی سیاسی و پاوەنخوازی ودەستەڵاتخوازی و گەندەڵ و نادادپەروەری کۆن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەسەرچون، ئەم جۆرە حیزبانە ئەوەندەی چاویان لە دەستەڵاتی تایبەتی و پەتی خێڵو بنەماڵەی خۆیانە..ئەوەندە چاویان لە ژیانێکی هاوبەش و گشتی هاولاتیان نییە..وە بەهای مرۆڤ و ئازادی و مافی مرۆڤەکان بە تاک و کۆوە لە بیر و عەقڵی سیاسی و دەستەڵاتداریەتی ئەم حیزبانەدا بونی نیە، ئامانجی ستراتیژی ئەم حیزبە دەستەڵاتخوازانە، بەدەستهێنانی بەشە دەستەڵاتی خۆیانە، لە هەمان فۆرم و شێوازی دەستەڵاتداریەتی و حوکمڕانی کۆن و مێژویدا!..

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## کاریگەرییەکانی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە لەئێران، بەزێنەری سنووری وڵاتانو نەتەوەکانە



**موئەیەد ئەحمەد**

ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری ئێستا لەدژی سەرکوتی ژنان و حیجابی زۆرەملێ و ڕژێمی ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا، پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ خەباتی ژنان، چینی کرێکار، کۆمۆنیستەکان و ڕزگاریخوازان لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە شۆڕشەکانی میسر و تونسەوە و لە ساڵی (٢٠١١)وە، سەرەڕای هەموو ئەو پاشەکشە و سەرکوتە دڕندانەیەی کە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕووبەڕووی هەوڵ و تێکۆشانی ملیۆنان کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی نەدار بۆتەوە، بۆ ڕزگاربوون لە چنگی ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی ئیسلامی و ناسیۆنالیستی بۆرژوازی؛ پارێزەران و نوێنەرانی سیستەمی سەرمایەداری و بەربەریی سەرمایە، نەک هەر ئەم خەبات و هەوڵانە نەوەستا، بەڵکو دووپاتیان کردەوە کە سیمایان شۆڕشگێڕ و چینایەتییە و سنووری وڵاتان و نەتەوە و مەزهەب و ئایین و ڕەنگ و ڕەگەز و جەندەر تێدەپەڕێنن.

هەروەها ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) لە عێراق و هاوکات لەگەڵیدا بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی لوبنان و خۆپیشاندانی جەماوەر لە ئێران دژ بە گرانبوونی نرخی بەنزین، وێستگە بەیەکتر بەستراوەکانی خەباتی جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و چەوساوەی ئەم وڵاتانە بوون. ئەوەی ئێستاش لە ئێراندا دەگوزەرێت، قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتووی ئەم خەباتەیە، بەو پێیەی کە ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانەیە لەدژی بەکۆیلەکردن و ستەمی ژنان، و بەم مانایەش پرۆسەی شۆڕشگێڕانەی لە هەموو ناوچەکەدا بە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی فراوان و قووڵ دەوڵەمەند کردووە.

بۆ یەکەمجارە دوای ساڵانێکی دوورودرێژ لە کۆنترۆڵی ئیسلامی سیاسی بەسەر ژیان و گوزەرانی جەماوەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خرۆشانێکی لەم چەشنە و بەرپەرچدانەوەیەکی بەهێزی ئاوا دێتەمەیدان بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی بەسەر ژیان و چارەنووسی ژناندا. ئەمە جگە لەوەی کە یەکەمجاریشە چالاکی سیاسی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کرێکار، چ ژن و چ پیاو، لە ناوچەکەدا بەجۆرێک سەرهەڵدەدات کە چەقی ئەم چالاکییە لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە دژی سەرکوتی ژنان و حجابی زۆرە ملێ ڕاوەستابێ، و هێز و تواناش لە پرسی ڕزگاربوونی ژنان و یەکسانیان وەربگرێت.

وەک هەموو پرسێکی گەورەی کۆمەڵایەتی دیکەی مێژوو، ئەوەی چارەنووسی ژنان و ڕزگاری کۆتاییان لە ڕەوەندی پێشهاتەکانی ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەدا دیاری دەکات، بە تایبەت لە ئەگەری سەرکەوتنیدا، پێشڕەویی شۆڕشە بۆ گەیشتن بە ئامانجە کۆتاییەکەی، کە لە شۆڕشی ئێستادا، لەناوبردنی ئەو کۆڵەکە بنەڕەتیانەیە کە کۆیلەکردنی ژنانی لەسەر وەستاوە، کە ئەویش سەرمایە و سیستەمی سەرمایەدارین، بەڵام ئەم پێشکەوتنە لە ڕەوتی شۆڕشدا، بێگومان پێویستی بە پەرەسەندنی خەباتی یەکگرتووی چینی کرێکار و ژنی چەوساوە و هەموو هەژاران هەیە. کەواتە ڕوونە کە کاریگەرییەکانی ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ڕوودەدات، لە چوارچێوەی ئەم وڵاتەدا قەتیس نامێنێتەوە، نەک تەنیا لەبەر فراوانی و گەورەیی ئەو گورزەی کە هەتا ئیستا ڕاپەڕین لە ڕژێمی ئیسلامی ئیرانی داوە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە شۆڕشگێڕانەیە لەسەر بنەمای خەبات دژی بە کۆیلەبوونێکە، کە نەک هەر کۆماری ئیسلامی لەسەر ڕاوەستاوە، بەڵکو سەرمایە و سیستەمی سەرمایەداری لە ئێران و وڵاتانی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی پێ بەرقەرار کردووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاریگەرییەکانی شۆڕش لە دژی حیجابی زۆرەملێ و ڕژێمی ئیسلامی ئێران، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، لە ویژدان و هۆشیاری ملیۆنان ژن و ئازادیخوازانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەنگی داوەتەوە. ڕووبەڕووبونەوەی ژنان و ئازادیخوازان دژ بە دەسەڵات و چەپۆکی ئیسلامی سیاسی و ڕژێمەکەی بەسەر ژنان لە ئیران، و ڕاپەڕین بەسەر سیمبولی ئەم دەسەڵاتەدا؛ حیجابی زۆرەملێ، واقیعێکی نوێ و قۆناغێکی پێشکەوتووی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان و جەماوەری کریکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئەم وڵاتەدا دروست کردوە و بەمەش توخمێکی چۆنایەتی بۆ توخمەکانی پرۆسەی شۆڕشگێڕی لە تەواوی ناوچەکەدا، بە عێراقیشەوە، زیاد کردووە.

ئەم واقیعە نوێیە خۆی دەسەپێنێت بەسەر کارنامەی هەر هەڵچوونێکی جەماوەری داهاتوودا کە شایەنی ئەوە بێت بە شۆڕشگێڕانە وەسف بکرێت. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ماددی مێژووییەوە ئەم ڕووداوانەی ئێران هەڵسەنگێنین، دەبینین ئەگەرەکانی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ئێستا، یان گۆڕینی هاوسەنگیی ئێستای هێزی نێوان جەماوەری شۆڕشگێڕ و هێزەکانی دژە شۆڕش بە قازانجی ئەمەی دووەمیان، هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە ئەم ڕووداوانە پرسی ئازادی و یەکسانی ژنانی، وە بە شێوەی کردارێکی جەماوەری، کردە بەشێکی سەرەکی پرۆسەی شۆڕشگێڕانە لە ناوچەکەدا.

ئەمەش، بە سادەیی، بەو مانایەیە کە ناتوانرێت نە ڤێرژنێکی سەرکەوتووی نوێی شۆڕشەکانی میسر و تونس لە ناوچەکەدا دووبارە بکرێتەوە، وە نە ڤێرژنێکی نوێی سەرکەوتووانەی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری عێراق، بەبێ تێپەڕین و زاڵبوون بەسەر یەکێک لە خاڵە لاوازە سەرەکییەکانیاندا، کە ئەویش جێگیرکردنی ڕزگاری و یەکسانی ژنانە لە تەوەرەی ئەولەویەتەکانی ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینانەدا.

ڕژێمی خوێنڕێژی ئیسلامی لە ئێران ڕۆژانە تاوان لە دژی ڕاپەڕین ئەنجام دەدات و تا ئێستا دەیان کەسی کوشتووە و بەردەوامیش دەبێت. هەروەها هێزە دژە شۆڕشە بۆرژوازییەکان؛ دەوڵەتان و حزبەکان و ڕەوت و جەمسەرە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکان، یەکگرتوو دەبن بۆ سەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕ و جەماوەریانە لە ناوچەکەدا و بە هەموو ڕێگەیەک لە هەوڵدا دەبن بۆ لەباربردنیان، وە لەگەڵ پەرەسەندنی دۆخی شۆڕشگێڕانەدا، بە ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆر، هەوڵ دەدەن کە وڵاتانی ئەم ناوچەیە نوقم بکەن لەنێو شەڕ و میلیتاریزم و شەڕی بەوەکالەت و تاوانەکانی دیکەدا، بەڵام کرێکاران، خەڵکی زەحمەتکێش، بێبەشان، ژنانی چەوساوە، لاوانی کرێکار و ئازادیخواز، هێزێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی پێکدەهێنن کە دەتوانن سەربکەون.

یەکێک لە فاکتۆرە هەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی ئەم هێزە چیانیەتیەی کرێکاران و زەحمەتکێشان ئەوەیە کە هەمان ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیستەمەی کە زوڵمیان لێدەکات و ئازادی و ژیانێکی ئاسوودە و خۆشگوزەرانی لێی زەوت کردوون، لەسەر شیلەی گیانی هەمان ئەم هێزە بنیات نراوە و لە سەر بەرهەمی کار و زەحمەتی ئەو بەڕێوە ئەچێ. ئەم واقعیەتەش بۆ خۆی سەرچاوەی سەرهەڵدانی خەباتی چینایەتی کریکاران و زەحمەتکێشانە بە بەردەوامی، نەک تەنها لەناو وڵاتێکی دیاریکراودا، بەڵکو لەناو سیستەمێکی جیهانی پێکەوەگرێدراوی سەرمایە و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا.

ئەنجامدانی خەبات لە دژی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ستەم و هەڵاواردن و پەراوێزخستنی چینی کرێکار و ژنان و هەموو توێژە هەژار و بێبەشەکان، و یەکخستنیان لە یەک خەباتی چینایەتیدا، لەناو وڵاتێکی دیاریکراودا و لەسەر ئاستی وڵاتانی جیاواز، و بەرزکردنەوەی ئاڵای شۆڕشگێڕ و سۆسیالیستی وئینترناسیۆنالیستی لە لایەن حیزبەکانی کرێکاران، گەرەنتی سەرکەوتنی خەباتی ئەم چین و گرووپە کۆمەڵایەتییانەیە.

خەبات لەدژی بەکۆیلەکردنی ئێستای ژنان لە ئێران و عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و لەدژی فۆرمی ئیسلامی و ناسیۆنالیستی پیاوسالاری ئەم بەکۆیلەکردنە و دژی ئەو ڕژێمە سیاسییەی کە بەرجەستەی دەکاتەوە، هەنگاوێکی گەورەی شۆڕشگێڕانەیە لەسەر ڕێگای خەباتی شۆڕشگێڕانە لە دژی تەواوی ئەو سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەی کە ئەم بێبەشکردنە بەرهەم دەهێنێتەوە.

با بەهەموو هێزوتواناوە پشتیوانی لەو خەباتە شۆڕشگێڕانەیە بکەین کە لە ئێراندا دەگوزەرێت لە دژی زوڵم و چەوساندنەوەی ژنان و حیجابی زۆرە ملێ و لەدژی ڕژێمی ئیسلامی سیاسیی دەسەڵاتدار، با بوەستینەوە بە ڕووی هەموو ئەو ڕەوت و حیزبە بۆرژوا ناوخۆیی و دەوڵەتە ئیمپریالیست و ناوچەییانەی کە دەیانەوێت ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیە بۆ ئامانجە سیاسیەکانی خۆیان و بۆ بەرژەوەندیەکانیان لە ململانێی جیۆ سیاسی و جیۆ ئابوری بقۆزنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کۆسپەکانی بەردەم شۆڕشی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و ئایندەی



رەحیم هاشمی ئەمجەد

لە دوو مانگەی شۆڕشی گەلانی ئێرانین، بەبێ جیاوازی چین و توێژ، رەگەزی نێر و مێ و ئاین و باوەڕ و مەزهەب، لەسەرتاسەری رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران شۆڕشێکی جەماوەری بە پێشەنگایەتی ژنان بەرێوە دەچێت. بێ پسانەوە ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیە جەماوەریانەی کە لە ئاستی راپەریندا بوون، لەئێستا بەسەرکەوتووی قۆناخێکیان بڕی و دەربازی سەردەمێکی نوێ بوونە.

کۆمەڵگەی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵگەیەکی زیند و خاوەن جموجۆڵی سیاسی و دیموکراتیە، بۆیە وەک چۆن خۆرسکانە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانیان دەستپێکردووە، تائێستاش تەنها بەئیرادەی شەقام و خودی بڕیاری کۆمەڵگە نارەزایەتیەکان بەردەوامن، ئەمەش یەکێکە لەنیشانەکانی سەرکەوتن.

لە ماوەی رابردوو چ دەسەڵاتی ئێران و چ هێزە ئۆپۆزسیۆنە کلاسیکەکان ویستیان رەوتی خۆپیشاندانەکان بە ئارەزووی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆیان بسوڕێنن، بەڵام وەک بینیمان خۆپیشاندەران زوو فرۆفێڵەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی کلاسیکیان بینی، بۆیەش تەنها ئەوەی باوەڕیان پێ هەیە ئەوەیان بەردەوام کردووە.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەدایە، بەشێک لەم گۆڕانکاریانە بە بەهاری گەلان کە لە ٢٠١١ لەباکووری ئەفریقیا دەستی پێکرد دروست بوون. کۆمەڵگەی باکووری ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبی لەبەر ئەوەی خۆیان لەلایەنی جیهانبینییەوە باش ئامادە نەبوو، بۆیە زوو رەوتی شۆڕشی گەلان لەلایەن زلهێزە جیهانیەکان و هێزە قەوارەپارێز و کۆنەپەرستە ئاینیەکان دزرا و ئاراستەکەی بەشێوەیەکی نادیار بردرا، نمونە رەوشی ئەمڕۆی لیبیا، تونس، میسر و هەتا سوریا ژێر دەسەڵاتی ئەسەد و بەناو ئۆپۆزسیۆنی سوریاش. بۆیە هۆشیاری گەل دەتوانێ رێگری بکات لە دەستتێوەردانەکانی دەرەوە، هەمانکات رێگری بکات لە خۆسەپاندنی هێزە کلاسیک و کۆنەپەرستەکانیش، نمونە، شۆڕشی رۆژئاوای کوردستان و باکوور و رۆژهەڵاتی سوریا تائێستا سەرکەوتوو بووە لە بەردەوامیدان بە رەوتی پێشکەوتنخوازانەی شۆڕشی گەلانی دیموکراتی.

درووشمی شۆڕشی گەلانی رۆژهەڵات - ئێران کە ژن، ژیان ، ئازادیە، بەسەرکەوتووانە پارێزرا و تا دەچێ ئەو درووشمە زیاتر برەو دەستێنێ و ئیتر ژن و پیاو و گەنج و منداڵ و مرۆڤە بەتەمەنەکان بەبێ جیاوازی و بەهەموو باوەڕیانەوە ئەو درووشمە دەڵێنەوە، لەگەڵ ئەوەش درووشمی مردن بۆ دیکتاتۆر و جیاوازی نییە ستەمکار چ شاه بێ یان رابەر یان لێ زیاد کردووە. واتا خۆپیشاندەران هەنگاو بە هەنگاو خۆیان ئامادەکرد بۆ شۆڕشێکی جەماوەری سەرتاسەری.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – رێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## لە کۆبوونەوەی ئاریا (ARRIA)

لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئاریا (ARRIA) لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەموو ئەو نوێنەرانەی قسەیان کرد پشتوانییان لە مافەکانی مرۆڤی خەڵکی ئێران کرد، بێجگە لە نوێنەری چین و ڕووسیە. لێرە دەقی قسەکانی ئەو دوو نوێنەرە دەبینن. با بمێنێ بۆ مێژوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## وتەکانی باڵوێزی چین:




**کەماڵ حەسەن پوور**

"... کارکردی کۆبونەوەکانی ئاریا ئەوەیە لە چاوپێکەوتنی ناڕاستەوخۆدا باسی پرسی وا بکات کە پەیوەندی بە ئاشتی و ئاسایشی ناونەتەوەییەوە هەیە .ئەوەی لەو دواییانەدا لە ئێران قەوماوە بە تەواوی لە چوارچێوەی پرسی ناوخۆیی ئێراندایە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئاشتی و ئاسایشی ناونەتەوەییەوە نییە و نەدەبوو ببێتە باسێک لە کۆبوونەوەی ئاریادا. پێمخۆشە ئەوە دووپات بکەمەوە کە چین هەمیشە دژی دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکە بە هەر بیانوویەک بووە و دژی بە ناو شۆڕشی ڕەنگی بە پاڵپشتی چەند وڵاتێک لە وڵاتانی دیکەدایە کە لە ژێر ئاڵای دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بەڕیوە بچێ. چین لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەوڵەتی ئێران بۆخۆی توانایی هەڵسوکەوتی شیاوی دەگەڵ پرسە پەیوەندیدارەکان هەیە. وڵاتانی دەرەوەی ئەو ناوچەیە دەبێ وزەی ئەرێنی بە ئاشتی و سەقامگیریی ئەو ناوچەیە بدەن، نەوەک بە پێچەوانە".

## وتەکانی باڵوێزی ڕووسیە:





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"لەبەر ئەوە کە ئەو دانیشتنە لە لایەن ئاڵبانی و ئەمریکا، لە ژێر فۆرمی ئاریادا ڕێکخراوە، ئێمە پێمان وابوو دەکرێ لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشدا تێیدا بەشدار بین. ئێمە ڕاستگۆیانە لە مردنی کچە ئێرانییەکە، مەهسا ئەمینی، بەداخین. ئێمە پێمانخۆشە سەرەخۆشی خۆمان پێشکەشی بنەماڵەکەی بکەین و گومانمان لەوەدا نییە کە کاربەدەستانی ئێرانی لێکۆڵینەوە لە مردنەکەی دەکەن. بەڵام با وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە. ئەمڕۆ ئێمە بۆ لێرەین؟ بۆ دەربڕینی نیگەرانیی لەبارەی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران و هەروەها ناڕەزایەتی بروکسێل، پاریس، بەرلین؟ ئێمە دەمانهەوێ بێبەزەیی هێزەکانی سەپێنەری یاسا مەحکوم بکەین؟ دەمانهەوێ کوژرانی جۆرج فلۆید لە لایەن پۆلیس و شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان دوای ئەو وەبیر بێنینەوە، دەمانهەوێ ... ئەدی ئەشلی بابۆت کە بە تەقەی هێزی ئاسایشی پایتەخت دوای ناڕەزایەتی ساڵی ڕابردوو کوژرا؟ دەمانهەوێ باسی ئەو بکەین؟ ئێمە زۆر لە بارەی فرەلایەنی و متمانە دەبیستین، لە کاتێکدا کە پرینسیپە سەرەکییەکەی فرەلایەنی لە پێڕەوی ناوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە، ئەوان پرینسیپی یەکسانی لە نێوان دەوڵەتانی سەربەخۆدا، دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیە، لە ناو لیستەی پرینسیپەکاندا مافەکانی مرۆڤ دەوری سەربەخۆ و ڕەنگبی گرینگترین کێشی هەبێ، یان دەبوو هەبێ ئەگەر هەموو دەوڵەتان ڕاستگۆیانە و بێلایەنانە ئامادە بان پشتگیریی یەکتر بکەن و گرینگییان بە چارەسەر کردنی کێشەکانی ڕۆژانە دابا. لێرە هیچ کەس ساویلکە نییە، بیرۆکەی پشت ئەو کۆبوونەوەیە تەواو جیاوازە. ڕێگا بدەن تەنیا وەبیر بێنمەوە کە هیچ ئامرازێکی ناونەتەوەیی لە بواری مافەکانی مرۆڤدا ڕێگا بە ئەنجومەنی ئاسایش نادا دەوری چاودێریی بەسەر کارکردی مافەکانی مرۆڤەوە هەبێ، ئامانجی سەرەکی کۆبوونەوەی ئەمڕۆ، هێرشێکی دیکەی سیاسی بۆ سەر ئێرانە. ئێمە پێویستیمان بە بەهێز کردنی دەسەڵاتی چەمکی پرینسیپی مافەکانی مرۆڤە، ئەو لە دەیەکانی ڕابردوودا بە کۆبوونەوەی وەک ئەو یەکە بێ ئیعتیبار کراوە ".

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی کەماڵ حەسەن پوور – ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کوردستان لە قوربانی دان و خەباتدا لە پێشە



**مستەفا شڵماشی**

خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران پەنجا رۆژیان تێپەڕاند و هێشتا بە گوڕ و تینێکی بێ وێنەوە، درێژەیان هەیە. بە هەمو پێوەرەکان ئەم راپەرینە مەزنە بەرەو شۆڕشێکی جەماوەری مەزن کە بتوانێ نیزامی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی بەرەو زبڵدانی مێژوو پاڵ پێوەنێ، لە حاڵەتی گەشەکردن دایە. ئەوەی کە تا ئێستا هەست پێ دەکرێ، جگە لە کوردستان هیچ بەشێکی دیکەی ئێران، لە لایەن حیزب و رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیەوە رێنوێنی و هیدایەت ناکرێن. ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نەیتوانی و ئەوەندە پایەگای نەبو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دا کە جڵەوی ئەو راپەرینە گەورەیە بەدەستەوە بگرێ و بە تێچویەکی کەمترەوە بەرەو سەرکەوتن رێبەری بکا. لە کوردستان بە پێچەوانەوە، ناوەندی هاوکاری و حیزبەکانی دیکەش نیشانیان دا کە خاوەن پێگەی سیاسین لە کوردستان دا. بەتایبەت دەرکەوت کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەن پێگەیەکی بەهێزە لە گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان دا.

ئێستا کاتی ئەوەیە کە حیزب و رێکخراوەکانی رژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ناوەندی هاوکاری رۆڵی پێشەنگ بگێرن لە راگەیاندنی ئاڵتەرناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامی. هەروەک کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانیش رۆڵی پێشەنگ دەگێرن لە گەشە پێدان و بەرفراوان بونەوەی شۆڕش دا. کاتی ئەوە هاتووە کە پەیوەندیی پتەو لە گەڵ رێبەرانی شەقام لە نێوخۆی ئێران دا پێک بێ.

کاتی ئەوە هاتووە بە مەشوەرەت لەگەڵ رێبەرانی شەقام و ئۆپۆزیسیۆنی کاریگەر دەوڵەت لە تاراوگە پێک بێ. کاتی ئەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاتووە دەوڵەتی فیدراڵی کوردستان لە تاراوگە پێک بێ و هەر لە تاراوگە بیر لە داڕشتنی یاسای بنەڕەتی بۆ ئێرانی دوای ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بکرێتەوە. نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران پێویستە هەوڵ بدەن کە پێش دروستکردنەوەی ئێران مافەکانیان بە شێوەی تەوافوقی بەڕەسمی بناسرێن.

کوردستان لە قوربانی دان و خەباتدا لە پێشە، هەر بەوڕادەیەش دەبێ لە بڕیاردان دا لە پێش بێ. ئەوە ئەرکی ڕێبەرانی سیاسیە کە ئەو مافە دەستەبەر بکەن. لە غەیری ئەوەدا ئێمەی کورد دیسان ڕەنج بەخەسار دەبین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## خۆپێشاندەر گیانیان لەدەستداوە



خۆپێشاندان و نارەزایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە ئەمنییەکان

سیروان عەباس

خۆپێشاندانەکانی ئێران پێدەنێتە هەفتەی حەوتەم تاوەکو ئێستا نزیکەی ٣٠٠ خۆپێشاندەر گیانیان لەدەستداوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆپیشاندانەکان دوای ئەوەی دەستیپێکرد کە کچێکی خەڵکی سەقز بە ناوی ژینا ئەمینی دوای دەستگیرکردنی گیانی لەدەستدا کە بە گوتەی باوکی کوژراوە.

رۆژی ٣١ - ١٠ - ٢٠٢٢ باوکی کۆمار، ئەو گەنجەی لە خۆپیشاندانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە گوللە گیانی لەدەستدا لەکاتی بەخاکسپاردنی تەرمی کورەکەی بە گریانەوە گوتی، "ئەو کوڕەی من ٢٥ گەلاوێژ لەدایکبوو نێوم لێنا کۆمار، خۆشبەختم ئەگەر لەسەر هیچ نەکوژراوە لەسەر ئازادی و خاک شەهید بووە خۆشبەختم کە شەهید بوو، جەرگبڕی زۆر ناخۆش، نەودیوە.. جەرگم کون کون بووە، بەڵام با فیدای ئەو خاکەی بێ".

نارەزایەتییەکان لە گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینییەوە دەستیان پێکرد، کە باوکی دەڵێت: دوای دەستگیرکردنی کوژراوە. ئەو بەتۆمەتی پەیرەونەکردنی بالاپۆشی لەلایەن پۆلیسی رەوشتی تاران دەستگیرکرابوو .

نارەزایەتییەکان بەشێوەیەکی کەموێنە زانکۆ و تەنانەت قوتابخانەکانیشی گرتووەتەوە؛ هێزی ئەمنیش هەوڵی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان دەدات.

ئەوین مستەفازادە، چالاکڤانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان گوتی، لە شارەکانی دیکەوە هێزی ئەمنی هێنراون بۆ شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت خەڵک باسی ئەوە دەکەن کە بەشێک لە هێزەکان "خەڵکی ئێران نەبوون."

بەڵام سەرەرای گیانلەدەستدانی نزیکەی ٣٠٠ خۆپیشاندەر لە ئێران، هێشتا ژیلەمۆی خۆپیشاندانەکان، نەکوژاوەتەوە و زیاتر کڵپە دەسێنێت.

بەپێی بەدواداچوونەکانی تۆڕی میدیایی رووداو، لە ماوەی ٥٠ رۆژی خۆپیشاندانەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لە ٦٠ هاونیشتمانی گیانیان لەدەستداوە و سەدانی دیکەش بریندداربوون، هەروەها رۆژانە ژمارەیەکی زۆر هاونیشتمانیش دەستگیر دەکرێن کە ئێستا ژمارەیان نزیکەی هەزاران کەسە.

دەسەڵاتی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە نارەزایەتییەکان، سەرەتا دەستی بۆ برینی هێڵەکانی ئینتەرنێت برد.

رۆژی ١٧- ٠٩ - ٢٠٢٢ ژیلا موستەئجر، ئەندامی بەڕێوەبەری رێکخراوی هەنگاو گوتی، ئینتەرنێت لە شارەکانی ژۆژهەڵاتی کوردستان داخراوە، بەو هۆیەشەوە هیچ زانیارییەک لەبارەی ناسنامەی ئەو کەسانەی دەستگیرکراون لە بەردەست نییە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەکو لە ڤیدیۆکەدا دەردەکەوێت لە دیواندەرە، هاونیشتمانییان چوونە سەر شەقام، هێزە ئەمنییەکانیش رووبەڕوویان بوونەوە. لە رێورەسمی بەخاکسپاردنی ئەو خۆپێشاندەرانەی گیانیان لەدەستداوە، درووشمەکان توندتر بوون.

دوای مەرگی ژینا ئەمینی، خۆپێشاندانەکانی سەقز بە شار و شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا تەشەنەیان سەند.

لە هەر پێنج پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هاونیشتمانییان چوونە سەر شەقامەکان، لە پارێزگای ورمێ، ناوەندی ورمێ و شارەکانی مهاباد؛ پیرانشار؛ بۆکان، نەغەدە، شنۆ، سەڵماس، خۆی و چەندین شار و شارۆچکەی دیکە.

لە پارێزگای سنە، لە شاری سنە، سەقز، مەریوان؛ بیجاڕ، بانە، قوروە، دێولان، دیواندەرە، کامیاران و ناوچەکانی دیکەی سەر بەو پارێزگایە خۆپێشاندان دەکرێت.

لە پارێزگای کرماشان، ناوەندی کرماشان، سەرپێڵ، قەسری شیرین، جوانرۆ و شارەکانی دیکەی خۆپێشاندان دەکرێت. هەروەها لە پارێزگای ئیلام، لە خودی شاری ئیلام، ئاودانان، دەرە، شار و شارەکانی دیکە خۆپێشاندان دەکرێت.

لە پارێزگای لوڕستانیش، ناوەندی لوڕستان، خوڕەمئاوا، بروجرد و شار و شارۆچکەکانی دیکەی پارێزگاکە خۆپێشاندان دەکرێت.

حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش، رۆژانە پەیام و داواکاریی ئاراستەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن.

مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێت، "هەموو خەڵکی راپەڕیوی شارەکانی ئێران بە رێپێوانی هێمنانەوە پشتیوانی بکەن لە خوشک و براکانیان لە کوردستان بەتایبەت لە شارەکانی مهاباد بۆکان و سنە و شارەکانی دیکە کە کەوتوونەتە بەر هێرشی کۆماری ئیسلامیی ئێران."

وێڕای گەورەیی خۆپێشاندانەکان، بەرپرسانی ئێرانی ناوی "ئاژاوە"یان لێناوە و لایەنی دەرەکی بە ورووژاندن و هەڵخەڵەتاندنی ئێرانییەکان تۆمەتبار دەکەن.

رۆژی ٢٧ - ١٠ - ٢٠٢٢ حوسێن سەلامی، فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی ئێران رایگەیاند، "بە گەنجەکانمان، بەو ژمارە کەمەی کە فریودراون جارێکی دیکە دەڵێینەوە، واز بێنن لە ئاژاوەنانەوە، ئەمڕۆ دوا رۆژی ئاژاوەکانە، چی دیکە مەچنە شەقام."



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ٤٣ ساڵەی حوکمڕانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ٣ شەپۆلی فراوانی نارەزایەتیی دژ بە دەسەڵات سەریان هەڵداوە، بەڵام سەرهەڵدانی ئەمجارە لە رووی بەشداریی چین و توێژە جیاوازەکان، بەرفراوانیی جوگرافیایی و زۆریی ژمارەی بەشداربووانەوە یەکێکە لە گەورەترین نارەزایەتییەکانی ٤٣ ساڵی رابردووی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دژ بە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە.

لە ئاستی نێودەوڵەتی و رای گشتیی جیهانیشدا، لە دەیان شاری جیهان خۆپێشاندان کراوە. دواییینیان خۆپێشاندانی زنجیرەیی بوو کە لە ئاسیاوە دەستی پێکرد و بە ئەوروپا و ئەمریکا تێپەڕین و بە ئەمریکای باشوور گەیشتن.

سارا موڕادی، هاووڵاتییەکی ئێرانی دانیشتووی ئیتاڵیا دەڵێت، "ئێمە بۆ خۆمان شەڕ ناکەین، بەڵکو لە بری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها جیهانیش شەڕ دەکەین. حکومەتی ئێران کار لەسەر بڵاوکردنەوەی درۆ دەکات و دەیەوێت بە جیهان بڵێت کە گوایە ئەم باڵاپۆشییە کولتووری ئێمەی ئێرانییە، ئێمە شەڕی ئازادییەکانمان دەکەین، ئەمە درۆیەکی گەورەیە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – رێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نەوەی ژینا .... ناسنامەی گەڕۆک و ڕیشەدار



**ئەفراسیاب گرامی**

هەر نەوەیەک ڕۆڵەی سەردەمی خۆیەتی، ئەم دێڕەم لە باوکم وەرگرتوە. ئەم نەوەیە ڕزگاری دەوێ. نەوەی ئێمە، لە دایکبوانی دەیەی شەست، بە دوای چرایەکدا دەگەڕاین کە ڕووناکی ببەخشێ بە دەروون و هیوامان. درزمان دەخستە تاریکی بۆ ئەوەی ڕووناکی بێتە ژیانمانەوە. سەردەمی تاریک، سەردەمێک کە پێمان وابوو ڕیفۆرم گۆڕانێکی گەورەیە. تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ دەروویەکی گەورەیە. پێمان وابوو لەبەر کردنی شێعرەکانی قانع، هەژار و هێمن، شۆڕشێکی نەتەوەییە و دەیان کەس بە لاپەڕە شێعرێکی قانعەوە دەستبەسەر دەکرا. ترس هەبوو لە خوێندنەوەی شێعر. نەوەکان پێش ئێمە تێکدەری خەونی تاریکی بوون، تێکدەرێک کە دەیانویست ڕووناکی لە ناخی ئێمەدا بچێنن و ڕووناکی فەرامۆش نەکرێ. بۆیە هەر نەوەیەک سەردەمی خۆی و ژیان و بەرخۆدانی خۆی هەیە. بەڵام ئەم نەوەیە، نەوەیەکە دەنگی دەبیسترێ، لە دنیای تێکنۆلۆژیی ئەمڕۆدا کات و شوێنی پێکەوە گرێ داوە. نەوەیەکە ئەیهەوێ پانتایی ژیانی ڕووناک بێت، ڕۆژی ڕوون و خۆری نوێ لە وڵات و لە ژیانیدا هەڵ بێت. نەوەیەکە لە دایکبووی ئایدۆلۆژیا و خەونە گەورەکانی دنیا نیە. نەوەیەکە وەک کۆتری بەسەر باڵی زراڤی ئەنترنێتەوە دەگەڕێ و دنیا دەپشکنێ بۆ ئازادی و خەونەکانی. ناسنامەی ئەم نەوەیە پەیوەستە بە جیهانی ئاڵۆزەوە کە ئازادی و دێموکراسی بنەماکەیەتی و خۆشبژێوی ترۆپکی ئازادیەکەیەتی.

هەمە هیوای ڕزگاری، چونکە کۆماری ئیسلامی ئەوەندە ژیانی تاریکی بەخشیوە بە خەڵک، بە درزێک شەقی تێ دەکەوێ. وەک مەسیح عالی نەژاد وتی، حیجاب دیواری بەرلینی کۆماری ئیسلامییە، حیجاب نەمێنێ کۆماریَ بە ناوی کۆماری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامیش نامێنێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## بە سوریەیی کردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،



**ئەفراسیاب گرامی**

بەڕای من زیاتر لە روانگەی تیۆری توطئە و پیلانگێڕییەوە سەرچاوە دەگرێ. ڕۆژهەڵات و سوریا دوو ژینگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی جیاوازییان هەیە. لە ئەگەری ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامی، قەڵەمبازیی ژیۆپۆلیتیک بە باری بەرەی ناتۆدا دەسووڕێ و شوێن و پێگەی ڕووسیا دەکەوێت. بە جۆرێک کە دەروویەکی تری ڕووسیا لە ڕێگای سنووری ئاوی خەزەرەوە دائەکەوێ و ناتۆ نزیک دەبێتەوە، چونکە جێگرەوەی ئێران نزیکترین هێز دەبێ لە ناتۆ و ئەمریکا. تورکیا زۆر جار بێگوێی ناتۆ دەکات، بەڵام دەوڵەتی نوێی ئێرانی بێگومان چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێ. هاوکاتیش دەبێ بیر بکەینەوە کە یەکێ لە دوژمنەکانی کورد، تورکیایە. تایم مارشاڵ، زانای ژیۆپۆلیتیک دەڵێ کوردەکان لە زیندانی ژیۆپۆلیتیکی دان، ئەگەر نزیک ببنەوە لە ناتۆ، دەبێ دۆستی تورکیا بن کە نین و تورکیا داگیری کردوون، ئەگەر پشتی تێ بکەن ئەوا زیندانەکەیان بەرتەسکتر دەبێتەوە. لەم روانگەوە خوێندنەوەی دۆخی جوگرافیای سیاسیی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە تایبەت، ململانێی سەرەتا زلهێزەکانە، دواتر وڵاتانی ناوچە و دواجار کورد بۆ خۆیەتی. مارشاڵ دەڵێ فاکتەری هێزی ئیتنیکی بەهێزە، دەتوانێ وەک ئورووپای سەدەی پێشوو دەیان وڵات دروست بن کە نە سنووری ئاویان هەیە و نە بەسەر زلهێزەکاندا دابەش بوون. ئەو پێی وایە کوردستانی گەورە نامومکینە و نایەتە دی. چونکا ژیۆپۆلیتیکی کورد دوای شەڕی جیهانی یەکەم دابەش بووە و تێکدانی بەرژەوەندییەکانیش سەختی دەکاتەوە. بۆیە زۆر کەس پێیان وایە پژاک دەبێتە هۆی ئەوە تورکیا هێرش بکاتە سەر ورمێ و دەوروبەر کە بە ڕای من هیچکات روو نادات و سنووری تورکیا و ئێران، سنووری سوریا و تورکیا نیە و تورکیا دەخاتە مەترسییەوە.

مارشاڵ پێی وایە دروستبوونی هەرێم، دەتوانێ دەوڵەتێکی سەربەخۆ و کارامەی هەبێ. بۆ ئێران دەڵێ، ئێران وڵاتێکە کە هەڵناوەشێتەوە و فاکتەری هەڵوەشاندنەوەی تێدا نیە، هەرچەند فرە ئیتنیکیشە. سەرەڕای ئەم فەزایە بەسەر کوردستانەوە، بە سووریەیی کردنی رۆژهەڵات بەڕای من تیۆرییەک کە نایەتە دی. یەکەم هێزەکان جیاوازن، بەرژەوەندیی ناوچەیی و ناوخۆیی ناگاتە ئەو قۆناخە. هەڵبەت ئەگەری شەڕی ناوخۆیی هەمیشە بەهێزە و کورد هەتا ئێستاش زەرفیەتی بۆ شەڕی ناوخۆیی هەیە و ئامادەیە بیکات. (هەڵبەت ئەوەی ئێستا لەسەر شەقامە، بیر لە هیچ کام لەم دەرفەت و هەڕەشانە ناکاتەوە جیا لە ڕووخانی ڕێژیم).

کۆتایی قسە ئەوەیە، هیچ پلاتفۆرمێکی سیاسی لە بەینی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نیە. تەنانەت ناوەندی هاوکاری لەسەر هیچ خاڵێکی هاوبەش ڕێنەکەوتوون جیا لەوەی کە پێکەوە بەیننامە یان کۆدەنگییان هەیە. کەواتە شەڕی ناوخۆیی، پیلانگێڕی تێکدەرانە سەرەتا لە ناو ناوەندی هاوکارییەوە دزە ئەکات و هێزێ وەک پژاک دەتوانێ بیقۆزێتەوە بۆ بەرەیەکی دژبەرانە.

بەڕای من کاتێ نکوولێش بکرێ لە هێزێک، سا بە هەر ئایدۆلۆژییەکەوە حزووری هەبێ، ئاڵۆزیی خۆی دروست دەکات و ئەگەری گرفت و پێکەوەنەسازانی لێ دەکەوێتەوە. بەر لەوەی ڕوو بدات، گفتوگۆ و دیالۆگی ڕەخنەگرانە نێوان هێزەکان، چالاکانی سیاسی، تا ئاستی بلۆککردنی یەکتریش پێویستە بۆ ئەوەی ئەگەرەکان کەم بێتەوە و کۆمەڵگا نەکەوێتە گێژاوی شەڕی ناوخۆیی.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە بیری ئازادیدا ئێمە باڵادەستین




حوسێن کوردنەژاد

ژن، ژیان، ئازادی، بەو واتایە دێت کە تاک، سەرەڕای ڕەگەزی، پێویستە حسابی بۆ بکرێ؛ ئەم حسابکردنەش لە دنیای ئەمڕۆدا یانی وەک "هاووڵاتی" ببینرێت.

ژیان بە واتای هەبوونی ئاسایشی مرۆیی (هیومەن سێکوریتی)، کە خۆی لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دەبینێتەوە. ئازادییش یانی ئازادی لە سەردەستی خەڵکی تر و ئازادی بۆ بەشداریی لە دیاریکردنی چارەنووسی ژیانی سیاسی و ئابوریی خۆیدا.

ئەورووپای بەرەو مۆدێرنیتە، بە ساڵان ماڵی خۆی وێران کرد و لە کۆتاییدا بڕیاردرا کە هەموو یەکتر قبووڵبکەن و هەرکەسە سەرووەریی خۆی بۆ ئیدارەدانی ژیانی سیاسی و ئابووریی خۆی وەدەستبێنێت.

لەو دەمەوە ئەوروپا بەرەو پێش ڕۆیشتووە و وڵاتانی گەورە و بچووک بە گشتی لە ئاسایش و پێشکەوتندا دەژین.

لە باکووری ئەورووپاوە وەڕێدەکەوی تاکوو دەگەیە سنووری یۆنان و تورکیا، کە کۆتا سنووری ئەورووپای دیمۆکراتیکە؛ هەست ناکەی کە سنووری ئەو هەموو وڵاتانەت تێپەڕاندووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر میللەتە سنوور و ئاڵا و سەروەریی خۆی هەیە و سەروەریی هیچیان نەبووەتە هۆی شکستی ئەوی تر.

لە ناوچەی ئێمەدا میللەتێکی ٤٠ تا ٥٠ ملیۆنی کە لە دژی ویست و ئیرادەی خۆی دابەشکراوە، ڕووبەڕووی تاریکبینی و دواکەوتوویی سیاسەتی سێ میللەتی تورک و فارس و عەرەب بووەتەوە. نەک هەر کوردیان لە ژیان بێبەش کردووە، بەڵکو گەشەی وڵاتانی خۆشیان قوربانی ئەم تاریکبینییە کردووە و ڕووی گەشە و ئازادی نابینن.

کورد زیاتر لە سەد ساڵە چاوەڕوانە نوخبەی سیاسی و زانستیی ئەم سێ میللەتە لەو تاریکایەتییە ڕزگاریان بێت و تێبگەن کە کورد ئەگەر سەروەریی خۆشی بە دەستبێنێت، هەر لە شوێنی جوگرافیایی خۆیدا وەک جیران و هاوکار لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە.

ڕزگاریی کوردستان شتێک نییە کە بیخەینە نێو کۆڵەپشت و بۆی بڕۆین، ئێمە هەتا هەزاران ساڵی تریش هەر لێرەین و هەر پێکەوەین. گوتارێکیان ساز کردووە کە هەرکات باسی کورد هاتە گۆڕێ، باس لە جیابوونەوە و لەنێوبردنی وڵات دەکەن. بۆ ئەوەش هەموو کاتێک خەڵک کۆدەکەنەوە و بە گژ کورددا دەچنەوە و لە ئاستانەی هەر گۆڕانکارییەکیشدا ئەم پرسیارە دەوروژێننەوە کە داخوا کورد جوداییخوازە؟ کوردیش دەبێ بە جۆرەها شێوە بیسەلمێنێ کە جوداییخواز نییە. پاشان ئەگەر مومکین بوو کەمێک دەستەڵات بەرەو کورد شۆڕدەکەنەوە.

ئەم تاریکبینییە نەگەیشتووەتە هیچ کوێ و ناگاتە هیچ کوێش، ئەوەی پێویستە وەڵام بدرێتەوە ئەوەیە کە داخوا نوخبە و سیاسەتی ئەم میللەتانە حەقی کوردی بۆ بڕیاردان لە ژیانی سیاسی و ئابووریی خۆی دەسەلمێنن یان نا؟

ئەگەر سەلماندیان ئەوجا بەشداریی هاوبەش لە پرۆسەی سیاسیی هاوبەشدا مانای دەبێ، دەنا دیسان دەبێ سەدەیەکی تر چاوەڕوان بین تاکوو ئەمان لە تاریکبینیی مێژوویی خۆیان دەردێن.
ئەزموونگەلی ڕابردوو سەلماندویانە و هەڵویستی هەنووکەیی کوردیش دەیسەلمێنێت کە لە بیری ئازادی و قبووڵی سەروەریی میللەتاندا، ئێمە باڵادەستین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کۆتایی ئێرانی پێش ژینا ئەمینی



**مەجید نیزامەدین گلی**

**بەڵێ، ئەمە سەرەتای کۆتاییە. ئیدی گەڕانەوە بۆ دۆخی پێش خۆپێشاندانەکان ئەستەمە. بە ڕێکەوت نییە کە سەرۆکی ئەمریکا جۆ بایدن رایگەیاند "نیگەران مەبن، ئێران ئازاد دەکەین. بەمزووانە [ئێرانیەکان] خۆیان ئازاد دەکەن." من لێرە باسی ئەوە ناکەم کە ئەو پێشبینییەی جۆ بایدن راستە یان نا، بەڵکو باسی ئەو راستییە نوێیانە دەکەم دەربارەی پێگەی نوێی ئێران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆش کە وایکردووە سەرۆکی ئەمریکا بتوانێت بەو جۆرە باسی ئێران بکات.**

**باسی ئاماژەی نێودەوڵەتی دەکەم کە ڕەنگدانەوەی باوەڕی نوێی بڕیاربەدەستانی واشنتن و تارانیشە کە ئەمەی ڕوودەدات گۆڕانکارییەکی گەورەیە. لە کاتێکدا زەحمەتە بە وردی بزانین لە ناو ئێران چی ڕوودەدات، سێ پێشهاتی دەرەکیی ئەم هەفتەیە ئاماژەی بەهێزن کە ئێرانی پێش ژینا ئەمینی کۆتاییهاتووە و تاران و واشنتن بەگوێرەی ئەو راستییە دەستیان کردووە بە ڕەفتارکردن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:**

**یەکەم: راپۆرتی هەواڵگریی ئەمریکا و سعودیەیە لەبارەی ئامادەکاریی ئێران بۆ هێرش لە دژی سعودیە و هەرێمی کوردستان.**

**دووەم: ئەم هەفتەیە بۆ یەکەم جار ئیدارەی بایدن بەئاشکرا دەڵێت، "ناگەڕێینەوە دانوستاندنی ئەتۆمی".**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**سێیەم**: لەم هەفتەیە، گومان لای ئەمریکا و ناتۆ نەما کە ئێران بەتەواوی لەبارەی مۆسکۆیە و قەبارەی پابەندیی ئێران بە پشتگیریی سەربازیی رووسیا گەورەتر و کاریگەرترە لەوەی پێشبینی دەکرا.

**پێشهاتی یەکەم** ئاماژەیە بە شپرزەیی تاران. هێرشکردنە سەر سعودیە بژارەیەکی نیمچە - خۆکوژییە. تەنها کەسێک بیر لەو جۆرە بژارەیە دەکاتەوە کە هەست بکات بژارەی دیکەی لە پێش نەماوە و نەخێر، ئەوە تەنها هەڕەشەیەکی ئێرانی بەتاڵ نییە. سەرچاوەیەکی ئەمریکی دەڵێت، ئێرانیەکان ئامادەکارییان کردووە و هیچ ئاماژەیەک نییە لەو ئامادەکارییانە پەشیمان بووبنەوە. هەولێر و سعودیە ئامانجی گورزێکی سەربازیی ئێرانی چاوەڕوانکراوە و، لێرە گومان نییە کە باجی لێدانی سعودیە لە لێدانی هەولێر زۆر زیاتر دەبێت.

**پێشهاتی دووەم** ڕەنگدانەوەی باوەڕی واشنتنە کە ئەمەی لە ئێران روودەدات کاتی نییە و دەکرێت دەرئەنجامی گەورەی هەبێت. پێش ئەم هەفتەیە بەرپرسانی ئیدارەی بایدن بە دوودڵی باسی ئەگەری نەگەڕانەوەیان دەکرد بۆ دانوستاندنە ئەتۆمییەکە. لەوە گرنگتر، تاوەکو پێش ئەم هەفتەیە دانوستاندنە ئەتۆمییەکە هەر ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو لەبارەی ئێران. بەڵام ئەم هەفتەیە ئەوە گۆڕا. بەرپرسی یەکەمی فایلی ئێران لە ئیدارەی بایدن بە ئاشکرا دەڵێت، "ئێمە کات بەفیڕۆ نادەین" بە دانوستاندنی ئەتۆمی.

بەرپرسێکی باڵاتری دیکەی ئیدارەکە بێ ئەوەی ناوی ئاشکرا بکرێت بە رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جێرناڵ) دەڵێت، تەواو ئیدی سەرنجی ئەمریکا لەسەر دوو خاڵە: خۆپێشاندانەکان و رۆڵی ئێران لە شەڕی ئۆکرانیا. بە منیان گوت، ئەو بەرپرسە کێیە و بۆچی ئێستا ئەم قسەیە دەکات. ئەگەر دەپرسیت بەبێ رێککەوتننامەی ئەتۆمی، پلانی ئەمریکا چییە بۆ رێگەگرتن لە دروستبوونی بۆمبی ئەتۆمیی ئێرانی؟ وەڵامەکە: سەربازییە. بەڵێ، ئیدارەی بایدن خەریکی پلاندانانە بۆ گورزی سەربازی، ئەگەر ناچار بکرێت. ئەمەش ئاماژەیە کە ڕادەی بێمتمانەیی ئەمریکا بە کۆماری ئیسلامی و هەروەها داهاتووی گەشتووەتە ئاستێکی زۆر کەم.

ئەمەش دەمهێنێتە سەر ئەوەی بۆچی پێشهاتی سێیەم گرنگە کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکردووە. لەوانەیە پێتوابێت کە ئێران و رووسیا هەر لە زووەوە بەهەمان ئاست هاوپەیمانن و ئەم پشتگیرییەی تاران بۆ مۆسکۆ لە شەڕی ئۆکراینا هەر لە سەرەتاوە بەهەمان ئاست بووە، بەڵام وا نییە. ناردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و پشتگیریی لۆجستی شتێکە، پابەندبوون بە ناردنی مووشەکی بالیستی و چەکی ستراتیژی یارییەکی دیکەیە.

ئەم پابەندبوونە قووڵەی ئێران بە مۆسکۆ تەمەنی لە چەند هەفتەیەک زیاتر نییە. سەرچاوەیەکی ئەورووپی ئەنجوومەنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئاسایشی نێودەوڵەتی دەڵێت، زۆر روونە کە پابەندبوونی تاران بە مۆسکۆ بەم رادەیە پێشهاتێکی نوێیە و، تاران دەزانێت باجی ئەم پابەندبوونە بە مۆسکۆ گورزێکی بەهێز دەبێت لە پەیوەندییەکانی بەتایبەتی لەگەڵ ئەڵمانیا و بەریتانیا کە تاوەکو ئێستا دوا هیوای تارانن بۆ زیندووکردنەوەی رێککەوتننامەی ئەتۆمی و دەستکەوتنی ملیاران دۆلاری ئەمریکی.

ئێرانییەکان باش دەزانن کە ئامادەکاری بۆ ناردنی مووشەکی بالیستی بۆ رووسیا چ باجێکی قورسی دەبێت و دەبێتە دوا بزمار لە تابووتی رێککەوتننامەی ئەتۆمی، بەڵام وا دیارە سوورن لەسەر ئەنجامدانی ئەو هەنگاوە و بەردەوامن لە ئامادەکاری. بۆچی؟ تاوەکو ئێستا روون نییە. ئایا تاران لەو باوەڕەیە کە وەکو بەشار ئەسەد لەوانەیە پێویستی بە مۆسکۆ بێت بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشێکی سەرتاسەری لە ئێران؟ جگە لەوە مۆسکۆ هیچ شتێکی دیکەی نییە کە تاران ئەوەندە پێویستی بێت کە ئاوا بەتەواوی و ئاشکرا خۆی بخاتە بەرەی رووسیاوە.

هۆکارەکەی هەرچی بێت، دەرئەنجامەکەی روونە، تاران بەتەواوی دەچێتە بەرەی رووسیا لە شەڕێک کە ئەمریکا و ناتۆ بە "مان و نەمان" دەیبینن. خۆ رێکەوت نییە هەر لەم ٢٤ کاژێرەی رابردوودا خەزانەی ئەمریکی و ئەڵمانی پێکەوە دەستیان کردووە بە هاوئاهەنگییەکی فراوان بۆ زیاتر سزادانی ئێران؟ یان نوێنەری بەریتانیا لە پڕ لەم هەفتەیە هاوسۆزی بۆ خۆپێشاندەران دەربڕی و دەیەوێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان بابەتەکە زەقبکرێتەوە؟ ئەمە گۆڕانکارییەکی گەورەیە بۆ ئەوروپایەک کە نزیکەی ٢٠ ساڵە لە پشت کامێراکانەوە هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی نێودەوڵەتیی ئێران دەدات.

تاوەکو ئێرە شرۆڤە بوو بە پشتبەستنی راستەوخۆ بە زانیارییەکان. ئینجا با من بۆچوون و پێشبینی خۆم بڵێم بەگوێرەی ئەوەی لێرە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان دەیبیستم و گوێم لێدەبێت و هەستی پێدەکەم. بۆنی گۆڕانکارییەکی گەورە دێت. هیچ نەبێت، ئەمە سەرەتای کۆتایی ئەو کۆماری ئیسلامییەیە کە سێبەری بەسەر بەغدا و بەیرووت و دیمەشق و سەنعاوە زاڵە، ئەگەر نەشڕووخێت، ناچارە ریفۆرمی گەورە بکات و لاواز دەربکەوێت و هەر سەرقاڵی دۆخی ناوخۆی بێت، ئەگەر ریفۆرمی گەورەش نەکات، ناچارە هەوڵ بدات شەڕێکی دەرەکی هەڵبگیرسێنێت و قەیرانەکە بگوازێتەوە بۆ دەرەوە، ئەگەر ئەوەش نەکات، ئەوە ناچارە دەیان هەزار ئێرانی بکوژێت کە دەرئەنجامەکەی مەترسیی شۆڕشی سەرتاسەری و بە "سووریاکردنی" ئێران دەبێت. هەر سێ سیناریۆکە پڕە لە مەترسی بۆ مانەوەی سیستەمەکە وەکو خۆی.

بەڵام ئەوانەی شارەزای دۆخی ناوخۆی ئێرانن و فارسی دەزانن پێم دەڵێن یەک شت هەیە کە ئەگەری نییە و مەحاڵە بگەڕێتەوە دۆخی پێش ژینا ئەمینی: گەڕاندنەوەی ترسە بۆ دڵی چینی ناوەند لە ئێران. تەواو ترسەکە شکاوە و داواکارییەکان تەنیا ئابووری و سیاسی نین، بەڵکو لەبارەی خودی بەهاکانی کۆماری ئیسلامین، ئەگەر ئەم خۆپێشاندانانەش ئەمڕۆ سارد بێتەوە، سبەی سەرهەڵدەداتەوە. کۆماری ئیسلامی پێش ژینا ئەمینی کۆتاییهات و ناگەڕێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وەکو لە سەرەوە باسم کرد و دەبینن، وا دیارە بڕیاربەدەستانی تاران و واشنتن لەسەر بنەمای ئەو راستییە نوێیە سیاسەت دەکەن. کاتی ئەوەیە سەرکردایەتیی کوردیش زوو درک بەو هاوکێشە نوێیە بکات کە خەریکە دروستدەبێت. گۆڕانکاری بەڕێوەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## ژینا کیژی چاوکراوەی فێرە زانینی کورد!




**محەممەد بایزیدی**

تاڵی پەرچەمی تۆ چ پەیامێکی شاراوەی پێ بوو تا لە شاری شەهیدانەوە بەرەو پێتەختی بێدادی هەڵتگری؟ ئاگات لێیە، پارێزەرانی تاریکی چاوی دیتنی جووتێ پەرچەمی دەرکەوتوو لە ژێر حیجابی زەوڕەملی کیژێکی دڵ پڕ لە هیوای ئەم کوردستانەیان نەبوو...بۆیە وا دڕندانە زامداریان کردی. چ ئیلهامێکت لە دڵدا بوو تا ڕاست لە پێتەختی تاوان و درۆ و زوڵمەوە خوێنی خۆت بکەیە هەوێنی ڕاپەڕینێکی گشت گیر. تەخت و بەختی ئاخوندەکان بێنێتە لەرزین. سنورەکانی جارێ تێپەڕێنێ. دڵۆپەی خوێنی تۆ بوونە نەوت و ژیلەمۆی ڕقی پەنگخواردووی شار و گوندی کورردستانیان گڕ دایەوە. زۆردار هەموو شەوێ زڕە خەون بە زولفی پەرێشانی تێکەڵ بە خوێنی تۆوە دەبینێ و وەک پەتی سێدارەی گەردنی خۆی دەشوبهێنێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وایان زانی تۆش وەک زۆر کیژی لاوی دیکە خێرا لە بیر دەچیەوە...نەیانزانی تۆ کێژۆڵەی نێو باوەشی شاری شەهیدانی، جەستەی کوتراو و لە خوێندا شەلاڵت بێ دەنگ ناچێتە ژێر گڵەوە. هێشتا جەستەی خوێناویت بەرەو شاری باوان نەگەڕابۆوە، بۆنی ڕاپەڕین لە کوردستان دەهات. هەر ئەو ڕۆژە تۆ لە نێو گۆڕدا ئارامت گرت، سروودی "بە تەنیا جێم مەهێڵن، ئەمشەو زریان دەمچێنێ، تەم و مژ دام دەپۆشێ مانگەشەو دەم ڕفێنێ" بە کۆڕسی هەزاران مرۆڤی بەشدار لە سەر مەزارت گوترایەوە. هەر ئەو ڕۆژە لەسەر کێلی گۆڕت نوسرا "ژینا تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز" هەر لەوێ بوو، "ژن، ژیان، ئازادی" عەرشی داگیرکەری هێنایە لەرزین. کوردستان هەمووی مانی گرت."دیواندەرە و سنەی" خوێناوی نێوی تۆیان کردە ڕەمزی ڕاپەڕین و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"شەقام و کۆڵانی شاریان کردە سەنگەری بەگژداچوونەوەی هێزەکانی جەهل و نەزانی. لەو ڕۆژەوە کیژان و کوڕانی تینووی ئازادی شەقامیان کردۆتە گۆڕستانی بەکرێگیراوانی پارێزەری دڕندەترین دەسەڵاتی سەردەم. نە شەهیدبوونی هاوڕێیانیان دەیان ترسێنێ، نە گرتن و ڕاوەدوونانی بێ ئەژمار دەتوانێ ورەیان دابەزێنێ. لاوان بە خوێنی خۆیان ئاگری کڵپەسەندووی خوێنی پاکت بەتینتر دەکەن و تا کات زیاتر تێدەپەڕێ، زیاتر دوژمن و چڵکاوخۆرانی دەبنە خۆراکی ئەو ئاگرە. ڕقی شۆڕشگێڕانەی لاوان هەموو ئەوانە تەمبێ دەکات کە هێشتا بڕوایان بە لەسەرپێ وەستانی ڕێژیم ماوە و خوێنی لاوان دەڕێژن.

دە ڕابەوە و سەیری کیژ و کوڕی شنۆی جوان و ڕەنگین بکە چۆن چۆکیان بە دوژمن دادا و دەستیان بە سەر شاردا گرت. هەستەوە و گەڕی دیلانی لاوە خوێنگەرمەکانی سنەی خوێناوی ببینە، چۆن لە نێو شارێکی موڵدراو بە هێزی سەرکوت و زەبر و زەنگدا گەڕی ڕەشبەڵەک هەروا درێژتر دەبێتەوە. سروودی "سەرهەڵدان ژیانە، بەخۆدان ژیانە" گوێی ماندوو و ڕاهاتوو بە درێژدادڕی هێزی سەرکوتکەر کەڕ دەکات. ئاخر سنە یەکەم قوربانی دڕندەیی دوای ڕوخانی ڕێژیمی حەمە ڕەزا شا بوو. بە نەورۆزی خوێناوی دەستی پێ کرد و لەو ساوە پاشکۆی خوێناوی بە دوادا دێت. قەت خوێنی کۆنی قەتماغەی نەبەست کە دووبارە خوێنی تازەی لاوانی بەسەر دا کرایەوە، بەڵام سنە هێشتا هەر خۆڕاگرە، سنە ئێستا لە هەموو کاتێک سەربەرزترە. کیژان و کوڕانی سنە پشت ئەستوور بە ورەی کەس و کاری شەهیدانی ئەمجارەن. ئەوان نییەری شەهیدانی مینبەریان لە پشتە، چۆک بۆ دوژمن دانادەن. کەس و کاری شەهیدانی ئەمجارە کچ و کوڕیان هی نیشتیمانە و هەموو داوایان درێژەدانی ڕێگایانە.

ژینا گیان!

ڕەمزی ڕاپەڕینی خۆت و گلێنەی چاوی کوردان، ئاپۆرای خەڵکی سەربەرزی شارەکەت لە چلەی مەرگی ناوادەت دا گوڕ و تینێکی دیکەیان بەبەر ڕاپەڕیندا کردەوە و بوونە کێوێک لە ورە و خۆڕاگری و مەشخەڵی داگیرساوی دەستی کیژان و کوڕانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سنە یان ڕووناکتر کردەوە. وەک چۆن مەرگی ناوادەت بوو بە چەخماخە ڕاپەڕین، چلەی شەهیدبوونیشت بۆ جارێکی دیکە هێزی بەبەر ڕاپەڕیندا کردەوە. چلەی تۆ بوو بە دەسپێکی چل چلەی گوڵانی پەڕپەڕبووی ڕاپەڕین و خرۆشانی دەریای ڕق و بێزاری خەڵک لە دەسەڵات .

ژینا گیان! تۆ بە خوێنی خۆت بوویە ئاودێری نەمامی ئازادی و هەوێنی شڵەقاندنی گۆمی مەنگی بێدادی. نێوت هێندە گەورەیە تەنانەت ئەوانەش کە چەپڵەیان بۆ دزینی ناوی کوردانەت لێ دەدا، ئێستا شانازی بە تۆ وە دەکەن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## شۆڕشی ژینا، شۆڕشی هەمووان



**ڕەند زارعی**

بەرچاوترین تایبەتمەندیی ئەم شۆڕشە کراوەبوون و ڕادیکاڵبوونییەتی. بە واتایەکی ساکار، شۆڕشێکی فرەڕەنگە و زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگا تێیدا جێیان دەبێتەوە و جێی هەمووان دیارە.

هەروەک دەزانین و دەرکەوتووە کورد لەم شۆڕشەدا بە ڕەنگ، ڕۆڵ و داخوازی خۆیەوە بەشدارە. هەربۆیەش شتێکی سەیر نییە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کە دەنگی کورد لەوانی تر لە ئێراندا جیاواز و هەڵگری مانا و نێوەرۆکێکی تر بێت. ئەوەی لە دەنگی کورداندا تایبەتە فرەچەشنی و جۆراوجۆربوونە کە هێندێک بە خاڵی لاواز و هێندێکیش بە دەرفەت و نیشانەیەکی ئازادیخوازانەی دەزانن. هەرچۆنێکی لێک بدەینەوە، کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نیشانی دا کە یەکگرتووە و بە شێوەیەکی رێکخراو و جیددی بە دوای مافەکانی خۆیەوەیەتی.

لە نێو فرەچەشنی و رەنگاڵەبوونی دەنگ و رۆڵی کورددا کە بە بڕوای من کراوەترین بەش و دیوی شۆڕشی ژینایە، دەنگی ئایینی و دژەئایینی، دێمۆکراسی و پاوانخوازی، فێدراڵی و سەربەخۆیی، پیاوسالاری و ژنسالاری هەن و دەبیسترێن و دەبیندرێن کە هەموویان لە جێی خۆیان لە کراوەبوونی ئەم شۆڕشەدا گرینگن و پێویستە وەک خۆیان مامڵەیان لەگەڵ بکرێ تا ئەو جێگایە کە لە دژی بەرەی ئازادیخوازاندا نەبن.

لەم نێوەدا دەرکەوتنی مامۆستایانی ئایینی کورد لە پشتیوانی بەرەی خەڵکیدا لەگەڵ ئەوەدا کە مافی خۆیانە بە پێی باوەڕی خۆیان برۆنە پێش، هاوکاتیش کارێکی پیرۆز و پێویستیشە. چونکە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان باوەڕی ئایینی خۆیان هەیە و هەرکەس بەو باوەڕەی هەیەتی - تا ئەو جێیە کە نەبێتە هۆی ئازاردان و زەوتکردنی ئازادی کەسانی تر- مافی دەربڕین و ژیانێکی ئاسایی هەیە.

هەر لەم پەیوەندییەدا وا باشە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە یەکەم؛ شۆڕشی ژینا لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵگری هیچ ئایدیۆلۆژی و ئایینێک نییە، دژی هیچ ئایین و ئایدیۆلۆژییەکیش ڕانەوەستاوە (جیاوازی هەیە لە نێوان دەسەڵاتی ئایینی و خودی ئایین کە نابێ لێمان تێک بچێ) و دووهەم؛ شۆڕشی ژینا هەوڵە بۆ گەڕاندنەوەی سەروەری مرۆڤ و ئازادی؛ واتە مەلا و ئیماندارانیش مافی خۆیانە وەک مرۆڤێکی ئازاد بە باوەڕی خۆیانەوە بژین، سێهەم؛ جیاوازی هەیە لە نێوان مامۆستایەک و ئاخوندێکی ئایەتوڵڵاهی و چوارەم؛ لێدان لە بەهاکانی هەر ئایینێک لەم شۆڕشەدا لە بەرژەوەندی شۆڕشەکەدا نییە (دیتمان ڕژیم لە شوێنە ئایینییەکان کاری تێرۆریستی کرد و مەبەستەکەش دیارە کە ڕووبەڕووبوونەوەی ئایینە لەگەڵ ئازادیخوازان) و خاڵی کۆتایی؛ مامۆستایانی ئایینی لە کوردستانیش (بەشی هەرەزۆریان) لە ڕژیمی نگریسی فاشیزمی ئایینیدا وەک زۆربەمان لەبەر باوەڕی جیاواز لەگەڵ شێعەدا چەوسێندراونەتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بۆ هاوڕێ نووسەر و بیرمەند و خەباتکارە ڕۆژهەڵاتییەکانم



**ڕێبوار سیوەیلی**

١- هیچ شتێک لەوە بەختەوەرانەتر نییە مرۆڤ لە خزمەت و کەناری ئێوەدا بێت. لەگەڵ کوڵان و دانبەخۆداگرتن و خەبات و شەهیدبوون و برینداری ئێوەدا بریندار و برژاو و شەهید بێت. دەزانم ئێوە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بن، دڵتان بە نەزمی شەقام و ترپەتان لەگەڵ فرکانی شەقام و خوێنتان لەسەر شەقامی ڕاپەرین دەڕژێت. من کە هیچم پێناکرێت، دەمەوێ بەم وشانە، بێدەسەڵاتانە بچمە پاڵ هەستی ئێوە و گوێ لە دەنگی حەماسەتان بگرم.

٢- ڕەنگە ئەوە چارەنووسی کوردبوون بێت، کە ئاوا پێکەوەمان کۆدەکاتەوەو هەر ئاواش لیکترمان دابڕ دەکات. مێژووی هەست و شعووری کوردیش لە ئەدەبیات و شیعر و هزریندا هەر بەم جۆرە بووە: هەمیشە کوردەکان هاوهەست بوون و هەر یەکەشیان بە جیا و لە پێگەی جوگرافیی و مێژوویی خۆیاندا بەرخۆدانیان کردووە. ئێوە ئێستا ئاڵاکەتان لەدەست و پێشمەرگەی شەقام و هەستی ئێمەشتان بۆخۆتان بردووە. زمان لە ئاست خۆڕاگریی و بوێریی ئێوەدا دەستەوەستان و هزر دۆشداماو و هەست خرۆشاو.

٣- جوانترین دیمەنەکان لە ناو ئەو داستانە مرۆییەدا ئەو خرۆشە جەماوەرییەی کوردستانەکەمانە، کە هەر ڕۆژەی لەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیسبوونی گەڵایەکیدا، لەگەڵ شەهیدبوونی ڕۆحێکیدا، شارێک، شارەدێیەک و گوندێک لقیی خۆیان دەبەخشنەوە شەقام و ویستی بەردەوامی گوڕ دەداتەوە بەر تێکۆشان و تازییە و مەرگەسات بە کەرنەڤاڵی تێکۆشان وەڵام دەدرێتەوە. ئەو ماوەیە دەبینم ئێوە لەناو زمانێکی قەتیسماودا لە ناو شیعرر و پۆستی فەیسبووکی پڕ ڕەمز و ڕازی دەربڕیندا خۆتان دەخۆنەوە و دەتانەوێ "هەرچەند ئەکەن ئەو خەیاڵەی پێی مەستن، بخەنە ناو چوارچێوەی هەڵبەستەوە". بۆیە پێشبینی دەکەم ئێوە هەر تەنیا حەماسە ناخولقێنن، بەڵکو شۆڕشەکەش هەڵدەگێڕنەوە بۆ شۆڕشێکی هزری و ئەدەبی و ئێستاتیکی ئەوتۆ، کە ببێتە بەشێک لە ویردی زانەوەی داهێنان. لەوەدا حەسوودیتان پێدەبەم، کە هێشتاش گوڕی داهێنان لە خوێنتاندا هاژەی دێت و وەک من و بەرەی من لە نێو دنیای مادییگەرایی و خەسانی دنیاپەرستیدا گیرتان نەخواردووە.

٤- گرنگترین شت لەم داستانەدا ئەوەیە، کە هەرگیز بەوجۆرە بۆ خەڵک نەدوێین کە دەستێکی فەریادڕەس لە دەرەوە فریامان دەکەوێت. ڤێزەونترین دەستی فەریادڕەس ئەوەیانە کە لە دەرەوە دێت. ئێمە لە باشوور، ئەوەی هەشمان بوو لە چاوەڕوانیی ئەو دەستە فەریادڕەسەدا، لە دەستماندا و ئەوەی هیی خۆمان بوو، ئەو دەستە هات و بردی و دزی و لێی سەندین. بۆیە نابێت ئەم دەستە ڕەشە، ئەم هاوپەیمانێتییە درۆزنانەیە، ئەم پشکدارییە ساختەیە لە خەباتی ئێوەدا دووبارە بێتەوە و هەر لە ئێستاوە دەبێت دژی ئەو دەنگ و ڕایەڵانە بوەستینەوە، ڕێخۆشدەکەن بۆ بەهاناوەهاتنی وەها دەستێک، کە جگە لە چەپەڵی و دزی و بەرژەوەندی خۆی، بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکاتەوە. ئەگەر دەستێکی وا هەیە، دەبوو لە چل ساڵی ڕابردوودا ئەوەندە ئاسانکاری نەکردایە بۆ مانەوەی ڕژێمێک، کە ئێوە لە ئێستادا خوێنتان لەسەری دەڕژێت.

٥- کورد لە مێژووی خۆیدا ئەوەی هەیبووە و بەدەستی هێناوە، بەرهەمی دەست و بیری خۆیەتی. مانەوەی لەسەر خاکەکەی، داهێنانە ڕۆحی و مادییەکانی، بەردەوامییەکەی و سووربوونی لەسەر بەردەوامی، هیچکامیان بەرەنجامی ئەو دەستە چاوەڕوانکراوە دەرەکییە بەناوی هاوپەیمانی و دۆستایەتی و شتی ساختەی لەو جۆرەوە نەبووە. بۆیە لەم خەباتەشدا هەر جۆرە چاوەڕوانییەک لە دەستی میهرەبانی دەرەکی، بەفیڕۆدانی ئەو وزە و ویستە ناوەکییەکەیە کە خۆت هەتە. دەبێت لەم خەباتە بگەڕێینەوە بۆ ئەو هزرینە نەریتی و دەستە بیناکەرەی کە چۆن ڕۆژانە خۆی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا نوێ دەکاتەوە، ئاواش بیکەینە پاڵپشتێک بۆ بیناکردنی داهاتوو، نەک تەسلیمی هاوپەیمانێتی و تەوقەیەکی دۆستانەی ساختەی بکەین، تا ئەوەی بیناشمان کردووە، بە هەر ناوێکەوە لێمان بدزێت. خەباتی نەتەوەیی و مرۆیی لە ڕۆحی نەتەوەو تاک تاکی ئەو مرۆڤانەدا سەرچاوەی گرتووە، کە بەشدارن لەو خەباتەدا، نەک ئەوانەی پاشان دێن و وەک ڕزگارکەر لە دوا ڕۆژەکانی حەماسەدا لێمان دەبنە قارەمان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٦- بۆیە دووبارەکردنەوەی خەبات و تێکۆشانی هەرێم و باشووری کوردستان و جڵەودانە دەست فەریادڕەسە دەرەکییەکان بە هەر ناوێکەوە، چارەنووستان لە باشوور جوانتر و دیپلۆماسیتر ناکات، کە کۆمپانیا زەبەلاحەکان بوونەتە حاکم بەسەر ڕۆحی ئەم مرۆڤەوە؛ کە لە ئێستادا هیچ بەهایەکی نەتەوەیی و هیچ شوناسێکی بۆ نەماوەتەوەو لەسەر خاکی خۆی دەبێت ئەو زەمانانە بزانێت کە سەرمایەدارییەتی مۆدێرنی مشەخۆر، بەسەرییەوە کردوونییەتە ماڵ و زەمانی زگماک و دایکیی خستۆتە کونجی عوزلەت و تەنیایی و گۆشەگیرییەوە.

٧- ئەگەر بمانەوێت ئەم خەبات و داستانەی شەڤام کە بە (ژینا) دەستی پێکرد و هەزارانی لە خۆیەوە ئاڵاند، هەر بەو ڕۆحە ژنانەیی و دایکانەیەوە بمێنێتەوە، ئەگەر بمانەوێت ئەو ڕۆحە دایکانەیە بەردەوامی وەربگرێت، نابێت زاری ئەم زارۆی تێکۆشانەی شەڤام لە مەمکی دایکانەی خۆی لە پای هاتنی دەستی فەریادڕەسی بێگانەدا، بگرینەوە. پێویستە ئەو پەیوەندییە سرووشتییە لە نێوان کۆرپە و دایکیدایە تا جیابوونەوەی سرووشتییانەی خۆی بەردەوام بێت و ڕێگە نەدەین هیچ وادەیەک، چاوەڕوانییەک، پەیمانێکی درۆزنانە ئەو پەیوەندییە بشێوێنێت و ئەو کۆرپەیە لە سەرچاوەی خۆراک و مانەوەی خۆی دابڕ بکات. چونکە ئەو دەم هەم کۆرپەکەی شۆڕش لە ڕووی ڕۆحییەوە بە دایکی ڕەسەنی خۆی نامۆ دەبێت و هەمیش لە ڕووی جەستەییەوە پەککەوتە و نوقستان و بێ بڕستی لێدەردەچێت. کەوایە هەر لە ئێستاوە پێویستە ئەو بەردەوامییە لە ناخ و ناوخۆی خودێکەوە بێت، کە هەم بە کردە و هەم بە ئیرادە ماوەی مانگێک زیاترە خۆی لە بەرامبەر دڕندەترین ڕژێمدا سەلماندووە. پێویستە وزەی بەردەوامی لەو توانایییە شاراوەیەی کوردبوون و مرۆڤبوونەوە بێت، کە بۆتە هۆکاری مانەوەی هەزاران ساڵەی، کە وێڕای لەتلەتبوونی جوگرافیا و زار و زمان، لە ئێستادا خەریکی خۆیەگرتنەوە و خۆ کۆکردنەوەیە. ئێمە پێویستیمان بە زیندووکردنەوەی بەرزەمرۆیی و سوپەرمانە ناخەکیی وئەو خودەیە کە (نالی) دەیفەرموو: کاری خۆکردی دەکا.

٨- ئەم (خود)ـە هەر ڕۆژەی لە دەڤەر و شار و گوند و شەڤامێکەوە خەریکە لەتبوون و پارەچەکانی خۆی کۆدەکاتەوەو لە هەر پەرتبوونێکی خۆی ڕزگار دەکات و دەبێتەوە ئەو یەکایەتییەی کە بەسەر دابەشبوونە دەستکرد و بەزۆرەکاندا زاڵ دەبێت و دەیەوێت لە دایبک بێتەوە. دوێنی کرماشان، پێرێ سنە و ساباڵخ و جوانڕۆ و بانە و ئەمڕۆژ شوێنەکانی دی لقی خۆیان بپێشکەش دەکەن و زیندوویی بە بەردەوامی دەبەخشن. بۆیە نابێت چارەنووسی ئەم لەدایکبوونەوەیە بدەینەوە دەست ئەو مامانە ساخاتانەی کە لە دنیای دەرەوە، بە نییەتی جیاواز و بە ئامانجی جیاواز دەیانەوێت کۆرپەکە لەگەڵ لەداکیبوونیدا بخنکێنن. چونکە، کە ئەوەیان بۆ سەر چوو، کە وایانکردن بمانهێننە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەوە ئەوانن بە هەناسەی دەستکرد و بە حیکمەتی خۆیان کۆرپەی ناخی ئێمەیان بە زیندوویی هێشتۆتەوە و ئەگەر ئەوان نەبن، ئێمە دەمرین و لەناو دەچین، ڕێک ئەو مێژووەی (نیتشە) دەیگوت: بەرەنجامی دووبارەکردنەوەی (درۆیە)کە، دێتە دی و ئیدی ئێوەش وەک ئێمە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە باشوور بۆ ئەبەد دەبێت بڕوا بەو مێژووە بکەین و تا هەین مننەتباری بین. هەر کات گەلان ویستی خۆیان دابێتە دەست قارەمانە دەرەکییەکان، هەرکات نەتەوەیەک هەموو هێلکەکانی خۆی خستبێتە سەبەتەی یەک فەریادڕەسەوە، وەک ئێمەی لێدێت کە لە باشوور بۆ هەر شتێک، دەبێت چاومان لە لوتف و خێر و بێری دەستە بێگانەکان بێت و لە پێناوی ئەمەشدا هەموو شتێکی خۆمان لەدەستداوە.

٩- بەردەوامی و وزەی ڕەسەن و سووربوون لەسەر ئەوەی خودی خۆمان بین، وزەیەکی ناخەکی و خودییە لە ناوەوەی خۆماندا و دەبێت لەم دۆخی تەنگانەیەدا پەنا بۆ ئەو وزەیە بەرینەوە، نەک لە چاوەڕوانیی هیچکەس و لایەنێکدا وزەی داهێنەرانەی ساردبکەینەوە. کەس لە دەرەوە نایەت تۆ لە ناختدا ڕزگار بکات. هیچ لایەنێک و دەستێک لە ئارادا نییە، تا ئێمە لە چاوەڕوانییدا ئەو ویستە دوابخەین کە لە مەیداندا بەردەوامیمان پیدەبەخشێت. ئێمە لە دنیای دەرەوە، ئێمە لە باشوور، ئێمە لە هەر شوێنێکی جیهان تەنیا تەماشاکەرین و هیچیتر. هەموو ئەو هێز و لایەنانەش کە نایەنە مەیدانەوە، وەک ئەو سوختە و فەقێیانەیان لێهاتووە کە چاولەبەری نانی مامۆستاکەیان بوون و خەریکی پاساوهێنانەوە و ئامۆژگاریی بێمانان تا خۆیان لەگەڵ نەزمی جیهانیدا بگونجێنن بۆ ئەوەی لەو دەستکەوتانەیان بەرکەوێ؛ کە لە دۆخی پاش دیکتاتۆردا لە نێوان قارەمانە ساختەکاندا دابەش دەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی: - ڕێکەوتی: ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مامۆستایانی ئایینیی کوردستان نابێ بە فیتی ڕێژیم دژایەتیی مەولەوی عەبدولحەمید بکەن.



قادر وریا

ڕێژیم دەیهەوێ مامۆستایانی ئایینیی سوننیی کورد بۆ دژایەتیی مەولەوی عەبدولحەمید لە بەلووچستان بە کار بێنێ.

مەولەوی عەبدولحەمید بەو هۆیەوە کە لەم ڕاپەڕینە سەرانسەرییەدا، لێهاتووانە و بوێرانە بەرگری لە خەڵکی ستەملێکراوی بەلوچستان کرد و لە ئاست تاوانەکانی سوپای پاسداران و هێزە سەرکوتکەرەکانی دیکە دژ بەو خەڵکە بێدەنگ نەبوو، بووە بە چەقڵی چاوی خامەنەیی و دام و دەزگا دڕندەکانی. ئێستا دەیانەوێ لە ڕێگەی مەلا کوردە سوننییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، مەولەوی بە تێکدانی برایەتیی شیعە و سوننی و مەترسیخوڵقاندن بۆ یەکپارچەیی خاکی وڵات تاوانبار بکەن و هێرشێکی تەبلیغاتیی بۆ سەر ناوبراو وەڕێ بخەن. گومانی تێدا نییە هەر مەلا و کەسایەتییەکی ئایینی بڵێ لە ئێران هەڵاواردن بە نیسبەت سوننی مەزهەبەکان و هەر وەها هەڵاواردن بەرامبەر نەتەوە نافارسەکان بە تایبەتی بەلووچ و کورد نییە، درۆیە دەکا. هەڵاواردنەکەش ئەو ڕێژیمە لێی بەرپرسیار و تاوانبارە نەک خەڵکی ئێران. ئەو ڕێژیمە تەنانەت باری قانوونیی بە هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینیی داوە و بە کردەوەش هەتا ئەو پەڕی خۆی جێبەجێی کردووە. هەر ئەوە کە لەو دوو بەشەی ئێران ( بەلووچستان و کوردستان) لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوو و بە تایبەتی لە ٥٠ ڕۆژی ڕابردوودا، بێڕەحمانە و بێ پەروایانە کوشتاری کردووە، بەڵگەیە بۆ بوونی سیاسەت و ڕەفتاری تێکەڵ بە هەڵاواردن و سڵ نەکردن لە هەر چەشنە تاوانێک بەرامبەر ئەو دوو نەتەوەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەنگهەڵبڕین دژی ئەو هەڵاواردنە حکوومەتی و دەوڵەتی و "قانوونی"یە و تاوانەکانی دام و دەزگادڕندەکانی ڕێژیم لە شارەکانی بەلووچستان، کە مەولەوی عەبدولحەمید کردوویەتی و دەیکا، نابێتە هۆی دووبەرەکی لە نێوان شیعە و سوننی. هەر وەک لەم ماوەیەشدا دیتوومانە نەتەوەکانی کورد و بەلووچ خۆیان لە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران جیا نەکردووەتەوە و خەڵکی ئێرانیش بە هەر زمان و مەزهەبێکەوە کە هەیانە هاوسۆز و پشتیوانی خەڵکی بەلووچستان و کوردستان بوون. با مامۆستایانی ئایینی کوردستان، وشیاری ئەو پیلانەی ڕێژیم بن و نەکەونە داوی. برایەتی و یەکێتیی نێوان پێکهاتەکانی ئێران بە هاوخەمبوون و هاوسۆزبوون و هاودەنگی و پشتی یەکترگرتن دەپارێزرێ نەک بە وەدەنگهاتن لە هەڵاواردن و تاوانەکان. ئەم هاودەنگی و پشتی یەکگرتنەش بە خۆشییەوە و بە کوێرایی دەسەڵاتدارانی ماوەبەسەرچووی ئێران، لە هەموو کات زیاتر خۆی دەرخستووە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## لێدوانی ڕۆژئاواییەکان و لێکەوتەکانی لە ئێران




**عارف قوربانی**

بۆ کەسانێک ئەگەر چاودێریی ڕەوشی سیاسیی ئێرانیان کردبێت، بەئاسانی دەتوانرێت کوشتنی کەنیشکە کوردی سەقز (ژینا ئەمینی) وەک خاڵی جیاکردنەوەی دوو قۆناخ دەستنیشان بکرێت. ئێرانی پێش کوشتنی ژینا و دەستپێکردنی قۆناخی دوای



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مەرگی ژینا. نەک تەنیا لە ئاستی ناوخۆ، تەنانەت ئەمە بۆ هەڵوێست و کاردانەوەی وڵاتانی جیهانیش بەرانبەر بە ئێران هەر راستە.

لە مێژووی حوکمی مەلاکاندا لە ٤٣ ساڵی رابردوو تاوانگەلی جۆراوجۆر ئەنجامدراون، کوشتنی پیر و لاوی بێتاوان، تەنانەت بە کۆمەڵکوشتنی ژن و منداڵیش وەک نموونەی (قارنێ). هەزاران تاوانی هاوشێوەی کوشتنی ژینا، لە لاپەڕە رەشەکانی مێژووی ئەم چوار دەیەیەی رابردوو تۆمار کراون، بەڵام نە لە ئاستی ناوخۆ و نە لە ئاستی نێودەوڵەتی، هیچ تاوانێکیان هاوشێوەی مەرگی ژینا کاردانەوەی لێنەکەوتووەتەوە. هیچ تاوانێکیان هێندەی کوشتنی ژینا یەکریزیی لە نێوان نەتەوەکانی ئێراندا دروستنەکردووە. خوێنی ژینا بوو بە وزەی هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی نوێ لە ئێران، جا ئیدی ئەگەر ئەمڕۆ بە ئامانج بگات یا سبەی کوێر بکرێتەوە، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە ژینا دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی گەلانی ئێراندا.

ئەوەی لێرەدا جێی هەڵوەستەکردن و جێی تێڕامانە ئەوەیە، ئەگەر رۆژگار و ساڵانێک گەلانی ئێران لە ترسی سزای مەرگ، بێدەنگیان هەڵبژاردبوو بەرانبەر بەو تاوانانەی ئەنجام دەدران، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ترسی لە چی هەبوو کە بێهەڵوێست بوون لە زوڵم و ستەمی چوار دەیەی دەسەڵاتدارانی ئێران؟ لە ماوەی نێوان هاتنە سەر حوکمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئێستا، بەهۆی کۆتاییهاتنی دووجەمسەری، لانی کەم ماوەی ٢٠ ساڵ (١٩٩١ بۆ ٢٠١١) ئەمریکا و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی بیانویستایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەر بڕیارێک دژ بە ئێران بدات، بەئاسانی دەیانتوانی پشتیوانی بۆ دەستەبەر بکەن. بەڵام ئەوەی باسکی دەسەڵاتدارانی ئێران و هەموو رژێمە سەرکوتکارەکانی رۆژهەڵاتی بەهێزکردووە، خودی ئەمریکا و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی بوون.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، وا کورد واتەنی (جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێت)، گەلانی ئێران بە بلوچ و عەرەب و فارس و ئازەرییەوە، ئازار و سوێی برینی کوردیان کردە دەرفەت بۆ تەقینەوەی ئازار و مەینەتی پەنگخواردوویان و بەگژ جەور و ستەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا تەقینەوە، هۆکاری هاتنە دەنگی وڵاتانی رۆژئاوا چییە لە کوشتنی کچە کوردێکی بێ پشت و پەنا؟ ئایا هەر بەڕاست ناوەندە گرنگەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەوروپا، رۆژئاواییەکان و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا، بەو ئەندازەیە دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، وا لە زاری جۆ بایدن، سەرۆکی ئەمریکاوە مژدەی ئەوە بە ناڕازییەکانی ئێران دەدات کە "ئێران رزگار دەکەین".

ئێران بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەک، بەردەوام تۆمەتی دەستی دەرەکی داوەتە پاڵ هەر دەنگێک لەژێر زوڵم و چەوسانەوەدا نوزەیەکی لێوە هاتبێت. هەرکاتێک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، یان هەر گرووپێکی مەزهەبی، تەنانەت سەندیکا و چین و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تـوێژێکی کۆمەڵایـەتیش نارەزایـەتییان دەربڕیبێت یـاخود داوای مافە سـەرەتاییەکانی ژیـان و پێویـستییەکانی رۆژانەشیان کردبێـت، دەسـەڵات بـەدیاریکراویی بەسـتویەتییەوە بـە سیاسـەتی ئـەمریکا و ئیـسرائیلەوە. کەوتووەتـە تۆمـەتبارکردنی جەماوەرەکەی کە بە پیلان و دەستی نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی دەیانەوێ ئاسایش و ئارامی ئێران تێک بدەن. بێئەوەی نە ئەو دەستانەی دەرەوە و نە ئەمریکا و نە ئیسرائیلیش هیچ کۆمەکێکیان بە خەڵکی نارازی ئێران کردبێت.

ئەوەی ئێستا لە ناوخۆی ئێران دەگوزەرێت، بەتـەواوەتی تەقینەوەیـەکی خۆرسکانەی نـاوخۆیی گـەلانی ئێرانـە، پەیوەندیی بەو زوڵم و ستەمکارییانەی چل ساڵی رابردووی دەسەڵاتەوە هەیە، کە کەڵەکە بووە لەسەر خەڵکی ئێران و چیدی بەرگەی ناگرن. بـەڵام لـە یەکەم چرکەسـاتی کڵپەسـەندنی ئـاگر و بڵێسەی ئەم شۆڕشەوە، دەسەڵاتدارانی وڵاتەکە تۆمەتی ئەوەی داونەتەپاڵ کە دەستی ئەمریکا و نەیارانی کۆماری ئیسلامین. بە شێوەیەکی دڕندانە کەوتووەتـە سەرکوتکردنی خـەڵک و رۆژانـە چەنـدین کەسـی بێتـاوان خوێنیـان دەرژێنـدرێت، بـەپێی راپۆرتـە مەیدانییـەکان لـەماوەی ٤٥ رۆژدا زیـاتر لـە ٣٠٠ هـاووڵاتی لـە ژن و منـداڵ و لاو و تەنانـەت پیـر و کەنـەفت کراونەتـە قوربـانی. کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتی و ئـەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە لێدوان و راگەیێندراوەکانیان رۆژ لەدوای رۆژ زەوینەی داپڵۆسین و سەرکوتکردنی خۆپێشاندەران خۆش دەکەن، بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەک یاخود هەڵوێستێکی کرداریيان هەبێت .

ئەو لێدوانەی (بایدن)یش کە موژدەی رزگـارکردنی ئێرانمـان بەگوێدا دەدات، بـۆ گـەلانی ئێران هیچ دەستکەوتێکی نابێت، چونکە هەر قسەی رووتە و ئەحمەد موختار جاف واتەنیش "قسە ناچێتە گیرفانەوە". پاسـاوی زیـاتر دەداتـە دەسەڵاتدارانی ئێـران کـە شـارەکان بکـەن بـە قەسـابخانە و شـەقامەکان بـەخوێنی لاوەکـان سـوور بکـەن و بڵـێن (ئـەها نـەمانگووت دەستی ئەمریکایە بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی). ئەمریکا و رۆژئاوا ئەگەر راست دەکەن و دەیانەوێ ئێران رزگـار بکەن، دەزانـن ئێـران بـەو جـۆرە ناڕووخێـت کـە تـەنها لـەناوەوە پـەرە بـە نارەزایـەتی و خۆپێشـاندانەکان بـدرێت، بـێ ئـەوەی هـیچ کاردانەوەیەکی نێودەوڵەتی هەبێت لانی کەم بۆ ترساندنی ئێران کە خوێنی زیاتر نەڕێژێت.

هیچ گومان لەوەدا نییە و ئەوە حوکمی مێژووە کە هیچ دەسەڵاتێکی ستەمکار ناتوانێت بـەردەوام بێـت، زوو یـان درەنـگ هـەر دەڕووخێت. زوڵم لـە دونیـادا تاسـەر بـۆ کـەس نەچووەتـە سـەر تـا بـۆ مەلاکانی ئێران بچێتـە سـەر. رۆژێـک دێت هاوشێوەی ستەمکارەکانی دیکەی ناوچەکە، ئەم دەسەڵاتەی ئێرانیش دەڕووخێت. بـەڵام رۆژئاوایيـەکان لـە هـەموو کـەس باشتر دەزانـن هاوکێشە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکانی ئێستای جیهان چۆنن و دەزانن هەلومەرجێکی رەخساو، جاریّ بەردەست نییـە بـۆ ئەوەی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی دژ بە ئێران دروستبکرێت و هاوشێوەی رژێمەکەی سەدام بیڕووخێنن. ئێـران تـەنها بـە خۆپێشـاندان و هەڵپـەڕکێ و گـۆرانی، بـە داخسـتنی دووکـان و بازاڕەکـان ناڕووخێـت. رژێمـی ئێـران رژێمێـک نییـە رێـز لـە هاووڵاتییەکانی بگرێت تا تەنها بە خرۆشانی جەماوەر لە دەسەڵات بێتە خوارەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەگەر دەیانەوێ خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان کاریگەرییان زیاتر بێت و زەوینەی گۆڕانکاری بێنێتە ئاراوە، با وڵاتانی رۆژئاوا لانی کەم دەرگەی نێودەوڵەتی بە روودا دابخەن و هەر وڵاتەی پشتیوانیی گەلانی ئێران دەکات، هیچ نا تەنها با دەرگەی باڵیۆزخانەکانی ئێران لە وڵاتەکانیان دابخەن وەک ئاماژەیەک و نارەزایەتییەک بەرانبەر بەو دەسەڵاتەی ئێستای ئێران. با ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا بە راستیانە راگەیێندراوێکی فەرمی بڵاوبکەنەوە و لیژنە پێکبهێنن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگە لەسەر تاوانەکانی ئێران و بڕیار بدەن کە دەسەڵاتدارانی ئێران دەدرێنە دادگەی دادی نێودەوڵەتی لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکانیان.

با رایبگەیێنن لەهەر ئاستێکدا بێت ئەوەی لە پشتی بڕیار و کرداری کوشتنی خۆپیشاندەران بێت، پەلکێشی بەردەم دادگە دەکرێت. ئایا هەر بەڕاستی ئەو هەموو تاوان و کوشت و بڕەی ئێران کردوویەتی و دەیکات، بەشی ئەوە نییە دادگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی دەسەڵاتدارانی پێکبهێندرێت؟ ئایا هەر بەڕاستی ئێران نەبووەتە سەرچاوەی کێشە و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی جیهان؟ درۆن و مووشەکی بالیستی و چەکە پێشکەوتووەکانی، پەرەپێدانی و هەنگاوەکانی بۆ دەستڕاگەیشتنی بە ئەتۆم، هی ئەوە نین رابوەستێندرێت؟ ئەگەر لەبەرانبەر ستەمکاری و مەترسییەکانی ئێران هەڵوێستی ئەمریکا و رۆژئاوا هەر بریتی بێت لەو راگەیێندراوانە و لەو قسانەی بایدن کردی، ئەوە کاردانەوە و لێکەوتەکانی زۆر روونن، کە رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەی قوربانییەکان زیاتر دەبن و هەر بەو زمانەی ئیبراهیم رەئیسی وەڵام دەدرێنەوە، کە گوتی "بایدن خەڵەفاوە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# تا زووتر بەدیلی ڕێژیمی ئاخوندان پێک بێ درەنگە.



**بێبەش پیرۆتی**

ئازادیخوازانی رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی و سەرانسەری ئێران بە گشتی بە مان گرتن و رژانە سەر شەقامەکان لە پێناو رووخاندی رێژیمی ئاخوندادا دەوری خۆیان قارەمانانە دیتووە و دەیبینن کە جێی فەخر و هیوایە. ئەو سەرهەڵدان و ڕاپەڕینانەش لە جیهاندا دەنگیان داوەتەوە وهەتا ئێستا زۆر شوێنەواری بەرچاویشیان لە سەر روانگەی بیر و رای گشتیی جیهان و تەنانەت هەڵوێستی دەسەلاتدارانی ئەمریکا و ولاتی ئورووپاش داناوە.

یەکێک لە تایبەتمەندیە گرینگەکانی ڕاپەڕینەکە ئەوەیە کە رێکخەر و رێبەرایەتیەکەی هەر ئەو خەڵکەن کە هاواری ماف و ئازادی دەکەن و لێزانانە قۆناخ بە قۆناخ لە رووخاندنی ئەو دەسەلاتە ناشەرعییە دەچنە پێش.ئێستا ئیدی قۆناخەکەدا کەوتۆتە دۆخێکی ناسک و هەستیار، نیزیک دوو مانگە درێژەی هەیە و شەقامەکان بە خوێنی رۆڵەکانی ئەو ولاتە رەنگین بوونە و رۆژانە شاهیدی شهید بوونی کیژ و کوڕەکانمان دەبین.لەولاش دژی گەلییەکان بۆ مانەوەی دەسەلاتەکەیان پەنا بۆ هەر پیلانێکی جینایەتکارانە دەبەن.

نابێ ئەو راستیە وەبەرچاو نەگیرێ کە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکە هاوکاری و پشتیوانیی دەرەکی بە تایبەت ولاتانی زلهێز و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێشکەوتوو پێویستە و، ئەوانیش بەوەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەڵوێست دەگرن، بۆیە دەڕوانە داهاتووی دوای رووخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و جێگرەوەکەی و بە وەبەرچاوگرتنی قازانجەکانی خۆیان بۆ هەڵگرتنی هەنگاوەکانیان بڕیار دەدەن.

وەک ئاماژەی پێکرا هێشتا ناوەند یان ئێعتلاف یان دەستەیەکی نوێنەرایەتی و لە یەک وتەدا بەدیلێک بۆ ئەو رێژیمە وەبەرچاو ناکەوێ هەتا بەدیتنی بەرنامەوئامانجەکانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ لای خۆی رابکێشێ.ئەو هێز و لایەنانەی دژی رێژیمن و لە تاراوگەن تا ئێستاشی لە گەڵ یێ هەرکامەی بەداخەوە بە ربەی خۆی دەپێیوێ و بەو ئاکامە نەگەیشتووە کە بێ لایەنەکانی دی و بەتایبەت گشت شەقامەکانی نیوخۆی وڵات، هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێ.

لەو قۆناخە هەستیارەدا هەتا زوو بەدیلێک کە نوێنەری هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێران پێک بێ هەر درەنگە.

کەوابوو پێویستە لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نێو خۆ و دەرەوەی ئێران بە وەلانانی باوەڕی پاوانخوازی و بەرتەسکانەی خۆیان لە دەوری بەرنامەیەکی جێگەی پەسند کە ویست و دەخوازیەکانی هەموو خەڵکی دانیشتووی ئێرانی تێیدا رەنگ بداتەوە کۆ ببنەوە و ببنە بەدیلێک بۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەرچاوروونیەک بۆ دەوڵەتانی دەرەوە و هیوایەکی هەرچی زیاتری خەڵکی دانیشتووی ئێران.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – رێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەمنستی ئینتەرنەشناڵ بۆ ڕووداو: حکومەتی ئێران توندوتیژیی زۆر بەرامبەر خەڵکی شارە کوردنشینەکان بەکاردەهێنێت



خۆپێشاندان و ئاڵۆزی لە ئێران

دارشتنەوە: دڵزار زوبێر و دانا عومەر

رەها بەحرێنی، لێکۆڵەری تایبەت بە کاروباری ئێران لە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی دەڵێت، لە خۆپێشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران زیاتر لە ٢٠٠ خۆپێشاندەر کوژراون کە شەش ژنیان تێدایە و زیاتر لە ١٣ هەزار کەسیش دەستگیرکراون.

رەها بەحرێنی، لێکۆڵەری تایبەت بە کاروباری ئێران لە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە کاتی بەشداربوونی لە بوولتەنی کاژێر ٨:٠٠ لە تۆڕی میدیایی ڕووداو کە هەوراز گوڵپی پێشکێشی دەکات، ئەو زانیارییانەی خستەڕوو کە ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرنەشناڵ لەبارەی خۆپێشاندانەکانی ئێران کۆیکردوونەتەوە.

بەگوتەی بەحرێنی، لە خۆپێشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا زیاتر لە ١٣ هەزار کەس دەستگیرکراون، لەنێویاندا ژن و منداڵی خوار تەمەنی ١٨ساڵ هەن؛ هەروەها ڕۆژنامەڤان، مامۆستا، پارێزەر و پزیشک هەن و ڕووبەڕووی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەشکەنجە و مامەڵەی خراپی دیکە بوونەتەوە.

لێکۆڵەرەکەی تایبەت بە کاروباری ئێران لە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوتیشی، "حکومەتی ئێران هێزێکی زۆر بەرامبەر خۆپێشاندەران لە شارە کوردنشینەکان بەکاردەهێنێت و سەربازی زیاتری ڕەوانەی ئەو شارانە کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆپێشاندان لە شارە کوردنشینەکان و سیستان و بەلوچستان بەردەوامە".

## دەقی هەڤپەیڤینی ڕووداو لەگەڵ ڕەها بەحرێنی:

**ڕووداو**: لە خۆپێشاندانەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند کەس کوژراون و بریندار بوون؟

**ڕەها بەحرێنی**: هێزە ئەمنییەکانی ئێران بەردەوامن لە تەقەکردن لە خۆپێشاندەران بۆ ئەوەی بەهەر نرخێک بووە خۆپێشاندەران سەرکوت بکات. جگە لەوە، ساچمە و گازی فرمێسکرێژ بەکاردەهێنن بۆ سەرکوتکردنیان. ئەم سەرکوتکردنە بووەتە هۆی کوژرانی سەروو ٢٠٠ پیاو، ژن و منداڵ و برینداربوونی هەزاران کەسی دیکە. لەنێو ئەوانەی کوژراون لانیکەم ٣٠ کچ و کوڕی خوار تەمەن ١٨ساڵیان لەنێودایە کە ناوەکانیان ئاشکراکراون. ئێمە بڕوامان وایە کە ژمارەی ئەوانەی کوژراو و برینداربوون زۆر لەوە زیاترە و ئەمنستی ئینتەرنەشناڵ بەردەوامە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی ناوی ئەوانە بە دۆکیۆمێنت بکات کە کوژراون و ئەو دۆخەش بزانێت تێیدا کوژراون.

**ڕووداو**: ئەو ئامارانەتان چۆن دەستکەوتووە؟

**ڕەها بەحرێنی**: هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ دەستکەوتنی زانیاری لە سەرچاوە سەرەکییەکان، لەنێویدا، خزم و کەسانی قوربانییان، هاوڕێکانیان، شایەتحاڵان، دراوسێکان. ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەشێوەیەکی بوێرانە پەیوەندییان بە ئەمنستی ئینتەرنەشناڵ و داکۆکیکارانی دیکەی مافی مرۆڤەوە کردووە بۆ ئەوەی ئەو زانیارییانەی لایانە هاوبەشی پێبکەن و ناوی کوژراوان و چۆنییەتی کوژرانیان بڵاوبکەنەوە. لەگەڵ ئەنجامدانی هەڤپەیڤینی ورد، ئێمە شیکردنەوە بۆ ئەو ڤیدیۆیانە دەکەین کە دیمەنی نێوخۆی ئێرانن بۆ ئەوەی بەکارهێنانی ناڕەوای چەک لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەرامبەر خۆپێشاندەران بەدۆکیومێنت بکەین. دەمانەوێت ئەم دەرفەتە بقۆزینەوە بۆ ئەوەی سوپاسی هەموو تاکێک بکەین کە بەشێوەیەکی بوێرانە پەیوەندیی بە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەمنستی ئینتەرنەشناڵەوە دەکات بۆ ئەوەی زانیارییەکانی هاوبەشی پێبکات. ئەو زانیاری و بەڵگانەی کە ئەوان لەگەڵ ئێمە بەشیان دەکەن، زۆر گرنگن نەک تەنیا بۆ ئاگادارکردنەوەی جیهان، بەڵکو بۆ پاراستنی بەڵگەکان بۆ کاتێک کە ئەوانەی بەرپرسن لە کوشتن، ئەشکەنجەدان و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مامەڵەی نابەجێ، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت .

**رووداو: دۆخی ئینتەرنێت لە ئێران چۆنە؟ حکومەت بەردەوامە لە برینی ئینتەرنێت بۆ ئەوەی دەنگی خەڵک نەگات بە جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟**

**رەها بەحرێنی**: بەشێوەیەکی بەردەوام بەرپرسانی ئێران سنووربەندی دەخەنە سەر ئینتەرنێت و دایدەخەن بۆ ئەوەی خۆپێشاندانەکان سەرکوتبکەن و رێگە لە گردبوونەوەی خەڵکی بگرن. هەروەها ئەو هەنگاوەیان بۆ ئەوەیە رێگری لە بڵاوبوونەوەی زانیاری بکەن و رێگری لە خەڵکی بکەن نەتوانن ئەو بەڵگانە بڵاوبکەنەوە کە لەسەر ئەم توندوتیژییە خوێناوییە کۆیانکردوونەتەوە. بەرپرسانی ئێران هەوڵدەدەن سنوورداریی ئینتەرنێت بەکاربهێنن بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە بشارنەوە کە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانیانەوە ئەنجامدراون. سەرەڕای ئەم هەوڵانە و شاردنەوە و نکۆڵیکردن، بەرپرسان نەیانتوانیوە رێگری لە بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان بکەن. لە راستیدا هیچ ئاگادارییەکی جیهانی نییە کە سەرکوتکردنێکی دڕندانە لە ئێران رووددات و خۆپێشاندەران رووبەڕووی لێدانی توند و تەقەکردن لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەبنەوە.

**رووداو: لە خۆپێشاندانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران چەند ژن گیانیان لەدەستداوە؟**

**رەها بەحرێنی**: ئەمنستی ئینتەرنەشناڵ بەردەوامە لە بەدواداچوون بۆ زانینی ژمارەی ئەو ژنانەی کە لەکاتی خۆپێشاندانەکان کوژراون؛ دوایین شت دۆکیۆمێنتێکمان بڵاوکردەوە و ناوی لانیکەم ٦ ژنمان تۆمارکردبوو کە لەکاتی خۆپێشاندانەکان کوژراون. لەو کاتەوە، ناوی ژمارەیەکی زیاتری ژنە خۆپێشاندەرەکان تۆمارکراوە. بەهۆی ئەو کەشە تۆقێنەرەی کە بەرپرسان دروستیان کردووە، ژمارەیەکی زۆر ئاستەنگ لە دەستگەیشتن بە زانیاریی دروست بووە. هەربۆیە بەدواداچوونمان بەردەوامی پێدەدەین بۆ ئەوەی وێنەیەکی باشتر لەبارەی کۆی ژمارەی ئەو ژنانەمان دەستبکەوێت کە لە خۆپێشاندانەکاندا کوژراون. زۆر روونە کە ژنان و منداڵان ژمارەیەکی بەرزی ئەوانە پێکدەهێنن کە کوژراون، بەراورد بە خۆپێشاندانەکانی پێشوو. ژن و گەنج رۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییە.

**رووداو: چەند کەس دەستگیرکراون؟**

**رەها بەحرێنی**: هەزاران کەس دەستگیرکراون. بەگوێرەی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کە لیستی دەستبەسەرکراوانی بڵاوکردووەتەوە، سەروو ١٣ هەزار کەس تاوەکو ئێستا دەستبەسەرکراون. بەهۆی چاوسوورکردنەوە لە خێزانی دەستبەسەرکراوان، بەشێکی زۆریان ترسیان لەوە هەیە قسە بکەن و زانیارییەکان لەبارەی دۆخی خۆشەویستانیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بڵاوبکەنەوە. ئێمە دەزانین کە بەرپرسان دەیانەوێت بە بەکارهێنانی هێز دەستبەسەرکراوان بێسەروشوێن بکەن؛ ئەوەش واتای ئەوەیە کە شوێنی مانەوەیان لە خێزانەکانیان دەشارنەوە. هەروەها دەستبەسەرکراوان بێبەشدەکرێن لە دەستگەیشتن بە پارێزەر و رووبەڕووی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی خراپی دیکە دەبنەوە لە گرتووخانەکاندا. هەروەها راپۆرتی زۆر دڵگرانکەر هەن کە دەستبەسەرکراوان رووبەڕووی لێدان دەبنەوە و لە شوێنە دوورە دەستەکان جێیاندەهێڵن. ئەمنستی هەوڵدەدات زانیاریی زیاتر بەدەستبخات لەبارەی ئەوانەی کە دەستبەسەرکراون. پێشوازیی لە هەر کەسێک دەکەین کە خۆشەویستەکانیان لە گرتووخانەکاندایە بۆ ئەوەی زانیاری لەگەڵ ئێمە بەشبکەن. ئاسایشی ئەوانە لەلایەن ئەمنستییەوە پارێزراو دەبێت و ناسنامەی سەرچاوەکان هەرگیز بڵاوناکرێتەوە.

**رووداو: دۆخی میدیا و رۆژنامەڤانان چۆنە؟ چەند رۆژنامەڤان کوژراون و دەستگیرکراون؟**

**رەها بەحرێنی**: ئەو سەرکوتکارییەی لەلایەن بەرپرسانەوە ئەنجامدەدرێت، رۆژنامەڤانان، داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، چالاکڤانانی مافی کرێکاران، مامۆستایان و داکۆکیکارانی مافی ژنان و هەموو کەرتەکانی دیکەی وڵاتی گرتووەتەوە. ئەمە راپەڕینێکە کە چالاکڤانان و کەسایەتییەکان لە سەرتاسەری کۆمەڵگەدا تێیدا بەشدارن و داوای داهاتوویەکی دوور لە چەوساندنەوەی سیاسی و گۆڕینی سیستمی ئێران دەکەن. رۆژنامەڤانانیش لەم سەرکوتکارییەدا ئازاریان چەشتووە، چونکە بەرپرسانی ئێران دەیانەوێت بڵاوبوونەوەی زانیاری رابگرن. تاوەکو ئێستا هیچ راپۆرتێکمان پێنەگەیشتووە کە باس لەوە بکات رۆژنامەڤانان کوژرابن، بەڵام دەیان لەوان لەنێو ئەوانەدان کە لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا دەستبەسەرکراون.

**رووداو: هێزە ئەمنییەکان لە زیندان چۆن مامەڵە لەگەڵ دەستگیرکراوەکان دەکەن؟ رەچاوی بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکرێت؟**

**رەها بەحرێنی**: نیگەرانیی جیدی هەن کە دەستبەسەرکراوان رووبەڕووی ئەشکەنجە و مامەڵەی خراپ ببنەوە، ئەوەش بۆ هەبوونی ئەشکەنجەیەکی زۆر لە گرتووخانەکانی ئێران دەگەڕێتەوە. جگە لەوە، رێگە بە دەستبەسەرکراوان نادرێت قسە لەگەڵ پارێزەر و خێزانەکانیان بکەن. لەم هەلومەرجانەدا، زۆر گرنگە ناوی ئەوانەی دەستگیرکراون بۆ رای گشتی رابگەیێندرێت و خێزانەکانیان پەیوەندی بە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و میدیاوە بکەن. بەهۆی نەبوونی سیستمێکی دادوەری لە ئێران، تەنیا لە رێگەی رای گشتی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤەوە دەکرێت وابکرێت کە دەستبەسەرکراوان جۆرێک لە پاراستنیان هەبێت و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئاوڕێکیان لێبدرێتەوە .

**رووداو: ئێستا لە چەند شاری رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران خۆپیشاندان هەیە، بەراورد بە رۆژانی رابردوو فراوانتر بووە یان کەمتر بووەتەوە؟**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**ڕەها بەحرێنی**: شارە کوردنشینەکانی ئێران لە چەند هەفتەی ڕابردوودا گرژیی زۆریان بەخۆوە بینیوە. دەسەڵاتداران چەک و هێزی زۆر دژی خۆپێشاندەرانی شارە کوردییەکان بەکاردەهێنن. ئەمەش بە داخەوە ڕەنگدانەوەی ئەو تووندتیژییە زۆرەیە کە دەسەڵاتدارانی ئێران هەمیشە دژی کەمینەی سەرکوتکراوی ئێران بەکاریهێناوە، لەنێویشیاندا کورد. سەرەڕای ئەو دۆخە، لە پارێزگاکانی کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کرماشان خەڵک بەردەوامە لەوەی بڕژێنە سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن. ژمارەی گیانلەدەستدانیش لەنێو ئەم پارێزگایانەدا بەرزترین بووە. دوایینیشیان، هەفتەی ڕابردوو لە ٢٦ و ٢٧ی ئۆکتۆبەردا هێزی زۆر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەکارهێندرا و لە پارێزگاکانی کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بووە هۆی کوژرانی لانیکەم ٨ خۆپێشاندان لە ماوەی کەمتر لە 24 کاژێردا. ئەمەش ئەو ڕاستییە پێشاندەدات کە هێزە ئەمنییەکان بەردەوامن لە کوشتن و بریندارکردنی خۆپێشاندەران بەبێ ئەوەی هیچ ترسیان لە ئەنجامەکان هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو – ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئێران و گرووپی ٧



پەیڕەو ئەنوەر

## یەکەم

## ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

هیچ کاتێک کۆماری ئیسلامیی ئێران هێندەی ئەمڕۆ دۆخی ناوخۆیی و سیستمی ئاسایش و مانەوەی لە مەترسیدا نەبووە. ئەو فشارانەی کە ئەمڕۆ هەم لە ناوەوە و هەمیش لە دەرەوە کەوتووەتەسەر ئێران، دەرەنجامی کەڵەکەبوون و قەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی وڵاتەکەیە بەدرێژایی ٤٣ ساڵی رابردوو، چونکە لە دوای شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئەو سیستمە سیاسیی و مەزهەبییەی کە دروست بووە، گوزارشت نەبووە لەسەرجەم پێکهاتە و ئەندامان و گرووپە نەژادییە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێرانی، بەپێچەوانەوە سیستمە سیاسییە مەزهەبییەکە نوێنەرایەتی بەتەنیا گرووپێکی کردووە و ئەوانی تری بەتەواوی پەراوێز و فەرامۆش کردووە و هیچ جۆرە بەهایەکی سیاسی و ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و یاسایی پێ نەبەخشیون، بەتایبەت کورد کە پێکهێنەرێکی سەرەکی و گەورەی ناو کۆمەڵگەی ئێرانییە، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ رۆڵ و پانتاییەکی پێ بدرێت و بکرێت بە هاوبەش و بەشدار لە سیاسەت و یاسادانان و حوکمڕانی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە وڵاتەکەدا.

ئەم شێوە پەراوێزخستنە بۆ گرووپەکانی تریش راستە و هەموویان رووبەڕووی هەمان دۆخ و چارەنووس و فەرامۆشکردن بوونەتەوە و خاوەن هیچ جۆرە بەها و پێگەیەکی سیاسی نین. ئەوەی کە یاریزانی ژمارە یەکە لەناو سیستمەکە و بڕیارە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرەکییەکان دەدات و کۆی دەزگاکانی نیگار و دیزاین کردووە، گرووپێکی بچووکن و بەدرێژایی ٤٣ ساڵی رابردوو بەبێ گەڕانەوە بۆ پرەنسیپەکانی دنیای دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی، یاسای مەزەوی و سیاسەتی مەزەوی بەسەر کۆمەڵگەکەدا دەسەپێنن و ماف و ئازادییە تاکە کەسییەکان و بنەماکانی حوکمڕانی باش و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان پێشێل دەکەن. ئەم پرۆسەیە وایکردووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەردەوام بەچاوی رەخنە و تێبینی و گومانەوە سەیری دەستبەژێری سیاسیی ئێرانی بکەن و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

## دووەم

## ئێران و مافەکانی مرۆڤ

پرسی مافەکانی مرۆڤ بەسەرجەم لق و پۆپ و جۆرەکانیەوە، یەکێکە لە پرسە گەرمەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرانبەر ئێراندا. هەرکاتێک باسی ئێران دەکرێت، راستەوخۆ باس لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و لەناویشیدا مافەکانی ژنان و ئافرەتان و نایەکسانی جێندەری و نەبوونی ئازادی و پانتایی بۆ ژنان، دواتریش مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ژنان و مافەکانی نارەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان و کۆمەڵێک مافی تر دەکرێت کە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی رێکخراوە و وڵاتە دیموکراسییەکان دەبێت پێوەی پابەند بن و رێزی لێ بگرن.

گرووپی ٧ یەکێکە لەو گرووپانەی کە لە دواین کۆبوونەوەی خۆیدا بەشێکی زۆری گفتوگۆکانی تەرخان کردووە بۆ پرسی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و شێوازی مامەڵەی سەرباز و سوپا و دامەزراوەکانی ئێران، لەناویشیدا پۆلیسی ئەخلاق لەگەڵ ئەو مافانە و پێشێلکردنی لە بەرانبەر هاووڵاتییان و کۆمەڵگەی ئێرانیدا. گرووپی ٧ کە لە وڵاتانی ئەمەریکا، کەنەدا، ژاپۆن، فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا و ئیتاڵیا و یەکێتی ئەورووپا وەک یەکەیەکی سەربەخۆ پێکدێت، پاڵپشتی خۆپیشاندەرانی ئێستەی شەقامی ئێرانی دەکەن و سەرکۆنەی مەرگی ژینا ئەمینی دەکەن کە پۆلیسی ئەخلاق لە ئێران، بەشێوازێکی یەکجار نامرۆڤانە کۆتایی بە ژیانی دەهێنن بەبیانووی نەپۆشینی سەرپۆش، لە کاتێکدا سەرپۆش و شێوازی لەبەرکردنی جلوبەرگ، یەکێکە لە مافە هەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و ناچارکردنی ژنانی کۆمەڵگە لە دەرەوەی ویستی خۆیان، یەکێکە لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و وێنەیەکی ناشیرینیش بۆ کۆی سیستمە سیاسی و مەزەوییەکە دروست دەکات.

## سێیەم

## ئەمەریکا و ئێران



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوشانی یەکێتی ئەوروپا و گرووپی ٧ و ئەندامەکانی تری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زۆرترین فشار و چاوی لەسەر ئێرانە، بەتایبەت دوای مەرگی ژینا ئەمینی و دروستبوونی خۆپێشاندانەکان و سەرکوتکردنی مافی خۆپیشاندەران لەلایەن هێزە تەناهی و سەربازی و سوپای کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە بەرانبەر هاووڵاتییان و خۆپێشاندەراندا.

ئەمەریکا لە قۆناغی یەکەمدا پێدەچێت کار لەسەر ئەوە بکات رژێمی سیاسی لە ئێران رەفتار و شێوازی مامەڵەی لەگەڵ هاووڵاتییانی بگۆڕێت و پابەندبوونی خۆی بە بنەماکانی مرۆڤ رابگەیەنێت، جۆرێک لە حوکمڕانیی باش لە وڵاتەکەی بێنێتە کایەوە، بەڵام پێناچێت ئەم ستراتیجە وا بەئاسانی سەربگرێت و رژێمی ئیسلامی ئێران رەفتار و بیرکردنەوە و پرۆژەکانی بگۆڕێت، چونکە گۆڕینی رەفتار بۆ ئێران لە ناوەوە و دەرەوەی خۆی، بە ئاستێکی زۆر خۆڕادەستکردنە بە بلۆکی خۆرئاوا و پاشەکشەی ئێرانە لە بەها سیاسی و مەزهەبییەکانی، لەدەستدانی ناسنامەکەیەتی لە ئاستی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی و کۆتاهێنانە بە پرۆژەکانی بەتایبەت پرۆژەی هیلالی شیعی کە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بایەخێکی یەکجار گەورە و گرنگی پێ دەدرێت، دەستەبژێری سیاسی لە ئێران بە قووڵایی و ناوکی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیانی وێنا دەکەن و دادەنێن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە قۆناغی دووەمدا گریمانەی ئەوە دەکات کە راستەوخۆ پاڵپشتی خۆپێشاندەران بکات بۆ گۆڕینی رژێمەکە خۆی نەک رەفتارەکانی، بەڵام گۆڕینی رژێم ئێستە بۆ ئەمەریکا تێچووی زۆرە و پێدەچێت سیستمی هەرێمی ناوچەکە و رووداوەکانی دنیا هاوکار نەبن بۆ لابردنی دەستەبژێری سیاسی لە ئێران و لەناوبردنی رژێمەکەی، بەتایبەت کاتێک قەیرانەکانی دنیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رۆژ دوای رۆژ زیاتر دەبن و کەڵەکە دەبن و ئاڵۆز دەبن و توانای چارەسەرکردنیان سەخت و دژوار دەبێت. بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئێستە بەچاوێکی ناشیرین لە ئێران و کردەوەکانی دەڕوانێت لە ناوخۆ و دەرەوەی خۆیدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – رێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئێرانی نوێ دروستدەکەن یان ئێرانێکی دیکە دەبینین؟



**سۆزان حەمەتاتە**

**لە هەر لایەکەوە لێی بڕوانی، بە ئەگەرێکی زۆرەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو فۆرمەی ئێستا نامێنێتەوە، ئەگەری مانەوەشی وەکو ئەوەی ئێستا هەیە لاوازە و دوورە لە پێشبینی سیاسییەوە.**

**چەندین هۆکار هەیە وادەکات پێماوابێت کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگۆڕێت یان گۆڕانکاریی بەسەردادێت، بۆ نموونە:**

**یەکەم: بۆ یەکەمینجارە سەرۆکێکی ئەمەریکی بە روون و ڕاشکاوی بڵێت ئێران ئازاد دەکەین، ئەم قسەیە هەروا سادە نییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی نەوعییە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا.**

**دووەم: هەر تایبەت بە ئێران، لێدوانی بەرپرسانی باڵا دەبینین کە باس لەوەدەکەن ناگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی ئێران، ئەمەش بۆ ئێران کاریگەریی نەرێنی دەبێت.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**سێیەم**: ئەنالینا بیربوک، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی وڵاتانی G7 رایگەیاند لووتکەکەیان بڕیاریانداوە سزای نوێ و قورستر بەسەر ئێراندا بسەپێنن، ئەوەش گورزێکی دیکەی ئابووریی کوشندە دەبێت بۆ سەر ئێران.

**چوارەم**: بەهۆی بەخشین و فرۆشتنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بە رووسیا بۆ شەڕکردن لە دژی ئۆکرانیا، کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی دروستبووە بۆ زیاتر گۆشەگیرکردنی ئێران.

**پێنجەم**: سەرکەوتنی بنیامین نەتانیاهۆ و بوونەوەی بە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل دیسانەوە پێشهاتێکی خراپە بۆ ئێران، چونکە یەکێکە لە سیاسییە هەر توندەکانی جولەکە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەڕەشەی وەشاندنی گورزی سەربازیی لە کورە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکات. سەرەڕای ئەوەی خۆپیشاندانەکانی ئێستای خەڵکی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان و فراوانبوونی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، کوشتنی خەڵکی مەدەنی و خۆپیشاندەران، چەوساندنەوەی ژنان و نەبوونی ئازادیی سیاسی و رۆژنامەوانی وایکردووە جیهان وردە وردە باس لە ئێرانێکی نوێ بکەن، ئیتر ئێرانێکی بە تەواوەتی نوێ بێت و سیستەم و دەسەڵاتی ئێستای ئێران کۆتایی پێبێت و رژێمێکی نوێ جێگەی بگرێتەوە یان لەژێر کاریگەریی فشارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا کۆماری ئیسلامیی ئێران چاکسازیی بنەڕەتی بکات و زۆرینەی خەڵک پێی رازی بن؟ هەندێک بۆچوونی تریش هەن باس لەوەدەکەن کەوا خۆپیشاندانەکان کۆتاییان دێت و جیهان سوور نین لەسەر گۆڕانکاریی لە ئێراندا، خۆ ئەگەر ئەمەش بێتەدی، بەڵام راستیی تر لێرەدا هەیە کە بریتییە لەوەی شۆڕشە مەدەنییەکەی ئێستای ئێران هۆکاری دەرەکیی لەپشتەوە نییە، بەڵکو دەرەنجامی ستەمی دەسەڵات و نەبوونی ئازادییەکان و خراپیی دۆخی ئابووری و وەڕسبوونی خەڵکە لەو جۆرە فەرمانڕەواییە، بۆیە لە هەموو ئەگەرەکاندا کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو شێوەیەی پێش کوشتنی ژیان ئەمینی و خۆپیشاندانەکان نامێنێتەوە.

**ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپریس – ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## قۆناغی سێهەمی خۆپێشاندانەکان




برایم جەهانگیری

ئەگەرچی خۆپێشاندانەکان بەرواڵەت بڕێک سستی پێوە دیارە بەڵام بێگومان دەوری سێهەم و یەکلاکەرەوەی خۆپێشاندانەکان دووبارە دەست پێ دەکات و لەم دەورەیەدا ڕێژیم هەموو تواناکانی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی شکست بەو خۆپێشاندان و ڕاپەڕینانە بێنێ. بەڵام شک لەوە دانیە تێیدا سەرکەوتوو نابێ و خەڵک ڕێڕەوی خۆی دۆزیوەتەوە و تاکتیکی گونجاوی بۆ درێژەدان بەو ڕاپەڕینە سەرتاسەرییە لەبەر دەستدایە.

بەداخەوە لە نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارای یەکدەست و یەکگرتوو لە سەراسەری ئێران کە بتوانێ ئەو ڕاپەڕینە هیدایت و ڕێبەری بکا هەندێ جار خەڵک بە تایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەبینی تووشی ناهومێدی دەبن، بەڵام ئەوان هێشتا ئەو پوتانسیەل و هێزەیان دەرک نەکردووە کە لە نێوخۆدا لەنێو لاوان و گەنجانی سەراسەری ئێران کەڵەکە بووە و ئێستا بڕیاڕی گۆڕێنی دەسەڵاتی داوە.

بۆ یارمەتیدان بەو ڕاپەڕینە و بە ڕیزی یەکگرتووی خەڵک دوای بانگەوازە بەجێیەکەی ناوەندی هاوکاری، ئەو ناوەندە کە جارێ یەکگرتووترین ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی و ئێرانیە دەبێ دووو شت لەبەرچاو بگرێ:



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**یەکەم** زۆر زوو بە هەڵویست و دەرکردنی بەیاننامە و قسەو لێدوانی ناوەند سەبارەت بە خۆپێشاندان و سەرهەڵدانەکان خۆی ئابدەیت کاتەوە و پێوەندییەکی چڕوپڕ لە ڕێگای میدیا و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان دەگەڵ خەڵک پەیدا بکا و ڕاوبۆچونی کەسانی دیاری نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش لەبەرچاو بگرێ و ڕێنوێنی تەواو بکا و نەشچێتە ژێر گوشاری ئەو قسانەی لێرە لەوێ دەکرێ کە خەڵک خۆیان بڕیارڕ دەدەن و دەزانن چ دەکەن وچی و چی. بەڵێ ئەوە هەمووی ڕاستە هەر خەڵک بڕیاردەری سەرەکییە بەلام ئەو ئیمکانە ئیرتباتی و پێوەندییە ڕەنگە لە ترسی زەبرەوزەنگ و تۆقاندن لەبەردەستی خەلکدا نەبێ، بۆیە ناوەندی هاوکاری دەبێ ئەو دەنگە بێ وئەو کەلێنە پڕ کاتەوە.

**دووهەم** ناوەندی هاوکاری و بەدیاری کراویش تەلەویزیۆنی کورد کاناڵ دەبوو وەک دەنگوڕەنگی ناوەندی هاوکاری دەرکەوێ کە ئیستا ئیدی بۆتە نوێنگەی خواستەکانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە لە ڕابردوودا لەو بارەوە تا ڕادەیەک کەمتەرخمی دیارە. بۆ نموونە دەبوو کوردکاناڵ کاریان لەسەر چلەی شەهیدانی شنۆ کردبایە. دەبوو ئەو ڕۆژەیان کردبایە ڕۆژی یەکگرتوویی و هاوسۆزیی سەراسەری خەڵکی ئێران کوردستان، کە بەداخەوە لێرە داکەمتەرخەم بوون، کە وایە با لەمەو دوا هەوڵ بدرێ یادی چلە شەهیدانی سنە و مەهاباد و بانە و باقی شارەکان لە سەرتاسەری کوردستان بکرێتەوە، داوا لەخەلک بکرێ مان بگرێ و ناڕەزایەتی دەر ببڕێ، دەبێ بە بەرنامە کار بۆ ئەمە بکرێ بە دو هۆکار:

**یەکەم**، ئەو کارە دەبێتە هۆی ڕێزگرتن لە شەهیدان و زیندوو ڕاگرتنی خۆپێشاندانەکان و یەکگرتووی زیاتری خەڵک.
**دووهەم**، دەبێتە هۆی ئەمە کە ڕێژیم لە ترسی چلەی شەهیدان کەمتر خەڵک بکوژێ و ئەوەش خۆی لەخۆیدا دەسکەوتێکی گەورە دەبێ بۆ خەڵک و درێژدانی خۆپێشاندانی بەرینی جەماوەری.

**قۆناغی سێهەمی**، خۆپێشاندانەکان کە بەزوویی چاوەڕێ دەکرێ دەست پێ بکاتەوە و بەگوڕتریش بێ قۆناغێکی چارەنووسسازە، ناوەندی هاوکاری دەبێ هەموو تواناکانی خۆی بۆ سەرخستن و گشتگیرترکردنی ئەو خۆپێشاندانانە بخاتە گەڕ و لەو ڕێگایەدا لە هیچ هەوڵێک کۆتایی نەکات، ناوەندی هاوکاری کە ئیستا بۆتە نوێنگەی خواستەکانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبێ هەنگاوێکی دیکە بەرەوپێش باوێژێ کە دەگەڵ قۆناغی سێهەمی چارەنوسازی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران یەک بگرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شەڕ لە دەورەی شۆڕشگێڕانەدا و کۆماری ئیسلامی



**سایتی پەیام**

شۆڕشی شکۆداری خەڵکی ئێران وەک گورزێکی گران بەسەر سەری دەسەڵاتداران و بڕیاردەرانی سەرەکی کۆماری ئیسلامیدا کەوتوە و کێژی کردون. مانۆڕە نیزامیە پڕ لە هەراو هوریاکانیان لە سنورەکانی عێراق و کۆماری ئازەربایجان و بڕیار و هەڕەشەی هێرش کردنەسەر کوردستانی عێراق، کۆماری ئازەربایجان و وڵاتی عەرەبستان لەم کێژ بوونەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم دەسەڵاتدارانە ئێستاش وەک ساڵەکانی دەیەی شەستی هەتاوی، واتە وەک کاتێک بیر دەکەنەوە کە چوون بەپیر شەڕ لەگەڵ عێراقەوە کە ئەویان بە بەرەکەتی ئیلاهی دەزانی.

لەم دەیەدا زۆربەی خەڵک یان توشی گومان بوون سەبارەت بە ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتو ئەو وەعدەو بەڵێنە بێ ناوەرۆکانەی کە تاقی نەکرابوونەوە و بە خەڵکی دابوو، یان ساڵێک شۆڕشەکەیانی ماندوو و بێ کردار کردبوو. ئەو هێز و کەسانەی کە دەیانەویست ئامانجی سەرەکی شۆڕشی ٥٧ واتە ئازادی و ڕیفاە دەستەبەر بکەن تەنیا کەمینەیەکی چەپ و کومونیست و یان نەیاری شێوازی حوکمڕانی ڕژیمی تازە بوون. بە ناچار لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی ئەو دەیەدا شەڕی ئێران و عێراق هات بە کۆمەکی ڕژیمەوە و لە ژێر سایەی ئەودا شۆڕشی خەڵتانی خوێن کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەشی پێشڕەوی خەڵکی ئێران ئێستا و لە بارەدۆخێکی بەتەواوی جیاوازدا لەگەڵ دەیەی شەستی هەتاوی، لە شۆڕشێکی ڕوو لە گەشە و پەرەسەندندا کە پایەکانی کۆماری ئیسلامی هێناوەتە لەرزە و مانەوەیی خستۆتە مەترسی جیدیەوە هاتونەتە مەیدان. ئەوان بێ ترس لە سەرکوتگەران و بە بڕیاری جیددی بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی لەم شۆڕشەدا بەشدارییان کردوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕیزەکانیان پتەوتر دەکەن. لەم بارودۆخەدا سەرانی ڕژیم لەگەڵ ناردنی بنەماڵەکانیان بۆ شوێنێکی ئەمن و دیاریکردنی هێڵی پاشەکشە و هەڵاتنیان هەموو ئامرازەکانیان بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش هێناوەتە مەیدان. یەکێک لەو ئامرازانە بەڕێوەبردنی مانۆڕی نیزامی لە سەر سنورەکان، و ئەو هەڕەشانەیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان. سەرانی داماوی ڕژیم لەم گومانەدان کە هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ لە دەرەوەی سنورەکان زەینی خەڵک ئاودیوی دەرەوە دەکات و بە میلیتاریزە کردنی نێوخۆ ئیمکانی زیاتر بۆ سەرکوتی شۆڕشی ئێستا دەستەبەر دەکات.

سپای پاسداران سەرەتای مانگی ڕەزبەری ئەمساڵ و لە گەرمەی دەستپێکی ئاخێزێک کە بوو بەم شۆڕشەی ئێستا، هێندێک شوێنی لە نزیک شاری سولەیمانیە کردە ئامانجی هێرشی موشەکی و پەهبادی. بە پێی ئەو زانیاریانەی لە لایەن هێزی زەمینی سپاوە بڵاو کراونەتەوە ئەو هێزە ٧٣ موشەکی دوور هاوێژی زەمین بە زەمین و دەیان فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی خۆکوژیی لەو هێرشەدا بەکارهێناوە. بەڵام ئەو کردارە ماجەراجویانە بەجێگای بەلاڕێدا بردنی ڕای گشتی خەڵکی وشیاری ڕاپەڕیو قین و تووڕەیی ئەوانی بەرانبەر بە ڕژیم زیاتر و ڕیسوا بوونی قوڵتری جیهانی کۆماری ئیسلامی لای ڕای گشتی خەڵکی پێشڕەو و ئازادی خوازی لێکەوتەوە. بەڵام سەرانی لە داو کەوتوی ڕژیم توانایی دەرس وەرگرتنیان لەم شکستە نییە و دەیانەوێ ئاستی کردارە ماجەراجویانەکانیان بەرینتر بکەنەوە.

ڕۆژنامەی واڵستریت ژورناڵ ڕۆژی سێ شەممە ١٠ ی مانگی خەزەڵوەری ١٤٠١ باسی لە گەڵاڵەی هێرشی حکومەتی ئیسلامی سەرمایە بۆسەر چەند ئامانجێک لە عەرەبستان و هەرێمی کوردستانی عێراق کردوە. هەواڵنێری سی بی ئێس لە پێنتاگۆن، وەزارەتی بەرگری ئامریکا ش لە ڕاپۆرتێکدا باسی لە بوونی کۆمەڵێک وێنەی ماهوارەیی کرد کە" هێزەکانی سپای پاسداران لە حاڵی ئامادە باشیدا نیشان ئەدات بۆ ئەنجامدانی ئەم هێرشانە."

حسێن سەلامی، فەرماندەی گشتی سپای پاسداران ڕۆژی ٧ ی خەزەڵوەر وتی:" بە ئالی سعود و ڕاگەیەنەرەکانی ژێر دەسەڵاتی و کارگێڕانی فیتنەکان ئەڵێم وریا بن دیینە جەستەتان، ئێوە کە وێنە نیشان ئەدەن و فیتنە درست دەکەن، پێتانوایە ئیمکانی هەیە چیتان بەسەر بێت، بەڵام زۆریش ئارخەیان مەبن، دڵنیایی و ئارامیتان لێ زەوت دەکەین."

سەرەڕای ئەم هەڕەشە ئاشکرایانە ناسر کەنعانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕژیمی ئیسلامی سەرمایە لە وەڵام بە پرسیاری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەواڵنیران سەبارەت بە ڕاپۆرتی بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەی وال ئیستریت ژورناڵدا وتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر بنەمای ڕێزی دوولایەنە و لە چوارچێوەی ئوسول و پرەنسیپی نێونەتەوەییدا، درێژە بە سیاسەتی بەیەکەوە هەڵکردن و هاوسێیەتی ئەدات.

ئەم ناکۆک وێژییانە نیشانی ئەدات کە لەنێو دەسەڵاتداراندا سەبارەت بە هێرش بۆسەر ئەو ئامانجانەی باس کران لە عەرەبستان، وەک دامەزراوەی نەوتی و شیرکەتی گەورەی ئارامکۆ، ناکۆکی بوونی هەیە. کۆمەڵێک لە دەسەڵاتداران دەزانن کە هەر جۆرە هێرشێک بۆسەر ئەو ئامانجانە لە عەرەبستان، لەلایەن ئەو وڵاتە و دەوڵەتی ئیمپریالیستی ئامریکاوە وڵای ددان شکێن وەردەگرێتەوە و مەیل و پلانی هێندێک لە سەرانی ڕژیم بۆ بەلارێدا بردنی زەینی خەڵکی شۆڕشگێڕ تووشی شکست و ناکامی دەکات. هەر ئێستاش تەنیا لەبەر ئەوەی هەڕەشەی هێرشی نیزامی کراوە بۆسەر وڵاتانی دراوسێی ئێران نرخی دراوی ئێران دابەزیوە و نرخی دۆلار بەرز بۆتەوە کە کارناسان ئەوە بە مەترسیەکی جیدی بۆسەر ئابووری ڕوو لە وەرشکست و داتەپیوی ڕژیم دەزانن.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاگەیەنراوی وزیرانی کاروباری دەرەوەی گرووپی ٧



کەماڵ حەسەن پوور

که ڕۆژی ٤ی نۆڤەمبەر لە شاری مونستەر، ئاڵمان کۆبوونەوەیان هەبوو. من تەنیا بەشی پەیوەندیدار بە ئێرانم وەرگێڕاوەتەوە.

ئێمە، ئەندامانی گرووپیG7 ، پشتیوانیی خۆمان لە ویستی بنچینەیی خەڵکی ئێران بۆ داهاتوویەک کە لەوێدا ئەمنییەتی مرۆڤ و مافە گەردوونییەکانیان ڕێزی لێ بگیرێت و پارێزگاریان لێ بکرێت، دەر دەبڕین. ئێمە کوژرانی توندوتیژانەی ژنی لاوە ئێرانییەکە "ژینا" مەهسا ئەمینی دوای دەستبەسەر کران لە لایەن بەناو "پۆلیسی ڕەوشتیی" ئێران ئیدانە دەکەین. ئێمە هەروەها کەڵکی دڕندانە و لە ڕادەبەدەری توندوتیژیی دژی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز و مناڵان ئیدانە دەکەین. ئێمە داوای لە کاربەدەستانی ئێرانی دەکەین ڕێز لە ئەرکە ناونەتەوەییەکانیان لە ژێر یاسای نێودەوڵەتی بگرن، لە ناویاندا پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەمەڕ مافە مەدەنی و سیاسییەکان (ICCPR) بگرێ.

ئێمە داکۆلی لە مافی هەموو ئێرانییەک بۆ دەستڕاگەیشتنی ئازادانە بە زانیارییەکان و، ئێمە لە خەوشدار کردنی گۆڕەپانی مەدەنی و ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆ، بە ئامانج گرتنی داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ، لە ناویاندا پساندنی هێڵی ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا لە لایەن دەوڵەتی ئێران بەداخین. ئێمە داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین وەک یەکسان مامەڵە لەگەڵ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ژنان بکەن، ڕێز لە مافە گەردوونییەکانی دەستەبەر کراو بۆیان لە ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ بگرێ. ئێمە هەروەها داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەین زیندانییە دەستبەسەر کراو بە شێوەی نادادپەروەرانە، لە ناویاندا خۆپیشاندەرانی ئەو دواییانە، منداڵان، ڕۆژنامەوانان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ، ئازاد بکات و دڵنیایی لە لێپرسینەوە لە تاوانبارانی پێشێلکاری و تاوان دژی مافەکانی مرۆڤ بدات.

ئێمە بەردەوام دەبین لە کەڵک وەرگرتن لە سەرجەم ئامرازە سیاسییەکانی بەردەست بۆ بەرپرسیار کردنی دەسەڵاتدارانی ئێران. ئێمە داوا لە ئێران دەکەین ڕێگا بە دەستڕاگەیشتن بە وڵات لە لایەن خاوەن ئیختیاری پەیوەندیدار بە ڕێکارە تایبەتەکانی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بدات.

ئێمە بە توندی نەریتی ئێران لە دەستبەسەر کردنی نادادپەروەرانەی شارومەندە بیانییە خاوەن شارومەندیی دووانە دەکەین و داوا لە ئێران دەکەین کۆتایی بە نەریتی بێزراوی ئەو جۆرە زیندانی کردنانە بە هیوای وەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی بدات.

ئێمە پشتیوانیی بە هێزی خۆمان لە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرپرسیار کردنی ئێران لە خستنە خوارەوەی فڕۆکەی PS752، کە بووە هۆی کوژرانی ١٧٦ خەڵکی مەدەنیی بێتاوان. ئێمە داوا لە ئێران دەکەین ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی خۆی بێ دواکەوتن جێبەجێ بکات.

ئێمە بە توندی چالاکییە بەردەوامە ناسەقامگیرکەرانەکەی ئێران لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئیدانە دەکەین. ئەوە چالاکییەکانی ئێران بە هاژەکی بالیستیک و دەریایی، هەروەها فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، واتە درۆن و هەناردە کردنی چەکوچۆڵ بۆ ئەکتەرە ناحوکوومییەکان، دەگرێتەوە. ئەم چەشنە پەرە پێدانە ناسەقامگیر کردنی ناوچەکە و زیاتر کردنی گرژییەکانی ئێستایە. ئێمە داوا لە ئێران دەکەین دەست لە پشتگیریی کردنی ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان و تاقمی بەکرێگیراو بکات و بە تەواوی ملکەچی بڕیارنامەکانی پەیوەندیداری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ناویاندا UNSCR 2231 ، بێ. ئێمە هەروەها پشتیوانیی لە هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرپرسیار کردنی ڕووسیە و ئێران بۆ پێشێلکارییە ئاشکراکەیان دژی UNSCR 2231 ، دەکەین.

ئێمە ئیرادەی ڕوونی خۆمان دووپات دەکەینەوە کە ئێران هەرگیز نابێت چەکی ناوکی پەرەپێبدات. G7 درێژە بە کار کردن پێکەوە و هاوبەشە ناونەتەوەییەکانی دیکە بۆ چارە سەر کردنی کێشەی ناوکی ئێران و هاوکارییە ناتەواوەکەی دەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئاژانسی ناونەتەوەیی وزەی ناوکی پەیوەندیدار بە پەیماننامەی پەرە پێ نەدان NPT دەدات. ئێمە هێشتا بە قووڵی نیگەرانین لە بەرفراوانبوونی بێ وەستانی بەرنامە ناوکیەکەی ئێران کە هیچ پاساوێکی مەدەنی باوەڕپێکراوی نییە. ئێمە داوا لە ئێران دەکەین ڕێچکە بگۆڕێ و ئەرکە یاسایی و بەڵێنە سیاسییەکانی لە بواری نەهێشتنی چەکی ناوکی بێ دواکەوتنی زیاتر جێبەجێ بکات. ئێمە سەرنجمان داوە کە سەرەڕای چەند مانگ دانوستانی چڕ لەمەڕ گەڕانەوە بۆ بەرجام، ئێران هێشتا بڕیارە پێویستەکانی نەداوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## چی نەکردن؟



**کەریم پەرویزی**

لەو کاتەدا کە دەسەڵاتی تێزاری نەخۆش بوو و خۆپیشاندان و ناڕەزایی خەڵکی ڕووسیە بە گشتی ڕووی لە هەڵکشان بوو، لێنین کە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیە بوو و ڕێبەری جەناحی بۆلشویک واتە ئەقەلییەت لەنێو ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حیزبە بوو، وتارێک و دواتر نامیلکەیەکی بەناوی "چی بکرێ؟"، بڵاو کردەوە کە تێیدا باسی لە هەنگاوەکانی حیزب و بزووتنەوەی کرێکاری بۆ سەرکەوتن و ڕووخانی دەسەڵاتی تێزاری کردبوو. لەو نامیلکەیەدا بەکورتی سێ شتی سەرەکیی ڕوون کردبۆوە کە بریتین لە ڕوانینی سیاسی کە بە زمانی ئەو کات پێی دەگوت ئاژیتاسیۆنی سیاسی یان بە زمانی ئەمڕۆیی بڵێین ڕوانگە و دیمەنی سیاسی کە بۆ کوێ دەڕۆین. دووهەم پرس، دیاریکردنی ئەرکی تەشکیلاتی وەکوو خۆی دەیگوت خەباتکارانی حیرفەیی، و پرسی سێهەم ڕێکخستن و بەرنامە بۆداڕشتنی ئەو چینەی کە بەشداری شۆڕشە.

دوای نزیک بە سەد ساڵ بەسەر ئەو دۆخەی ئەوکاتی ڕووسیەدا، ئێستا ڕێژیمی خومەینی- خامنەیی، گەیشتۆتە وەها نوختەگۆڕانێک. ئێستە لە ملەیەکی زۆر توندی مێژوویی‌دایە و کۆمەڵگە دەستی لە بینەقاقای دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی ناوە و بە دروشی "ژن، ژیان، ئازادی" دەیەوێ، ڕووناکی بەسەر تاریکیدا زاڵ بکا. دەسەڵاتی خامنەیی لە دوای ئەو هەموو ئاژاوەگێڕییە لە نێوخۆ و دەرەوە و ناوچەکە، ئێستە هەم نەخۆش و لاڕەملە و هەم چارەنووسی خۆی گرێ داوە بەو دڕۆنانەوە کە بە ڕووسیەی دەدا و خەڵکی ئۆکراینی پێ بێ ئاو و بێ کارەبا و بێ ژیان دەکا.

دەسەڵاتی نەخۆش لە سەرەمەرگدایە و خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ورە دەگرن و دەیانەوێ ئەم ماڵوێرانی و نەگبەتییە لە کۆڵی ئێران و ناوچە و جیهان بکەنەوە. ڕۆژانە هەواڵ و ڤیدیۆیی خۆپیشاندانی خەڵک و ڕاپەڕین لە کونج و قوژبنی جۆربەجۆری ئێرانەوە بڵاو دەبێتەوە و ئیتر لە قۆناخی ڕژانی ترسی خەڵک تێپەڕیوەو گەیشتۆتە قۆناخی ترسانی هێزەکانی ڕێژیم.

سروشتییە کە لەم دۆخەدا کە کەشوهەوای شۆڕش و ڕاپەڕین بەسەر ئێراندا زاڵە و ڕۆژانە و شەوانە خەڵک هەناسەی ئەوە هەڵدەمژن تاکوو بزانن کەی بۆنی مزگێنیی ئازادی دەبیسن، هەر لایەک و هەر بیرکردنەوەیەکی سیاسی لە بیری ئەوەدا بێ کە بۆ ئێستا و سبەینێی ڕاپەڕین و درێژەدان بەم ڕاپەڕینە چی بکرێ؟

ئەوەی خاڵی گرنگ و بنەماییە، دۆزینەوەی دیمەنی سیاسی، یان ئەو خەونەیە کە کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی هان بدا یان قبووڵیان بێ و خۆی تێدا ببیننەوە. هەرەوک لێنین دەیگوت، فاکتەری دیکە، ئەرکە تەشکیلاتییەکانە کە تێکۆشەرانی حیرفەیی دەبێ بەرێوەی ببەن و خاڵی کۆتاییش ڕێکخستن و بەرنامەڕێژیی جەماوەری سەرشەقامە کە بە کات و بە شوێن و بە چین و بە توێژی جیاوە، لێییان ڕوون بێ کە هەرکەس چی بکا و چۆنی بکا.

بەڵام لەم دۆخەی ئێستادا پێویستە ڕاوەستەیەک لە سەر هەندێ شت بکەین کە بریتییە لەو شتانەی کە ئەنجامدانیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەساری هەیە و نەکردنیان باشترە. لە ڕاستیدا چیکردنەکان ڕەنگە زۆر کەس لێیان ڕوون بێ، بەڵام چی نەکردنەکان خاڵی گرنگن کە لە ئێستا دەبێ خۆیانی لێ بەدوور بگرین.

ڕەنگە جێی پرسیار بێت کە لە ڕەوڕەوەیەکی بەرەو پێشدا کە ڕاپەڕینێک ڕوو بە داهاتوو گرتوویەتە بەر، دەبێ باس لە داهاتوو و هەنگاوە کردەییەکان بکرێ و لە حاڵەتی بزاوتنی بەرەو پێشدا ئیدی ئەوەی کە زێهنت پێوەی خەریک دەبێ ڕۆیشتنە نەک بیرکردنەوە لە شتی دیکە و نەڕۆیشتن! بەڵام لە هەر قۆناخێکی شۆڕش و خەباتدا هەندێ کردەوە و هەندێ ڕۆیشتن و بەرەو لا ڕۆیشتن هەیە کە خەسارەت دەگەیێنێ و هێزت بەلاڕێدا دەبا و بیرت پەرتەوازە دەکا. هەندێ کردەوەش هەیە کە گەر وشیاری نەبی و لە دۆخی هەستیاری جەماوەریدا ئەنجامی بدەی، بە قازانجی دوژمن تەواو دەبێ.

**ئەو شتانەی کە نەکرێن باشترە، چین؟**

هەروەک لێنین لەو سێ خاڵەدا کورتی کردبۆوە کە چی بکرێ، پێویستە لە ئێستا دا باسی سێ خاڵی سەرەکی بکەین کە نەکردنەکان لەو خاڵانەدا کۆ بکرێنەوە.

خاڵی یەکەم دیمەنی سیاسیی داهاتوو بریتی نەبێ لە وێناکردنەوەی دیمەنی ترسناکی ڕابردوو. ڕوونتری بکەینەوە، کۆمەڵگەی ئێران چۆن دەبینین؟ ئایا کۆمەڵگەیەکی یەکدەستە کە خەڵک هەمووی یان زۆرینەی هەرەزۆری یەک ڕەنگن و ئەوەی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ڕووی داوە، تەنیا بریتی بووە لەوەی دەسەڵاتێکی نەزان و سەرەڕۆ لەسەرکار بووە؟ گەر وابێ ئیدی تەنیا باسکردن لەوەی کە دەسەڵاتی داهاتوو هەموو خەڵک وەکوو یەک دەبینێ و کەسانی زانا و پسپۆڕ بەکار دێنێ و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەرپرسانی وڵات دیاری دەکرێن، وەڵامدەری پرسەکەیە و تەنیا هەوڵدان بۆ ئەوەی کە هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیک لە وڵات هەبێ، گرفتەکان چارەسەر دەکا.

لە کاتێکدا گەر بە وردی چاو لە کۆمەڵگەی ئێران بکرێ، کۆمەڵگەیەکی فرەڕەنگ و فرە پێکهاتەیە و تەنیا بە یەک ڕستەی سادە و ساکار وەڵامی هەموو نەهامەتییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە نادرێتەوە. نەتەوە جیاوازەکان بە درێژایی سەدەی ڕابردوو ستەمیان لێ کراوە. دەسەڵاتی پاڵەوی و دەسەڵاتی خومەینی- خامنەیی، هەموو نەتەوە غەیرە فارسەکانیان چەوساندۆتەوە. ئایا تەنیا هەڵبژاردنی ئازاد وەڵامی برینە قووڵەکانی ڕۆحی ئەم نەتەوانەیە؟

ژنان لە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهیدا وەکوو جێنسی دووهەمیش هەڵسوکەتیان لەگەڵ نەکراوە، بەڵکوو وەکوو کاڵایەکی بەردەست کە دەکرێ بەکار ببرێ و دوایەش بێ هیچ نرخێک فڕێ بدرێ چاویان لێ کراوە و سووکایەتی بە بوونیشیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کراوە. ئایا تەنیا ئازادکردنی حیجاب هەموو دەرد و ئازارەکانی ژنانن چارەسەر دەکا و ئیدی ژنان خۆشبەخت دەبن و بەختیاری بۆ کۆمەڵ دابین دەبێ؟ هەروەها پێکهاتەکانی دیکە و ئایین و ئایینزاکان و چین و توێژە جیاوازەکان و نەسڵە جیاوازەکان بە شێوەی جیاواز ستەمیان لێ کراوە و چەوسێندراونەتەوە و پەراوێز خراون. بە ڕستەیەکی سادە ناکرێ هەموویان تێراو بکرێن و سادەکردنەوەی ڕستەی داخوازییەکان، دووبارە ئەوەیان لا دروست دەکاتەوە کە خەریکن درۆیەکی دیکەیان لەگەڵدا دەکرێ و لەباتی دیمەنی دڵڕفێنی داهاتوو، فریوکارییەکی تاوانبارانەی ڕابردوویان وەبیر دەهێنرێتەوە. بۆیە نابێ ویست و داوا و ستەم و ئازارەکان سادە بکرێنەوە تاکوو کەسانێکی فێڵباز سواری شەپۆلەکان بن، دەبێ وەڵام و دیمەنی سیاسیی داهاتوو وەڵامی بۆ هەموو پێکهاتەی کۆمەڵگەی فرە نەتەوە و فرە ڕەنگی ئێران پێ بێ و بەختەوەری و یەکسانی بۆ هەموو پێکهاتەکان بە دیاری بێنێ.

خاڵی گرنگی دیکە لە چی نەکردنەکان، بریتییە لە وەداوی پڕوپاگەندەی ڕێژیم نەکەوتنە. لەم دۆخەدا کە کۆمەڵگە بە هەموو لایەک هاوار دەکەن کە ئەم ڕێژیمەمان ناوێ، دیار و ڕوونە کە ڕێژیمیش هەست بە مەترسی دەکا و پەنا دەباتە بەر هەموو جۆرە سەرکوت و فرتوفێڵێک بۆ مانەوەی خۆی. ڕێکارە فیزیکییەکانی بۆ سەرکوت دیارن و ئەوەی لە دەستی هاتووە بۆ ترساندن و زاڵکردنی دۆخی تۆقێنەر کردوویە، بەڵام تاکتیکە چەپەڵەکانی بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕاپەرین و سەرهەڵدانی خەڵکانی ئێران، زۆر و ئاڵۆزن و دەبێ بە وشیارییەوە هەموو ئەو تاکتیکانەی لەقاو بدرێن.

لەقاودانی تاکتیکە فریوکارانەکانی ڕژێم زۆرن و پێویستیان بە وردبینی هەیە. هەر لە مووشەکباران کردنی بنکە و بنەماڵەکانی حیزبە کوردییەکانەوە بگرە تاکوو سووتاندنی زیندانی ئێڤین و تا کردەوەی نمایشیی شاچراخ لەو تاکتیکانەن کە بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای خەڵک و ئاژاوەنانەوە و تەنانەت زەمینگیرکردنی هێزەکانی ئامادە لە گۆڕەپانی خەباتدا بەڕێوە بردووە.

یەکێک لەو تاکتیکانە دەتوانێ ئاژاوەخستنە نێو نەتەوە جیاوازەکان بێ، یان سووتاندنی بەسیجییەک و نیشاندانی ئەوەی کە خۆپیشاندەران لە مرۆڤایەتی بەدوورن یان دەکرێ ژنان وا تێ بگەیەنێ کە داخوازیی ئازدی تەنیا بۆ ئازادیی حەیوانییە وەک ئەوی ئاخوندێکی نوێنەری خامنەیی وای گوت؛ یان زۆر تاکتیکی دیکەی کە تەنیا و تەنیا بۆ ئاژاوەنانەوە و پەرتەوازەکردنی هێزەکان و بەگژیەکداکردنیان و بەلاڕێدابردنی ویستەکان و زەمینگیرکردنی هێزەکان بێ.

بۆ پاتەک یان ئیفشاکردنی ئەو تاکتیکانەی ڕێژیم، دەبێ یەک ئەسڵی سەرەکی لەبەر چاو بگیرێ کە لە هەر کردەوە و دەربڕینێکدا لەپێشدا لێی وردبینەوە و دوایە بزانین کە ئایا ڕژێم قازانجی تێدا دەکا و خەباتکاران خەساری تێدا دەبینن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یا بە پێچەوانەکەی؟ هەر کردەوەیەک ورە و بڕوا بە خەباتکاران ببەخشێ ولە سەر ڕێگەی دروست و شۆڕشگێرانە بیانهێڵێتەوە بە قازانجە و هەر کردەوەیەک هێزەکانی ڕژیم قازانجی تێدا بکەن و هێزی خەبات بەلاڕێدا ببا مەترسیی لەداوکەوتنی تاکتیکەکانی ڕێژیمی لێ بە دی دەکرێ.

فاکتەری سێهەم بۆ ئەوەی چی نەکرێ. بریتیە لە قەتیس نەکردنەوەی شۆڕش و ڕاپەڕین چ لە نێو ئێران و چ لە دەرەوە. قەتیس نەکردنەوە بە چ مانایەک دێ؟ گەر چاو لە ڕووداوەکان و سەرهەڵدانەکانی خەڵک بکەین کە لە مێژوودا بەڕێوە چوون، هەر ڕاپەڕینێک لە نوختەیەکی جوغرافیایی بەرتەسکدا بەڕێوە چووبێ یان تەنیا توێژێکی گرتبێتەوە شانسی سەرکەوتنی کەم بووە. هەر ڕاپەڕینێکیش لە دەرەوەی جوغرافیا سیاسیەکەدا نەیتوانیبێ پشتیوان پەیدا بکا، یان سەرنەکەوتوە و یان بە هەزینەی یەکجار زۆرتر و درێژمەوداترەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

بۆ ئەو دوو مەبەستە دەبێ دوو شت لەبەرچاو بگرین:

گەر دەمانەوێ لە نوختەیەکی جوغرافیاییدا بەرتەسک نەبێتەوە و بۆ وێنە تەنیا کورد تێیدا بەشدار نەبێ و تەنیا ژن و لاو نەبن، دەبێ پەیامێکی سیاسی و دیمەنێکی وەها و کردەوەیەکی وەهامان نیشان بدەین کە نوختەکانی دیکە بۆ نێو ڕاپەڕینەکە ڕابکێشین. ناکرێ بە سیاسەتی پەراوێزخستنەوە پێمان وابێ ئەوان وەدوامان دەکەون. ناکرێ چاوەڕوانیمان بێ کە سووکایەتی بە پێکهاتەیەک یان بەشێک بکەین و لەکاتی تەنگانەشدا وەفریامان بکەوێ! بۆیە دەبێ زمانی ڕاپەڕینمان زمانی ڕاکێشان بێ نەک دوورخستنەوە و کردەوەکان جۆرێ پێناسە بکەین کە خەڵی زۆرتر و بەشی زیاتر پەیوەست بن.
لە ئاستی دەرەکیشدا دەبێ بەدوای پشتیواندا بگەڕێین و ئەرکی دیاسپۆرا و خەباتکارانی نێو گۆڕەپانەکە ئەوەیە کە ئەو پشتیوانیە بدۆزنەوە. نابێ کردەوە و وپەیامێکمان پێ بێ کە دونیای دەرەوەمان لێ بسڵەمێنێتەوە و نابێ تەنیا لەگەڵ خۆمان قسە بکەین! ئێمە لە قسەی یەک حاڵین! گەر ناڕوونیەکیشمان هەبێ دوایە دەرەتانی تێگەیاندنی یەکترمان هەیە! ئێستە کاتی ئەوەیە کە ئەوانەی وا لە ئێمە تێناگەن ئەوان تێ بگەیەنین. تێگەیاندنیش زمانی سیاسی و تایبەتی خۆی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شەهیدبوون لە پێناو ئازادیدا شانازی و جاشایەتی و نۆکەرییش سەرشۆرییە



عومەر باڵەکی

ماوەی زیاتر لە نیو سەدەیە وشەی جاش هاتۆتە نێو ئەدەبییاتی سیاسیی بزوتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کوردەوە. لە فەرهەنگی دەستەواژە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کورددا جاش بەو کەسانە دەگوترێ کە بە ڕەگەز کوردن و کوردستان نیشتمانیانە، بەڵام بە دژایەتیی بزوتنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکەونە بەرەی دوژمن و دەبنە چاوساغی هێزە سەرکوتکەر و داگیرکەرەکانی دوژمن و لە پێناو کەمەپارە و پارووە نانێک ڕەحم بە برا و خۆشکی هاوخوێن و هاوزمان و هاوشار و هاوگەڕەک و هاوگوندیی خۆیان ناکەن و تەنانەت زۆر جاران لە دوژمن زیاتر دەبنە دوژمنی گەل و نیشتمانی خۆیان.

دیاردەی جاشایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەداخەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەر هەیە. لەو ماوەیەشدا کە بە هۆی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی، کچە کوردی سەقزی لە تاران بە دەستی پۆلیسی بەناو گەشتی ئیرشاد، شۆرشێک لە کوردستان و ئێران بەدژی دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامی سەری هەڵدا کە لە ٤٣ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بێوێنەیە و ماوەی زیاتر لە مانگ و نیوێکە سەرانسەری ئێرانی گرتووەتەوە و لەلایەن خەڵکی ناڕازی لە شەقامەکانی ئێران دروشمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێکهاتەشکێنی وەک مەرگ بۆ ڕێبەری نیزام و برووخێ نیزامی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە پاڵ دروشمی ئەسلی ژن، ژیان، ئازادی دەگوترێنەوە؛ بەشی زۆری سەرکوتی خەڵک لە کوردستان لەلایەن هێزی جاشەکانەوە دەکرێت.

سروشتی ڕاپەڕینەکە لە کوردستان جیاوازترە، لە کوردستان بێجگە لەو دروشمانەی لە هەموو شار و ناوچەکان بەرز دەکرێن، دروشمی نەتەوەییش بە زەقی دەبیسترێت کە دەرخەری ویست و داخوازە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هاوکات لە پاڵ ئەو دروشمانەدا بە پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروشمی "جاشی حرامزادە، ڕەنجی کوردی بە با دا" و زۆر دروشمی دیکە کە ئەوپەڕی بێزاری و نەفرەتی خەڵک لە کەسانی جاشیان لێ دەخوێندرێتەوە، لە هەموو خۆپێشاندانەکاندا دەبیسترێت. ئەمە لەلایەک جێگەی داخە کە بۆ دەبێت لەو هەلومەرجە ناسکەدا کە ورد و درشتی خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی بە دژی نادادپەروەریی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕژاونەتە سەر شەقام، دەستەیەک خۆولاتی لە جلوبەرگی جاشایەتیدا ڕووبەڕووی خەڵکی خۆیان ببنەوە و سیلە لە خەڵک بگرن. لەلایەکی دیکەشەوە جێگەی تێڕامانە کە خەڵکی کوردستان وریا و وشیارن و بە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمانە دەیانەوێت پەیامێک بدەن بەو کەسانە کە بە هەر هۆکارێک بوونە هاوکاری هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران. شیکردنەوەیەکی کورتی ئەو دروشمانەش کە ڕوو لە جاشەکان و لەدژی ئەوان دەگوترێت، هەڵگری ئەو پەیامەیە کە ئەی ئەو کەسەی بوویەتە هاوکاری هێزە سەرکوتگەرەکانی دەسەڵات! ئەگەر باوەڕت بە ئەسڵ و نەسڵی خۆت هەیە دەبێت ڕیزی خۆت لە ڕیزی دوژمن پاک و جیا بکەیەوە، دەنا لەو نەتەوە بێبەریت و حاشات لێ دەکرێت. لەو بەشەی دروشمەکەشدا کە دەڵێت "ڕەنجی کوردی بە با دا"، ڕاست دەیهەوێت وەبیر ئەو کەسانەی بەرگی جاشایەتییان کردووەتە بەر بێنێتەوە و بڵێ، ئەگەر ئەتۆ نەبی بە کەواسووری پێش لەشکر، هێزی سەرکوتکەری ڕێژیم لە کوردستان ناتوانێت بەرەنگاری خەڵکی وەزاڵەهاتووی سەرشەقام بێتەوە. واتە ئەوە ئەتۆی کە سیخوڕی بۆ دەکەی و دوژمن بە کەلێن و کەلەبەری شار و گوند و کوێستانەکانی کوردستانی ئاشنا دەکەی!

ڕەنگە لە ماوەی ئەو مانگ و نیوەدا ئەو کوردانەی چەکی جاشایەتییان لە شاندا بووە بەو دروشمانە زۆر تووڕە بوون، بۆیە واباشترە بە جێگەی تووڕەبوون و هەڵکوتانە سەر خەڵک و شەهید و بریندارکردنی گەنج و لاوی ئەو کوردستانە، ڕیزی خۆیان لە ڕیزی دوژمن جیا بکەنەوە و ئەگەر لە کاتی ئێستادا بە هەر هۆکارێک ناتوانن ئەو بڕیارە قورس و یەکلاکەرەوەی ژیان و چارەنووسیان بدەن، خۆ دەتوانن لە سەرکوتی نارەزایەتییەکانی خەڵکدا بەشدار نەبن، تەنانەت گەلێک جاران بتوانن یارمەتیدەری هاووڵاتی و هاونیشتیمانیی خۆشیان بن. واتە لانی کەم ئەگەر ناتوانن چەک دابنێن، بە کردار و هەڵسوکەوتیان وا بکەن چەند خاڵێکی باش لە کارنامەی ژیانتاندا تۆمار بکەن کە لە دواڕۆژدا بەکاریان بێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو کەسانە جا بە هەر هۆکارێک بوونەتە جاش و هاوکار و چاوساغی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، دەبێت بەو یاسا سروشتییە بزانن کە دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکان ماوەی بەسەرچوونیان هەیە، جا دەرنگ یان زوو لەسەر دەسەڵات نامێنن و دەبن بە بەشێک لە مێژوو، بەڵام نەتەوە و خەڵک دەمێنن، ئەویش لە سەردەمی ئێستادا زەحمەتە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیەک لەنێو بچێت و لە ئاکامدا سەرکەوتن هەر هی گەلە. بۆیە ئەگەر بیر لە خۆیان و چارەنووسیان ناکەنەوە، لە فکری خێزان و منداڵەکانیاندا بن. ئەو منداڵانە ناچارن هەر لەنێو ئەو نیشتمانەدا بژین و لەگەڵ ئەو خەڵکە هەڵسوکەوت بکەن، جا با لە ڕوویان هەڵبێت نازناوی باوکیان هەڵبگرن و بە ئاسوودەیی بژین، نەک هەتا مردن ئەو ناونیشانە دزێوە بە ناوچاوانیانەوە بێت.

هەموو مرۆڤێک بەشی خۆی هەست و سۆزی مرۆڤایەتی هەیە، ئەگەر لە بەرانبەر خەڵکی دیکەشدا نەیبێت و کردەوەی دڕندانە دەرحەق بە هاونیشتمانییانی بکات، لەو کاتەدا کە خۆی تووشی کارەسات دەبێت ئەو هەست و سۆزە مرۆڤایەتییەکان سەر هەڵ دەدات، باشە ئەو جۆرە کەسانە بۆ جارێکیش بێ وێنەی ئەو هەموو گەنج و لاوە کەم تەمەنانە کە لەو ماوەدا بەدەست و فیەشکی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید و بریندار و نقوستان بوون، بێنە بەرچاوی خۆیان و پرسیار لە خۆیان بکەن، چۆنیان لە ڕوو هەڵدێت وەک هاونیشتمانی و هاوشاری و هاوگەڕەک و هاوماڵی چاو لە چاوی بنەماڵەی ئەو شەهیدانە بکەن. پرسیارە و بەرەوڕووی ئەوان دەکرێ کە ئێوە چیتان بەسەر هاتووە و دەسکەوتتان چ بووە کە بێبەری بوون لە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی؟ بۆیە با جارێکی دیکەش پێیان بڵێین کە ئێستا لە هەموو کات گونجاوترە وێژدانی نووستووتان وەخەبەر بێت و خۆتان لە شەرمەزاریی گەل و نیشتمان ڕزگار بکەن. بەڕاستی ئێوەی چەکی دوژمن لەشان ئەو دەنگە دلێرانەی سەر گۆڕی شەهیدە جوانەمەرگەکانی دەستی زۆرداری نابیستن؟ نابینن کە دایکی جەرگسووتاو و باوکی ڕۆڵە لەدەستچوو چۆن لەنێو ئاپۆڕای هەراوی خەڵکی ماتەمگرتوو و و دڵ پڕ لە قیندا هاوار دەکەن و دەڵێن شانازی دەکەین ڕۆڵەکانمان لە ڕێبازی بەختەوەریی خەڵک و نیشتماندا شەهید بوون! گوێتان لە هاواری ئەو پیاوە نییە لەسەر گۆڕی ژنە شەهیدەکەی پڕ بە گەرووی هاوار دەکات و دەڵێت "فریشتە" چ شانازییەکی گەورەیە کە تۆ چوویە نێو کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە! گوێتان لە دەنگی ئەو باوکە نییە کە لەسەر گۆڕی کوڕە شەهیدە جوانەمەرگەکەی بە شانازییەوە دەڵێت لە بەر خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات و ٢٥ی گەلاوێژ ناوم ناوبوو "کۆمار".... . ئەگەر ئێوەی نازناوی جاشایەتیتان بۆ خۆتان بە خۆتان بڕاندووە تۆزقاڵێک وێژدانتان بجووڵێت و گوێی بیستنتان بکرێتەوە، حەتمەن ئەو دەنگانە دەبیستن کە لە گەرووی تاک بە تاکی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و کوردستان دێنە دەرێ و نەک پانتایی ئێران، بەڵکوو سەرانسەری جیهانی تەنیوەتەوە. دڵنیا بن ئەو ڕۆژەش دێت گەردەلوولی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان تاج و تەختی کۆماری ئیسلامی تێکەوە پێچێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی دیاردەی جاشایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستان و بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا بنەبڕ یان ڕوو لە کزی بدات، تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان لە سەریانە لە هەموو ئەو کەسانە نزیک ببنەوە کە کەوتوونەتە بەرەی دوژمن و هەوڵیان لەگەڵ بدەن واز لەو کردەوە قیزەونە و دوژمنکاریی نەتەوەی خۆیان بێنن و لانی کەم ئەگەر ناتوانن هاوڕێ و هاوبەمەستی خەڵکی خۆیان بن، هاوکار و چاوساغی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیش نەبن و بەشداری ئەو جینایەتانە نەبن کە لە کوردستاندا لەسەر دەستی ئەو هێزانە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان لە ئارادایە. چونکە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنیان هەوڵیان داوە تۆوی نیفاق و دووبەرەکیی لەنێو ڕیزەکانی گەلدا دروست بکەن و ئەگەر ئەو نیزامە توانیوویەتی ڕێژەیەکی یەکجار کەم لە خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بە جۆرێک لە نێوان ئەو ڕادە کەمە و خەڵکی کوردستان دوژمنایەتی دروست بکات، ئەو هەلومەرجەی ئێستە باشترین دەرفەتە بۆ ئەوانەی فریۆیان خواردووە تا بگەڕێنەوە باوەشی خەڵکی خۆیان، چونکە سبەینێ زۆر دەرنگ دەبێت.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٣٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## ئەم بزوتنەوەیە جیاوازە



سایتی پەیام



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕەحمان جەلالی، جێگری ئوستانداری کرمان ڕۆژی ١٤ ی مانگی خەزەڵوەر لە ئاماژە کردن بە هەوڵەکانی ڕژیم بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتیەکان وتویەتی:" هەمیشە بەرتەسک کردنەوەی ئینتێرنێت، هاتنی سەردەستەی گورووپە ئاژاوەگێڕەکان و خەڵکی بۆسەر شەقامەکان و ئاژاوە گێڕیی لەنێوبردوە، بەڵام جنسی ئەم ئاژاوەیە و بەردەنگ و مخاتبەکانی جیاوازە." هەروەها ڕەسوڵ سەنایی یەکێک لە بەرپرسانی دەفتەری خامنەیی وتویەتی:" نیزام لەدەست نەچووە بەڵام ئێمە گورزی گەورەمان بەرکەوتوە." ئەو دوو حاڵەتەی ئاماژەمان پێدان، ڕەنگدانەوەی و دەنگدانەوەی ورەی لاوازی بەرپرسە پلە دووهەمەکانی کۆماری ئیسلامیە، کە دانپێیدا دەنێن، بزوتنەوەی ئەم دەورەیە جیاوازە و شێوازە باوەکانی سەرکوتی حکومەتی ئیسلامی ئیتر وڵامدەرەوە نییە.

لە خامنەییەوە تا فەرماندەکانی سپای پاسداران، لە ڕەئیسیەوە تا ئاخوندە وڕێنەکەرەکان لە ماوەی دوو مانگی ڕابردودا گەلێک جار هەڕەشەیان لەخەڵک کردوە. هێزە سەرکوتەگەرەکانی حکومەتی ئیسلامی زیاتر لە ٣٠٠ کەسیان لەسەر شەقامەکان کوشتوە، بە هەزاران کەسیان بریندار و ئەشکەنجە کردوە. بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شەپۆلی ناڕەزایەتیەکان و خۆپیشاندان و مانگرتن، ئاستێکی بەرینتر بە خۆیەوە دەگرێت.

سەرجەم تاکتیک و سیاسەتەکانی ڕژیم بۆ ئەم بزوتنەوەی دوایی، کە بە کوشتنی حکومەتی ژینا ئەمینی دەستپێیکرد، بەرەو رووی شکست و ریسوایی بۆتەوە. خەڵکی ناڕازی، ژنان و لاوان، خوێندکاران و قوتابیان، هونەرمەندان و نووسەران، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە بەلوچستان تا کوردستان، داهێنەرانە لە مەیدانی خەباتدا ئامادەن. بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئەم جەماوەرە بەرینە هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی توشی ناکۆکی دەرونی و ماندوو بوون و فەرسایش کردۆتەوە.

بزوتنەوە و خەڵکی نارازی بە ڕۆشنیەکی گەلێک زیاترەوە دروشمە گرنگ و کلیدیەکانی وەک ژن. ژیان. ئازادی، مردن بۆ دیکتاتۆڕ دەڵێنەوە. هاودڵی و یەکێتی و یەکگرتویی نێوان هێزە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیەکان گەلێک زیاتر بووە و ترسی خەڵک لە حکومەت تا ئاستێکی زۆر جێگای خۆی داوە بە بوێریەکی گشتی و بۆتە هێرش کردنە سەر پایەکانی نیزامی ئیسلامی.

لەم دەورەیەدا خەڵک لە خەباتی چوار دەیەی ڕابردوی لەدژی کۆماری ئێسلامی ئێران گەلێک دەرس و ئەزمونی بە نرخیان وەرگرتوە. هاودڵی نێوان کوردستان و ئازەربایجان، نێوان شیعە و سوننی، یەکگرتویی نێوان خەڵکی نێوخۆ و دەرەوە پتەوتر بووە. بزوتنەوەی ئەم دەورەیە زیاتر لە هەموو کاتێک بە ئامادە بوونی کاریگەر و ڕێبەری ژنان لە لایەکەوە و پەڕاوێز



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خستنی دامەدەزگای ئاینی و دەرکرانی ئخوندەکان لە ژیانی خەڵکدا مانا دەکرێتەوە. زانکۆ و خوێندکار دوای دەورەیەک سستی، ئێستا چالاکانە لە بەرانبەر ڕژیمدا وێستاون، خەڵک لێهاوتویی و خەلاقیەتی زیاتر لە شکڵ و شێوازی خەبات و تێکۆشانی خۆیاندا نیشان ئەدەن و تاکتیکی جۆراو جۆر و جیاواز بەکار دێنن. گشت ئەمانە نیشانی ئەدات کە گەیشتن بە سەرکەوتن و ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی لە ڕابردو زیاتر بۆتە بابەتێکی مومکین و هاتۆتە بەردەست.

خامنەیی ڕێبەری ڕژێم لەبەردەم ڕای گشتیدا هەموو ئیعتیبارە درۆینە و بێ ناوەڕۆکەکەی لە دەست داوە. ئەندامانی هەیئەت حاکمەی گەندەڵ و کۆنەپەرست لە گشت ئاستەکاندا، هیچ ئیعتیبارێکیان لەنێو خەڵکدا نییە. تەبلیغات و بڵاو کردنەوەی درۆی ڕژێم هیچ کریارێکی نییە و تەنانەت کەسانی لایەنگری ڕژێمیشی پێ قانع نابێت.

ترس لە حکومەت جێگای خۆی داوە بە هیوا و بوێری و ئەمجارە ئەوە ڕژێمە کە لە خەڵک ئەترسێت. لە هیچ دەورەیەکدا ئاخێزی خەڵک بەم ڕادەیە بەرەو رووی پێشوازی ڕای گشتی خەڵکی دنیا نەبۆتەوە و لەم ئاستەدا لە لایەن هونەرمەندان، وەرزشکاران، رۆژنامەنووسان و نووسەرانەوە پێشوازی لێنەکراوە. کۆماری ئیسلامی ئیتر ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی بەر لە دوو مانگ لەوەپێشی و خەڵک تا ئێرەش کۆمەڵێک دەستکەوتیان دەستەبەر کردوە کە وەرگرتنەوەیان محاڵە و بە پشتیوانی ئەم دەستکەوتانە بەرەو سەرکەوتنی نیهایی و یەکجاری دەڕۆنە پێشێ.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئازایەتیی بێوچانی خۆپیشاندەرە ئێرانییەکان، تاقیکارییەکی ئەخلاقیی بۆ دنیای ڕۆژاوایە



سی ئێن ئێن- فریدا غیتیس/ و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

چـل ڕۆژ دوای کـوژرانی مەهسـا ئەمینـی دوای گیرانـی لەلایەن گەشـتی خۆتێهەڵقـوتێنەری ئیرشـادی ئێـرانەوە، ئەو خۆپیشاندانەی مردنی ناوبراو چەخماخەکەی لێدا، بەربڵاوتر، سەرکێشانەتر و بروابەخۆتر بووە. ئەوان هەروەها ئەرکی ئەخلاقیی دنیایان بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی زیاتر قورستر کردووە.

لە شاری شوێنی لە دایکبوونی ئەمینی، سەقز، شوێنی ناشتنی ئەو کچە ٢٢ ساڵەیە، هەزاران کەس سەرپێچییان لە پۆلیس کرد و کۆ بوونەوە تا ڕۆژێکی گرینگ لە پرۆسەی ماتەمینەکەدا تۆمار بکەن، ئەگەرچی هێزە ئەمنییەتییەکان گوللە و گازی فرمێسکرێژیان پێوە دەنان. هەروەها خۆپیشاندان لە ژمارەیەک شاری دیکەش بەڕێوە چوون: لە ئیسفەهان، ژنان بە بروابەخۆبوونەوە لەچکەی ڕەشیان هەڵدەسووراند و هاواریان دەکرد "ئازادی، ئازادی!". لە شیراز ژنی لاو بە متمانەوە بە پیادەڕۆیەکانی شاردا بە سەری ڕووت دەگەڕان و پرچەکانیان بە شنەی با دەشەکایەوە کە ئەمە پێشێلکردنی یاسای ئێرانییە. لە ئامۆل، شوێنێک کە کاربەدەستان تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و لێیان کوشتن، ژن و پیاوی بەبێ چەک ڕاستەوخۆ بەرەو هێزی ئەمنیەتی چەکدار دەڕۆیشتن، چۆکیان دادەدا، دەستەکانیان بەرز دەکردەوە و ڕایاندەگەیاند ئامادەن لە پێناو مافەکانیاندا بمرن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە کاتێکدا کوژرانی ئەمینی بۆتە چەخماخەی ئەو سەرهەڵدانە، ئەوە لەچکەی زۆرملێ، یان حیجابە کە بۆتە سیمبۆلەکەی، چونکە تێکهەڵچوونەکەی دەگەڵ گەشتی ئیرشاد بۆ ژمارەیەکی زۆر ژن ئاشنا بوو. ئەو مانگی ڕابردوو کاتێک لە شاری خۆیەوە لە ناوچە کوردییەکانی ئێران بە سەردان چوبوو بۆ تاران، بە بیانووی دانەپۆشینی خۆی بە شێوەی گونجاو، سووکایەتییەک کە ژنانی ئێرانی بەردەوام لەبەر پێشێلکردنی بچووکی یاسای حیجاب بەرەورووی دەبنەوە، دەستبەسەر کرا. دواتر کاربەدەستان ئیدیعایان کرد ئەمینی، کاتێک لە "ناوەندێکی ڕاهێنانەوە" بوو لەبەر نەخۆشی مردووە. بنەماڵەکەی دەڵێن ئەو تەندروستییەکی بێخەوشی هەبوو.

لە حەوتووەکانی دوای ئەو ڕووداوەوە، ڕێژیم سەدان خۆپیشاندەری ئاشتیخوازی کوشتووە، لە نێویاندا ڕێژەیەکی زۆر منداڵ و لە پێش هەمووانەوە ژنی لاو. یەکێک لەو هەرزەکارانەی بوێرییەکەی و کوژرانەکەی بۆتە هۆی هاواری خۆپیشاندانەکان نیکا شاکەرەمی-یە، کیژێکی ١٦ ساڵە کە مانگی ڕابردوو دوای ڕاوەشاندنی لەچکەکەی لە خۆپیشاندانێکی تاران و پاشان ئاگرتێبەردانی لەچکەیەک لەبەر چاوی تاقمێکی بچووک، بێ سەرو شوێن بوو.

دواتر نیکا بە مردوویی دۆزرایەوە. ئەگەرچی مێدیاکانی دەوڵەتی ئێران ئیدیعایان کردووە مردنەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە خۆپیشاندنەکانەوە نەبووە، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی سی ئێن ئێن، گرتەیەکی ڤیدیۆیی و شایەتیی کەسێک ئاشکرای دەکەن ئەو دوای خۆپیشاندانەکە لەلایەن بەسیجی لیباس شەخسییەوە، هێزی ئەمنیەتی کە ڕێژیم کەڵکی لێ وەردەگرێ تا خۆپیشاندانەکان سەرکوت بکات، ڕاوەدوو نراوە.

شایەتحاڵان بە سی ئێن ئێنیان گوت ئەوان ئەو شەوی دوای خۆپیشاندانەکان نیکایان لەنێو تاقمی خۆپیشاندەراندا دیتووە کە دەستبەسەر کراوە. ئەوە دوایین جار بوو کە ناوبراو دیتراوە، چەند ڕۆژ بەر لەوە جەستەی ئەشکەنجە کراوەکەی بدرێتەوە بنەماڵە تازیەبارەکەی. ئێستا دایکی نیکاش دەچێتە خۆپیشاندانەکان.

بوێری ئێرانییان، لاو و بەساڵداچوو، کە هەموو شتێکیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ ئەگەری ئازادی، بەپێچەوانەی پێشبینییەکانی چاودێرانی بیانییە. بە وەبیرهێنانەوەی سەرهەڵدانە ناسەرکەوتووەکانی پێشوو، زۆریان دەلیلیان دەهێناوە کە هێزی ئەو یەکەیان، بە هاواری "ژن، ژیان، ئازادی،" کەمێک لە تراویلکەی مەحکووم بە شکستی سۆشیال مێدیا بەهێزترە.

بەڵام نارەزایەتییەکان بەردەوامن. دوای حەوت حەوتوو، ئەوان لە سەرجەم سەرهەڵدانەکانی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕژێمی پەهلەویی ڕووخاند و بووە هۆی هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئایینیی هەنووکەیی، بەردەوامتر بوون و ئەو ناڕەزایەتییانە لە ئەوانی پێشووتر جیاوازن. لە ٢٠٠٩، جووڵانەوەی سەوز پشتیوانیی لە کاندیدایەکی ڕیفۆرمخواز دەکرد. لە ٢٠١٩، خۆپیشاندەران باسی مەرجە دژوارەکانی ئابوورییان دەکرد. ئەمجارە، ژنان و ئەو پیاوانەی تێکەڵیان بوون هاوار دەکەن، "مردن بۆ دیکتاتۆر." ئەوە پرسی ڕیفۆرم نییە. ئەوە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە.

با ڕووڕاست بین. لە یەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکانەوە، ئەوە ئیلهامدەر، بەڵام هاوکات ترسێنەر بووە چاوی لێ بکەی. ئێمە نەماندەزانی کۆماری ئیسلامی توانایی ئەنجامدانی چ کارهایەکی هەیە. ئێمە بۆ سەلامەتیی ئەو خەڵکە ئازایە بەپەرۆشین و، هاندانیان نابەرپرسانە دێتە بەرچاو. هەر چۆنێک بێ شانسی سەرکەوتنیان زۆر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان هەڵیانبژاردووە درێژە بە خەباتیان بدەن. ئەوان شایانی هاوپشتیی ئێمەن.

وەک تاقمێکی ١٢ کەسیی وەزیرانی ژنی کاروباری دەرەوە لە لێدوانێکدا لە ٢٦ی ئۆکتۆبر ڕایانگەیاند، "ئێمە ئەرکی ئەخلاقیمان هەیە" پشتیوانی لەو جووڵانەوە بە ڕێبەریی ژنان بکەین. بەڵام خەڵکی خوازیاری ئازادیی لە ئێران پێویستییان بە شتێکی زۆرتر لە پشتگیریی سیمبۆلیک هەیە، ئەگەرچی سیمبۆلیش گرینگە.

وڵاتە یەکگرتووەکان و زلهێزەکانی دیکەی ڕۆژاوایی هەمیشە لە پشتگیریی خۆپیشاندەرانی ئێرانی نیگەران بوون، چونکە ڕێژیم هەر ئێستا ئەوانەی دژایەتی دەکەن ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ ئەوانە دەسکیسی ڕۆژاوان. بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما ئیزنی دا نیگەرانییەکی ئەوتۆ پێشی بە وەڵامدانەوە لە کاتی ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٠٩ بگرێ. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن هەوڵ دەدا خۆ لە دووپاتکردنەوەی ئەو هەڵەیە ببوێرێ. هەر ئێستا، واشینگتۆن چەند جار پشتگیریی خۆی بۆ جووڵانەوەی ئەمجارە دەربڕیوە. ڕۆژی چوارشەممە، وەزارەتی کاروباری دەرەوە ئابلۆقەی نوێی دژی ئەو ئێرانییانەی لە سەرکوتی خۆپیشاندانەکانەوە تێوەگلاون ڕاگەیاند.

ئەوە دەستپێکێکی باشە. هەر کاربەدەستێکی ڕێژیم، میلیشیای بەسیج، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئێران، کە دەستیان لە سەرکوتی خۆپیشاندانەکاندا هەبووە دەبێ پێشیان پێ بگیرێت بێنە نێو خاکی ئەمریکا. وڵاتانی دیکەش دەبێ ئەو هەڵوێستە بگرنە بەر.

بەڵام دەکرێ زۆر کاری دیکەش بکرێن. ئەو حەوتوویە ئاڵمان ڕایگەیاند، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخەکە، چیدیکە ناتوانن "وەک نە بای هاتبێ و نە باران" دەگەڵ ئێران هەڵسوکەوت بکەن، بۆیە وەڵامێکی بەربەرینی دیپلۆماتیک دەداتەوە کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێداچوونەوە بە پەیوەندییە بازرگانی و داراییی دوولایەنە، پشتگیریی لە ڕێکخراوە ناحوکوومییەکانی چاودێری تاوانەکانی دژی خۆپیشاندەران و پەرەپێدان بە پارێزگاریی لە "ئەو ئێرانییانەی ئەگەری زەرەرمەندبوونیان لە سەرێیە،" لەگەڵ هەوڵی دیکە، دەگرێتە خۆ.

وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی دیکەی، دیموکراسییەکان لە سەرانسەری دنیا و هەر وڵاتێک کە دژی ئاکارەکانی ڕێژیمن دەبێ یەک بگرن تا ئێران لە ڕوانگەی دیپلۆماتیکەوە تەریک بخەنەوە. پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکان دەبێ درێژەیان هەبێ، بەڵام تا ئەوکاتەی ئێران خۆپیشاندەران دەکوژێ، پەیوەندییەکان دەبێ لە ئاستێکی نزمدا بن. هەروەها ئێران دەبێ لە کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دۆخی ژنان وەدەر بنرێ، چونکی بوونی ئەو لەویدا گاڵتەجارییە.

ئەوسا دەگاتە پرسی وەلانانی ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥، بەرجام، کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە هەوڵی زیندووکردنەوەیدا بووە. هەنووکە، دانوستانەکان بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنەکە، کە بەمەبەستی وەدوا خستنی توانایی ئێران بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی داڕێژراوە، بۆیە ڕاوەستاون چونکە ئێران بەردەوام مەرجەکان زیاتر دەکات. وەزیری کاروباری دەروە، ئانتۆنی بلینکەن گوتوویەتی ئەو چاوەڕوانی گەڕانەوە بۆ بەرجام لە "داهاتوویەکی نزیکدا" ناکات. لێدوانێکی ئەوتۆ بەو مانایەیە کە هەوڵی ژیاندنەوەکەی بەتەواوی کۆتایی نەهاتووە.

وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی دەیانهەوێ پێش بە ئێران بگرن تا دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات، ئەوە شتێکە کە ناکرێ بخرێتە ژێر پرسیار. بەڵام دەستپێکردنەوەی ڕێککەوتنەکە دەتوانێ سەدان میلیارد دۆلار بداتە ڕێژیمێک کە هەنووکە خۆپیشاندەری ئاشتیخواز دەکوژێ، ڕووسیە بە درۆنی کوشندە تەیار دەکات کە بۆ کوشتنی خەڵکی بێ تاوانی ئوکراین کەڵکیان لێ وەردەگرێت و درێژە بە پشتیوانیی لە تاقمی تێرۆریست لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەدا. لانی کەم، ئاقڵانەبوونی زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ناوکی دەبێ دیسان هەڵسەنگێندرێتەوە.

ئازایەتیی بێوچانی ژنانی ئێرانی، خەڵکی ئێران، تاقیکارییەکی بەوەختە بۆ باقی دنیا. ئەوان شایانی شتی زۆرتر لەوەن کە تا ئێستا پێیان دراوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئێره خاکی کوردستانه



**پژمان شەریعەتی**

شۆڕشیک کە کورد دیکتەی کرد بە هەموو ئێران و بووەتە مەکتەبێک بۆ وانەوەرگرتنی گەلانی ئێران و قیبلەی ئازادیخوازان لە ئێران و ناوچەکە و جیهان، چەند خاڵی سەرەکیی تێدایە کە خاڵی هەرە گرینگی هێز و ئیرادەی ژنە لەم شۆڕشەدا.

بەرەو پەنجا ڕۆژ دەڕوات کە بە پێشەنگایەتیی کوردستان، هەموو نەتەوەکانی نێو قەوارەی جوغرافیای سیاسیی ئێران، لە خەباتێکی فرەڕەهەند و یەک ئامانجدا بەشدارن و بێوچان لە شەقام دان بۆ گەیشتن بە ئازادی.

ئازادی بە واتای مودێرن، کە هانا ئارێنت لەیەک جیایان دەکاتەوە لە شێوە نەریتییەکەی و هەر بەو شێوە ڕوانینەی مونتێسکیۆ دەتوانین ببینین کە ئازادی بە پاراستنی ماڵی و گیانی دەزانێت، بەڵام لە شێوازی مودێرندا ئازادی هەموو بەشەکانی ژیان لە خۆی دەگرێتەوە و بە نیسبەت داخوازییەکان بەشداری لە دەسەڵات و ئاڵۆگۆڕ پێکهێنان لە دەسەڵاتە و حکوومەت و خەڵک لەیەک جیا ناکرێنەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەم ڕۆژانەدا کە دروشمی ئازادی دەدرێت، ئەم ئازادییە زۆر چەمک و بابەت لە خۆی دەگرێت وەکوو: مافی دیاریکردنی چارەنووس چ لە بواری نەتەوەیی چ لە بواری تاک و خۆڵقاندنی داهاتوویەک کە کەرامەتی مرۆیی تێیدا بەدی بکرێت و ئینسان بگاتە پلەی تەعالی، بەم هۆیەوە دەتوانین بڵێین لەنێو ئەم شۆڕشەدا دەیان شۆڕشی دیکە لە ڕسکاوە.

شۆڕشی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس، شۆڕشی ڕەگەزی و سەرهەڵدانی ژنان، شۆڕشی نەوەی نوێ، شۆڕشی ئەندیشەیی و... ئەم گۆڕانکاری و هەڵتەکانە ڕەوتێکی پێک هێناوە کە چیی دیکە هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بە قازانجی خۆی قەبزەی بکات و بەلاڕێدا بچێت، لە چەشنی ئەوەی لە ڕێبەندانی ساڵی ١٥٧دا بینیمان.

لێرەدا کە ئاور دەدەینەوە بۆ شۆڕشی نەتەوەکان بە تایبەتی لە کوردستان، باشتر بۆمان دەردەکەوێت شۆڕشێکی دیکە لە فۆڕمی نەتەوەیی سەری هەڵداوە، کە بە دروشمەکانی خەڵکی بەئیرادەی سەر شەقامی کوردستانەوە دیارە. کاتێک دەبینین لە دێهلوڕانی ئیلام دروشمی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" یان لە شابادی کرماشان دروشم دەدرێت " ئێرە خاکی کوردستانە، گۆڕستانی فاشیستانە"، یان کاتێک دەگوترێت "سنە تەنیا نییە، کرماشان پشتیوانییە"؛ بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە تەوەر و سەنگی کوردایەتی و پێشەنگایەتی لەو ناوچانەدا فورمی گرتووە.

بەتەوەربوونی کوردایەتی چەندین زەروورەتی ستراتژیکی هەیە. کرماشان وەکوو شادەمارێک لە کوردستان، بەردەوام کراوەتە ئامانجی سیاسەتە نگریسەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و ئەوان بەباشی دەیانزانی کە ئەگەر ئەم شادەمارە لاواز بکەن، خوێن بەباشی ناگەڕێتە جەستەی شۆڕشی نەتەوەیی کوردستانەوە.

بە شێوازێکی دیکەیش لە بواری هەڵکەوتەی جوغرافیایی، حەشیمەت، ئابووری و ڕابردووی سیاسی و کاریگەریدانان لەسەر سیاسەتی ئێران، کرماشان دەبێ بکرێتە تەوەری سەرەکی و لە ئێستادا دەتوانین ئەم تەوارەیەتییە ببینین. کاتێک لەجیاتی دروشمی "جاوید شاه"، دەگوترێت "ژن، ژیان، ئازادی" بەو واتایەیە کە بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە دەرکەوتووە کە لە ناوەند و چاوڕوانی لە سیستمێکی ناوەندگەرادا تەنیا فەلاکەت دەبێتە بەرهەمی و تەنیا کوردایەتییە کە هەموو مافەکان بەدی دێنێت.

لەلایەکی دیکەشەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێت بەو چاوکراوەییەوە بڕواننە محوەرییەت دروستکردن لە خەبات و سەرهەڵدان کە بە خۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەردەوامی بە خوێندنەوەیەکی ورد و هەڵسەنگاندنی ستراتژیک بەردەوام لە هەوڵدا بووە کە سەنگەری سەرەکی بکاتە کرماشان کە ئەمڕۆ بەرهەمەکەی دەبینین.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە کاتێک دەگوترێت کرماشان، تەنیا جوغرافیایەک و ئێوی پارێزگایەک نییە، بەڵکوو مێحوەرێکی فەرهەنگی و بەربڵاوە کە باشووری زاگرۆس لە خۆی دەگرێت و سنوور و ڕەمزی یەکگرتوویی کوردستانە. لە لایەکی دیکەشەوە و لە ئاستی دەرەوەی کوردستان واتە ئێرانیشدا، محوەرییەتی کرماشان چارەنووسسازە بۆ گەلی کورد و پاش ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزرانی سیستمێکی دێمۆکراتیک، ناوەند ناتوانێت بەئاسانی هەوڵی قەبزەکردنی دەسەڵات بدات، کە بەداخەوە لە وێژمانی بەشێک لە خەڵک و ئۆپوزیسیۆنی فارس بەردەوام باسی لێ دەکرێت کە ئەوانن دیاریی دەکەن کە دەسەڵات چۆن دابەش دەکرێت.

ئەزموونی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ و نەبوونە مێحوەری کرماشان بووە هۆی ئەوەیکە نە تەنیا کورد بە ئامانجەکانی نەگات، بەڵکوو بە هەلی دابڕانی کرماشان و پیلانگێڕی ڕێژیمەوە خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر سنووردار کرا و بە قەتیس مانەوەی لە هەندێک ناوچەدا لە فورمی کەلانەوە گەیشتە فورمێکی ناوچەیی.

کۆی ئەم باسە بۆ ئەوە بوو تا بگوترێ کە لە ئێستادا دەبێت بە پلانی تایبەت و وێژمانێکی کەلان و دیاریکردنی محوەرێکی سەرەکی بۆ ئێرانی پاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بین.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# دەسکەوتەکانی هەتا ئێستای شۆڕشی ژینا




**ڕەحمان سەلیمی**

زیاتر لە ٥٠ ڕۆژە خەڵکی ئێران سەرەڕای سەرکوت و زەبرو زەنگی بێسنووری دامودەزگا سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاپەڕینێکی بەردەوام و ئامانجدار بەردەوامن. بەدەر لە چەندوچۆنیی بەڕێوەچوونی ناڕەزایەتییەکان و نەبیستنی دەنگی گەلانی ئیران لە لایەن دەسەڵاتەوە، ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران داهێنەری کولتووری جێگای هومێدی بۆ داهاتوو لێ بەدی دەکرێ کە جیای دەکاتەوە لە شۆڕشەکانی دەیەی ڕابردووی وڵاتانی عەرەبی کە لە ڕووی کاتەوە نزیکترین شۆڕشەکانن لە ئێمەوە. ئەو نەسلەی ئێستاکە لە ئێران پێشەنگی شۆڕشە، نەسڵێکە بەدەر لە هەر ئیدئۆلۆژییەک عەوداڵی ژیان و ئازادییە. نەسلێکە پێچەوانەی نەسلەکانی پێش خۆی لە کۆمەڵێک بەهای کلاسیکی وەک ئیدەئالیزم و پەرگیریی چەپ و ڕاست تێپەڕیوە. دیسکۆرسی ئەو نەسلە بەها واقعی و بەرهەستەکانی ژیانە، نەسلێکە بەدوای ژیانێکی ئاساییدا دەگەڕێ و وەک هاوتەمەنەکانی خۆی لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە داهاتوو دەڕوانێ.

ئەوەی دەکرێ لە پەیامەکانی ئەو ڕاپەڕینە و لە ئەکتە شۆڕشگێڕانەکان لە نێوخۆی ئێران بەدی بکەین، لەدایکبوون و بیچمگرتنی کولتوورێکی نوێیە کە لە کۆنتێکستی ئەو کولتوورەدا ئەو بەهایانە دەبینرێن کە دەسەڵاتدارەتیی مۆدێرنی پێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەناسرێنەوە:

- یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە ئەو فرەییە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاییە بووە کە لە ئێراندا هەیە. ئەوە وایکردبوو کە دەسەڵات بە سانایی بتوانێ ئەتۆمیزەکردنی کۆمەڵگە و پەرەدان بە دڕدۆنگیی نێوان ئەو پێکهاتانە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە. لە کوردستان شەڕی نەغەدەی وەڕێ خست و کەلێنی نەتەوایەتیی زەق دەکردەوە، لە بەلووچستان پەرەی بە فراوانکردنی کەلێنی شیعە و سوننی دەدا و لە ئەهواز و ئازەربایجان و ناوچە نافارسەکان پەرەی بە دژایەتیی نەتەوە نافارسەکان دەدا.
لە ڕاپەڕینی ئەمجارەی گەلانی ئێراندا دەسەڵات هەموو هەوڵی خۆی بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو سێناریۆیانە خستەگەڕ. لە کوردستان بە هێرشکردن بۆ سەر بنکەکانی حیزبە ساسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نیشتەجێی باشووری کوردستان، هەوڵی دا مەترسیی جیاییخوازیی کوردستان زەق بکاتەوە. لە بەلووچستان و تەنانەت لە ئازەربایجانیش بە ئاژاوەگێڕی لە سنوورەکانی وڵاتی ئازەربایجان هەوڵی هاوشێوەی دا. بەڵام لە هەموو ئەو پیلانانەدا نە تەنیا تێیاندا سەرکەوتوو نەبوو بەڵکوو یەکگرتوویی پێکهاتە جیاوازەکانی نێو ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتەوتر دەبێ. بەجۆرێک کە لە ناوەندی ئێرانەوە دروشم بۆ پشتیوانی لە کوردستان و بەلووچستان دەدرێ. ئەو هاوپەیوەندییە بێوێنەیە لەنێو گەلان و ئایینزا جیاوازەکانی ئێران هیوای پێکەوەژیانێکی دیمۆکراتیکی لێ بەدی دەکرێ. ئەوە سەرەڕای ئەوەی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرای ئێرانی لە دەرەوەی وڵات بە کەڵک وەرگرتن لە نۆستالژی نەتەوەی دروستکراوی ئێرانی و بە پاڵپشتیی میدیای فارسی لە دەرەوەی وڵات بە خەستی کار لەسەر شۆڤێنیزمی ڕەزاخانی دەکەن و شەو و ڕۆژ باس لە مەترسیی دابەشبوونی ئێران و مەترسیی بە وتەی ئەوان قەومییەتە نافارسەکان بە تایبەت کورد لە داهاتووی سەرکەوتنی شۆڕشدا دەکەن. ئەوەی لەسەر شەقامەکانی گەورەشارەکانی ئێران ڕوو دەدا نە تەنیا هیچ بایەخێک بەو گوتارە نادا، بەڵکوو هاواری ئازادی و بەرابەریی گەلان دەکا. خەڵکی ئێران باش لەو ڕاستییە گەیشتووە کە مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر ئێران، کۆماری ئیسلامییە نەک فرەیی لە ئێراندا. لە ماوەی ٥٠ ڕۆژەی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکاندا هەرگیز نەمانبینی بچووکترین ئاماژە بە کەلێنە نەتەوەیی یان ئایینزاییەکان بکرێ.

- لە ڕەوتی نارەزایەتییەکانی ئێراندا پێچەوانەی ساڵی ٥٧ هیچ هێز و لایەنێکی سیاسی لە ئاستی سەراسەریدا نەیتوانیوە خواست و دروشمەکانی خۆپێشاندەران ئاراستە بکا. خەڵک بە شێوەیەکی خۆڕسک و بە دوور لە هەر چەشنە دەمارگرژییەک ویستەکانیان دەردەبڕن. گەلانی ئێران پرسی دەسەڵاتداریی داهاتووی ئێرانیان بە سندووقەکانی دەنگدان و بێگومان پێرسپێکتیڤێک لە هێز و لایەنە سیاسییەکان سپاردووە. باوەڕ بە پلورالیزم و فرەیی، کە لە ڕەفتاری خۆپێشاندەراندا بەدی دەکرێ دەتوانێ ڕێگە لە هەر چەشنە پاوانخوازییەک بگرێ کە بەشێک لە هێزە سیاسییەکان بەتایبەت لە دەرەوەڕا هەر لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێستاوە کیسەیان بۆ هەڵدرووە. سیاسەت لای ئەو نەسلە بریتییە لە پێدانی دەسەڵات بەو لایەنانەی دەتوانن زیاترین خزمەتگوزاری و ئازادی بۆ خەڵک دابین بکەن بەدەر لە هەر چەشنە ئیدئۆلۆژییەک. بۆیە دەتوانین بڵێین پایەکانی دیمۆکراسی لە داهاتووی ئێراندا ئێستا لە شەقامەکان دادەکوترێن و ئەستەمە هێزێک بتوانێ بەرامبەر بەو ئاراستەیە ڕاوەستێ. ئەو هێزانە لە ئێرانی داهاتوودا دەتوانن دەور بگێڕن کە بڕوایان بە ڕێساکانی ئەو یارییە ژیرانەیە بێ کە لە شەقامەکانەوە دەنووسرێنەوە. کاتێک ئەو جەمسەربەندییە سیاسییە کە لە دەرەوەڕا کێبڕکێی دەستبەسەرداگرتنی شۆڕش دەدا بە تەواوی ڕەت دەکرێنەوە و شۆڕشگێڕان دروشمی نە ئەمبەر و نە ئەوبەر بەرز دەکەنەوە، بەڕوونی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە پێوەرەکانی خەڵک بۆ پشتیوانی لە لایەنە سیاسییەکان پرۆژە و بەرنامە سیاسییەکەیانە نەک بەستراوەیی ئیدئۆلۆژیک.

- لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ئایین نەخشێکی دیار و گرنگی لە بیاڤی گشتی و لە سیاسەت و سەرەنجام لە دەسەڵاتداریدا هەبووە، پێگەی ڕووحانیەت و کەسایەتییە ئایینییەکان و هەروەها کاریگەریی ڕەوتە ئیسلامییەکان، کۆمەڵگەی ئێرانی بەتەواوی خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە. بەتایبەت بەدوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و پەیڕەو کردنی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و قۆرخکردنی سەرجەم کایە فەرهەنگی و میدیایی و پەروەردەیی و سیاسییەکان لە لایەن ڕووحانییەتەوە، کۆمەڵگە تا ڕادەیەک بەرەو کۆنزێرڤاتیزمی ئایینی هەنگاوی نا. ئەوە لە کاتێکدایە نەسلی نوێی سەر شەقامەکان کە بەرهەمی پەروەردەیەکی فرەڕەهەندەو سەرچاوەکانی زانیاری و تێگەیشتنی لە کاناڵە ماهوارەیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دۆزیوەتەوە، بڕوامەندبوون بە ئایینی خستۆتە حەوزەی شەخسی و تاکەکەسییەوە و بەشێوەیەکی بنەڕەتی باوەڕی بە بنەماکانی سێکۆلاریزم هێناوە. پێشەنگایەتیی ژنان و پرسی ڕەتکردنەوەی حیجابی زۆرەملێ و بێزراوبوونی ڕووحانیەتی بەستراوە بەدەسەڵات، لە ئاماژە ڕوونەکانی ئەو گۆڕانکارییەن. گۆڕانکارییەک کە لەوانەیە تا دوو دەیە لەوە پێش نە خەڵکی ئێران و نە دەسەڵاتدارانیش پێیان وانەبوو لانیکەم بەو خێراییە ڕوویدا. ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو نەسلە بڕوای بە ئایین نەماوە یان ڕێز لە کەسانی بڕوادار ناگرێ. ئێمە دەبینین ژنان بە حیجاب و بێ حیجاب لە پەنای یەکتر دروشمی ئازادی دەڵێنەوە. پیاوانی ئایینیی سەربەخۆ و نەبەستراوە بە دەسەڵات کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیەو زۆر ئاماژەی دیکەش لە ئاستی تەحەمولی جیاوازییە ئایینییەکان دەبینرێن. سێکۆلاریزم وەک یەکێک لە پایەکانی دیمۆکراسی و پێکەوەژیان لە دەسکەوتە دیارەکانی ئەو شۆڕشەیە.

تێپەڕینی ئەو نەسلە لە گوتاری پاوانخواز و شۆڤێنیستی، ڕێزگرتن و نەهادینە بوونی بنەماکانی سێکۆلاریزم و پلۆرالیزم لە ڕەوتی ئەو شۆڕشەدا لە دەسکەوتە گرینگەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەی گەلانی ئێرانە. دیمۆکراسی وەک زامنی پاراستنی مافەکانی پێکهاتە جیاوازەکان و هاووڵاتیان بەبێ بوونی ئەو بنەمایانە نایەتە دی. بەردەوام بوونی ئەو ڕەوتە لە لایەن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو نەسلەوەو تێگەیشتنی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری لەو واقعیەتانە، دەرفەتێکی بەنرخ بۆ داهاتووی ئێران دەخاتە بەرچاو. شۆڕشی ژینا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دەروازەیەکی مێژوویی و قەڵەمبازێکی گرینگی ئێرانە بەرەو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیمۆکڕات و فیدڕاتیو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## چلەیەک بۆ کۆتایی




**سەلیم حەقیقی**

ئێستاش هەر ئەو ڕۆژیە کاتێک لە تاران سەفەرێک بوو بۆ ناسینەوە ژوانێکی پڕ دهۆ وەک یەکەم ڕۆژی وانیار، دانیشتنێک لە ڤییەن و میکۆنووسی ئازاد و سەربەست، دەیان و سەدان مەرگی ناوخەت بە مەودایەکی نزیک لەوبەری ئاوەکان هەتا هەتەر کا مەرگ و کوشتن و مووشەک بەسەر جەستەی نەچەماوی کورد، نامرێ قەت هەر زیندوو دەمێنێ لەنێو گڕ و ڕەشاش و بەند و سێدارە دەپچڕێ، لە ترسی سەرهەڵدانەوەی ژیانێکی بەختەوەر بەگژم دادێ بەکرە شۆفارەی شەوێکی مەیو لە وەرزی هەموو ساڵێک و لە ڕۆژیی هەموو دەمێک بێوچان ناکەوم، نانەوێ قەت ئەژنۆی ئاڵایەکم.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو ڕۆژانە بێتۆیی وەک ژنێکی تینووی خولیای ئازادی و سەوداسەری ئەوین لە پێدەشتەکانی ڕەشماڵ و بێر بە سەر پشتی هەسپێکی قەددەم هەموو گەردوون و شارەکان دەپێوم. بە چل ڕۆژ کۆشک و تەلاری درونجێکی نامۆ بە پەڕۆکێکی ڕەشی چڵکن گڕ دەگرێ و بە چل کەزی و پرچی هۆنراوەی شابەیتێکی وەکوو ژینا ژینی نوێ وێنا دەکەم، ژان دەگرێ نیشتمان بە کۆرپەیەک، لەسەر خوانی ژنێکی خولیای ئازادی، چۆپییەکی چل گەڕ بە سێ پێ بەسەر کەلاکی بۆگەنی ڕدێن چەرمووکی خەرفاوی سەرشێت و پیس... ئیتر چل مۆم داناگیرسێم، گەڕیان دەگێڕم بۆ چلەیەک لە نەمانی تەواری کوردستان کە بە مەرگی خۆی ژن و ژیان و ئازادی دەهۆنێتەوە بۆ گەلانی جیهان؛ بۆ مەرگێکی پیرۆز و چ بەختەوەر و ڕووسوورە ئەو ژینایانەی ئاخ لە باوەش دەگرن و بە بۆنی پەرێز بەکاتی باران سەرمەستی بۆنی ژیان دەیانگرێ و هەدا نادەن، ڕا دەبن سەر هەڵدەدەن. وەک ئاژێرێک دەژینەوە وەک شەتاو دەبنە خۆزگە و تینوایەتی دەشکێنن، دەبنە تۆشە ڕێگا دەبڕن و دەبنە ئاسمان بۆ فڕین و هەوایەکی ئازاد بۆ هەڵمژتن...

چل سوار بەسەر خاکی نیشتمان دەئاژوون لە ڕۆژمێرێکی دژواری ڕابوون، چل هەناسە بۆ داگرتنی چاوێکی چاوەڕێ، چەمەری دێتە گۆ چل چەمە و چلوورە و چاوانی پڕ لە خولیای درێژەدان بۆ هەتا گەیشتن. هەر ئەو چوارانەی دەبنە یەک و چڕ، چیا، چنار هەموو چێوێک بەدەست بۆسەری هەژدیها لە زەماوەند و شایی و هەڵپەرکێی سەرشەقام بەگژ شین و شەپۆڕ و شەو دادەچینەوە. کاتێک لە شەقام هۆتاڤ و دروشمی ئازادی دەبێتە هەور و وەک ڕێژنەیەک باران بەسەر شار دادەبارێت و نەمانی مرۆڤێکی دڵڕەشی گەنیو دەبێتە سروودی پێکەوەبوونمان هەتا چوارسووچ دادەگرێ و ڕزگاری و سەربەستی دەبێتە مزگێنیی چلەیەک لە نەمان و خەونێک بۆ ژیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژن، ژیان، ئازادی: بەرەنگاربوونەوەی باری باو



ئازادی حاجی ئاقای

## سێ میتافۆر لەجەستەی سیاسی

‹ئۆزبەک› شازادەیەکی فارسەو لەگەڵ هاوڕێکەی "ریکا" لەساڵی ١٧١١ وڵاتی پێرسیا بەرەو فەڕەنسا، بەجێدێڵێت. لەماوەی مانەوەی نۆ ساڵەی ئۆزبەک لەفەڕەنسا، هاوسەرەکانی لەناو حەرەمسەراکەیدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر یاخیتر دەبن. سەرەڕای ئەوەی ئۆزبەک کەسێکی ڕووناکبیرە، بەڵام دوای بینینی ئەم یاخیبوونە ڕێگا دەدا سەرۆکی حەرەمسەراکەی، ژنەکانی سەرکوت بکات، ئەمەش وەک دەرەنجامێک دەرفەت بۆ ئاشتبوونەوەی نێوانیان لەناودەبات. سەرەڕای نامەی `ڕۆکسانا` خۆشەویستترین هاوسەری ئۆزبەک، کەتێیدا، باس لەدروستبوونی دۆخێکی پڕ لەترس و تاریکی و تۆقێنەر لەلایەن سەرۆکی حەرەمسەراکەی بۆ تەواوی ژنەکان دەکات، لەم نامەیەدا دەردەکەوێت؛ ئەگەرچی ئۆزبەک وای بیردەکردەوە کەپەیوەندیەکی مۆدێرن و ئەڤینداراانەی لەگەڵ ڕۆکسانا هەیە، بەڵام خۆی فریوداوەو ڕۆکسانای خستووەتە ناو جۆرێک لەدیلی و سەرکوتەوە. ئۆزبەک لەم نامەیەدا تەنانەت تێدەگا ڕۆکسانا خۆشەویستێکی دیکەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

لەنامەکەیدا ڕۆکسانا بەتوڕەییەوە هەستە درۆیینەکان و ئازادی ساختەی تەواوی ژنان و پیاوان دەخاتەڕوو کە لەژێر دەسەڵاتی ڕەهادان و بۆ ئۆزبەک دەنووسێت "ڕاستە من تۆم فریودا، من کڵاوم نایە سەر سەری سەرۆکی حەرەمسەراکەت، توانیم ژوورە پڕ لە ترسەکانی تۆ بکەم بەشوێنێک بۆ چێژە خۆشەکان... بەڵام چۆن دەتوانی ئاوا بیر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بکەیتەوە ئەوەندە بەگەمژەم بزانی کە لەم جیهانەدا، من کەسێکم تەنیا بۆ حەزو ئارەزوو و چێژەکانی تۆ؟ ئەویش لەکاتێکدا رێگای هەموو شتێکت بەخۆت دا. رێگات بەخۆت دا، نکۆڵی لەتەواوی ویستەکانی من بکەی. بەڵام نا، رەنگە لەکۆیلەییدا ژیابم؛ بەڵام هەمیشە ئازاد بووم، من یاساکانی ئێوەم بەپێی یاساکانی سروشت سەرڕاست کردووەتەوە، بەردەوام خاوەن سەربەخۆیی تێڕامان و بیرکردنەوە بووم.".

لەکۆتاییدا رۆکسانا بەکوشتنی خۆی لەدژی دەسەڵاتی ئۆزبەک رادەپەڕێت. تەنیا دوای ئەم رووداوە تراژیکەیە ئۆزبەک لەواتای ئەڤین تێدەگا؛ چونکە تا ئەوکاتە وای زانیبوو خۆبەدەستەوەدانی ژن بەواتای رەوشتبەرزی و وەفا بەواتای حەیاو حەزو ئارەزووی ژنیش بەواتای بەرەنگاربوونەوەیە. ئۆزبەک لەوە تێنەگەیشتبوو بۆ هاوبەشبوون لەئەڤین، پێویستە بەهەمان شێوە خۆشەویستی لایەنی بەرامبەر وەڵام بدرێتەوە.

مۆنتێسکیۆ لە (نامەکانی پێرسیا) داو بەتایبەت لە(نامەی ١٦١)-دا، وەک میتافۆرێک بۆ رەخنەگرتن لەکۆمەڵگای فەرەنسا، زۆر لایەنی سیاسی و کۆمەڵناسی دەخاتە ژێر تیشکی رەخنەکانی خۆی، بەڵام نامە ئاماژەپێکراوەکەی سەرەوە جیا لەوانەی ئەخلاقی سەبارەت بەئازادی یان سەرکوتی ژنان پرسێکی سەرەکیشی لەناخی خۆیدا حەشارداوە کەپەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ پرسی ئازادی و ژیان هەیە؛ ئاگاداربوونەوەی ژنان لەجێگەو پێگەی خۆیان کەدەتوانێ هەر چەشنە دەسەڵاتێکی رەهاو بەپیرۆزکراو بەرەو هەڵوەشانەوە ببات. بەڵام تێگەیشتن لەم دۆخەو ئەو رەوتەی بەسەر تێگەیشتنی ژنان لەمەڕ جێگەو پێگەی خۆیان هاتۆتەدی، یەکسەر پەیوندی بەدەسەڵاتی سیاسی و دەرکەوتەکانی نواندنەوەی هێز لەسیمای جەستە پیرۆزەکانی وەک شاو باوک یان خوا لەتیۆلۆژیای سەدەکانی ناوەڕاستدا لەناو ئایینە ئیبراهیمییەکاندا هەیە؛ کەچۆن ژن توانی ئەم ئیماژە زاڵە تووشی تەنگەژە بکا یان لەهەندێک حاڵەتدا لەسیمای دروشمێکی سیاسی وەک ژن، ژیان، ئازادی دەسەڵاتە سیاسییەکان تووشی قەیران بکات.

### ژن لەناو جەستەی سیاسی دەسەڵاتی رەها

(لوییزی پازدە) شای فەرەنسا پێیوابوو؛ "ماف و بەرژەوەندییەکانی نەتەوە کەهەندێک دەیانویست لەجەستەی شا جودابکەنەوە، تەنیا لەژێر دەستی ئەودایەو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی هاوتەریب و یەکە" هەروەها لوییزی شانزەش لەسەر ئەم بڕوایە بوو؛ "لەفەرەنسا نەتەوە جەستەیەکی جیا نەکراوەیەو بەتەواوی لەناو کەسایەتی و جەستەی شادا رەنگ ئەداتەوە..." جەستەی سیاسی میتافۆری سەرەکی ناو دیسکۆرسی سیاسی دەسەڵاتە رەهاکانە. ئەگەرچی ئەم میتافۆرە دەگەڕێتەوە سەر هزری یۆنانی و هەرچەند رێی تێدەچێت ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە لەناو فەلسەفەی سیاسیدا لەڕێگای لێکدانەوەی (کالسیدیوس) لەسەر (تیمائوس)ی (ئەفلاتوون)ەوە هاتبێت، بەڵام ئەم مۆدێلە لەلایەن (جۆن سالیزبووریی)ەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ یەکەمجار وەک تێگەیەکی سیاسی لەناو ململانێکانی کڵێسا بۆ باڵادەستی و نواندنەوەی هێزی زۆرتر پەرەی پێدرا، هەر بۆیەش ئەم مۆدێلە تێفکرینەو پەلهاویشتنەکەی لەسەر بنەمای تێفکرینی ئایینی دامەزرابوو.

ئەم میتافۆرە لەبنەرەتەوە رەنگدرەوەی ئەم بیرۆکەیە بوو؛ جەستەی سیاسی، وەک جەستەی مرۆڤ، پارچەنەکراوەو لەئەگەری پارچەبوونیدا تەواوی جەستەی سیاسی، واتە ژیانی گشتی تووشی مەترسی دەبێت. یەکێک لە پێشگریمانەکانی دیکەی ئەم میتافۆرە ئەوە بوو کەتەنیا رێکخراوەیێکی یەکگرتوو و هیرارکیکاڵ لەناو کۆمەڵگەدا دەتوانێت بگاتە ئاشتی و سەقامگیری و خۆشبژێوی. ژیانی ئۆرگانیزم گرێدراوی یەکگرتنی بەشەکانەو هەربۆیەش چاکەی گشتی پێویستی بەدەسەڵاتداری تاکە کەسێک، تاکە دەسەڵاتدارێک وەک نوێنەری خوا لەسەر زەوییە. ئەم زنجیرە گەورەیەی بوون کە لەئاسمانەوە بەرەو زەوی درێژ دەبووەوەو لەیەکەم دەرکەوتندا وەک رێکخستنی خێزانی دەردەکەوت، لەلایەن باوکێکی خێرخوازەوە یان دەسەڵاتدارێک یان شایەک سەرکردایەتی دەکرا. باوک یان باوکە پیرۆزەکان یان شا، بەپێی دەرکەوتەکانی ئەم جەستە سیاسییە، پێداگرییان لەسەر هێز، مافەکان و بەرژەوەندییەکانی نەتەوە دەکرد کە لەگەڵ هێز، ماف و بەرژەوەندی شا هاوتەریب بوون. سیاسەتی جەستە لەسەر جەستەی خودی شا نووسرابوو.

بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتی رەها، لەلایەک (ویستی هێز) شانۆی رەهاخوازی باوک-شا دەکا بەسیمبولی والای دەسەڵاتە سیاسییەکان. ئاوێتەبوونی شەریعەت لەگەڵ هێز-یش رەوایی سیاسیی دەبەخشێتە ئەم ئاوێتەیە، هەربۆیە جەستەی (شا) واتایەکی دووانەی بەخۆیەوە دەگرێت. ئەگەرچی شا وەک تاکەکەس دەهات و دەڕۆشت، بەڵام جەستەکەی هاوکات؛ وەک چەمکێک و وەک تاکەکەس، ئیمازی سیاسی ئەو جیهان و ئەم جیهانەی دەنەخشاند.

ئەم تێگەیە پردێکی لەنێوان جیهانی سروشتی و سیاسی وەک جووڵەیەکی نەمری دەسەڵاتداری و سیمایەکی لێوڕێژ لەسەپاندنی دەسەڵاتی رەها پێکدەهێنا. لەلایەکی دیکەوە؛ جەستەی شا لەگەڵ سیمبۆلەکانی تر، لەرێوڕەسمی تاج لەسەرنان، ناشتن دەگەیشت بە لووتکەی خۆی. بارەگای بنەماڵە، بارەگای شا و تەنانەت وێنەکەی لەسەر دراوو پارە وەک جەستەیەکی ئەفسوونگەر بۆ بەردەوامبوونی سەرچاوەکانی هێز دەنەخشاو دەنەخشێت.

پانتایی گشتی دەسەڵات بەهۆی تایبەتمەندی کردەیی خۆی پێگەیەکی پیرۆز بوو و بۆ پاراستنی ئەم پیرۆزییەش لەهەوڵدانداابوو. هەر ئەم تایبەتمەندییەی پانتایی گشتی دەسەڵاتی رەهاخواز بوو؛ بەهۆی ئەوەی ئەم تایبەتمەندییە پێویستی بەدووبارە نواندنەوەی سەرچاوەو بەستێنەکانی هێزی گشتییەوە هەبوو؛ بەواتایەکی تر، تۆپ و ئاهەنگ و گۆرانی و سیمبۆلەکان ئەم دەسەڵاتەو ئەم هێزە رەهایەیان دووبارە دەنواندەوەو هێما ئایینیەکان، کۆبوونەوەکان بۆ نواندنەوەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرهەمهێنانەوەی دووبارەی هێزی شا- لەسەر بنەمای هەردوو جەستەکەدا- بەردەوام دووبارە دەکرانەوە.

ئەم جەستە خواییەی شا لەناخی خۆیدا لەناو پانتایی گشتی نواندنەوەی هێزێک بوو کەهەوڵیدەدا سوبژێکتێکی نێرینە لەدەسەڵات لەناو کۆمەڵگەدا بنەخشێنێت. واتە ئەم نواندنەوەیە لەناخی خۆیدا هەوڵدانێک بوو بۆ نواندنەوەی تەواوی بازنەکانی ئارەزوو بەرەو ئاڕاستەی هێزی رەهای نێرینەی شا؛ بەم پێیە نواندنەوەی هێزی باڵادەست بەسەر تەواوی جۆرەکانی تری پەیوەندیکردندا زاڵ بوو. ئۆبژێکتی ئەم پێکهاتە ئایکۆنیکەی نواندنەوە لەیەکەم هەنگاودا، شاییەکی خودایی و لەکۆتاییدا باوک بوو. هێز لەگرێدانێکی تاکەکەسی لە (شا) وە، بەشێوازێکی پلەبەندیکراو لەسەرەوە بەرەو خوارەوە سیستەمی پەیوەندییەکانی بەرهەم دەهێنایەوە، هەربۆیە بایەخەکانی پیاوسالاری بەتووندی لەناو پراکتیکەکانی کۆمەڵگایەکی ژێر دەسەڵاتی رەها جێگیر دەبوون.

روسۆ لەپێشەکی پێشکەشکراو بۆ کۆماری جێنێڤا، لە دیسکۆرسی دووهەمی خۆیدا، کە لەسەرەتادا پێدەچێت هەنگاوێکی شەرەفمەندانە بۆ لەبیرنەکردنی ژنان وەک نیوە بەنرخەکەی کۆمار بێت، ئاماژە ئەکاتە سەر نەرمی و نیانی و ئەقڵی ژنان لەپێناوی پاراستنی ئاشتی و مۆراڵە باشەکان. روسۆ وەک ئامۆژگاری ژنان و ئەو کەسانەی سەرسامی ژنانن دەنووسێت:

"ژنانی خۆشەویست و رەوشتبەرز، داهاتووی رەگەزی ئێوە بەردەوام حوکمڕانی بەسەر رەگەزی ئێمەدا دەبێت. جێگای بەختەوەرییە دەسەڵاتی پاکیزەیی ئێوە، تەنیا لەیەکگرتوییەکی ناو ژیانی هاوسەرگیریدا، تەنیا بۆ شکۆمەندی دەوڵەت و خۆشی گشتی بەکاربهێنرێت". *

واتە دەوترێتە ژنانی جێنێڤا، کەجێگەو پێگەی ئەوان لەناو ماڵەوە، سەرچاوەی هێزی ئەوانە، هێزی پاکیزەیی ژنانە دەرفەتی حکومەتکردن بەسەر پیاوانیان بۆ دەڕەخسێنێت. بەڵام ئەم دەربڕینە نیشاندەری لایەنێکی شاراوەی دیکەیە؛ واتە ژنان دڵنیادەکرێنەوە گشت ئەمانە تەنیا بۆ چاکەی گشتی و شادی زۆرتری گشتمانە، نەک تەنیا بۆ خۆشبژێوی پیاوان. ئەوە بەم واتایە دێت ژنان هاندەدرێن تاکۆمەڵگە یان پێگەیەکی بەفەرمی ناسێنراو بۆ خۆیان بدۆزنەوەو هاوکات بە شێوازێکی زمان لووسانە، لە گەڵ (ژنانی سپارتا)ی کۆنیش بەراورد دەکرێن. روسۆ لەبەردەوامی ئەم دیسکۆرسەیدا دەنووسێت:

کام پیاوی بەربەر دەیتوانی لە هەمبەر دەنگی شەرەف و عەقڵ لەزاری ژنێکی ناسکدا بوەستێتەوە؟ و کێ بەبینینی جلوبەرگی سادە، سووکایەتی بەجلو بەرگە پۆشتە و گرانەکان ناکا؟ ئەوە ئەرکی ئێوەیە بەردەوام بە باڵادەستی دۆستانە و پاکیزە و بێتاوانتان و بەژیری پڕ لەمەکرتان، خۆشەویستی یاساکان لەوڵات و هاودەنگی لەنێوان هاووڵاتیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بپـارێزن. بەهاوسـەرگیرییە شـادەکان لەپێنـاوی یەکگـرتنەوەی خێـزانە دابەشـکراوەکان و لەسـەرووی هەمـووانەوە بـۆ راستکردنەوەی... بۆیە هەمیشە بەم شێوەیە بن کە خۆتـانن، ئێوەن پـارێزەرانی پـاکیزەی ئەخلاق و بەدیهێنەرانی نەرم و نیانیی ئاشتی...**

ئەم بـڕگەیە لەزمـانی روسـۆ ئـاوێتەیەکی بەرچـاو لەزمـانی زاڵبـوون، چەوسـاندنەوەو کـۆیلایەتی لەگەڵ فەزیلەتەکـانی پەیوەندیدار بەهەست و سۆزی ژنـان، ناسکی دایکـانە و ئەڤینی رۆمـانتیکەو لەڕاستیدا بەڕوونی دەردەکەوێت سیفەتەکانی دووهەم بەمەبەستی خزمەتکردنی چەوساندنەوەو کۆیلایەتی و لەئاکامدا زاڵبوون بەکارهێنراون.

سەرەڕای ئەوەی بە نیسبەت یەکەم میتـافۆری سیاسی، کە ژنـان لەناویـدا ئامادە نەبـوون، لەدووهەم وێنـادا ژنـان سـەرەڕای ئامادەبوونیان، دەکەونە ناو دۆخێکی کۆنسێرڤاتیڤ و پاسیڤ بەمەبەستی خزمەتکردن بەدەوڵەت یـان کۆمـار. واتە؛ ئەرکی ژن ملکەچکـردن و چاوپۆشیکردن لەئامـانج و بەرژەوەنـدییەکانی خـۆی لە پێنـاو ئامـانجێکی والاتـر، واتە ژیـانی ئەخلاقـی کۆمەڵگادایە. بەڵام بە پێچەوانەی هاوڕێ نێرەکەی -کە روسۆ بەنـاوی چاکەی گشتی خوازیـاری بەرزکـردنەوەی بەرژەوەنـدییە تایبەتییەکانیەتی- ژن بەتەواوی لەبەشداری چالاکانە کۆمەڵگا دەردەکرێت یان رێگای پێنادرێت.

ژنـانی رەوشـتبەرزی کۆمـار، بە پـێچەوانەی ئەو ژنـانەی روسـۆ لەنـاو پانتـای گشـیتی دەسـەڵاتی رەهـای سـەردەمی خۆیـدا بینیبوونی، بە تـایبەتمەندی پاکیزەیی رەگەزیی خۆیانەوە جیا دەکرێنەوە و لەم پێنـاوەدا لە زمـانێکی ئەخلاقیـانەی خـاوەن ستانداردی دووانەی مێیینەی (پاک/ناپاک) و ( پاکیزە/ ناپاکیزە) پەیوەندی سێکسی لەناو ئـاپاراتوسی خێزان یان دەرەوەی خێـزان، نـاو مـاڵ یـان دەرەوەی مـاڵ کەلـەک وەردەگرێت. لە ئاکامـدا قەتیسـمانەوەی ژن لە دەرەوەی پانتـای گشـتی وەک هێمایەک بۆ فەزیلەی سیاسی دووبارە بەرهەم دێتەوە و تەنانەت دەکرێ بە پێوەرێکیش بۆ هەڵسەنگاندن.

## ژن لەناو جەستەی سیاسی کۆماریی

شۆڕشی فەڕەنسا کرانەوەییەکی نوێ بـوو بـۆ ئەوەی ژن وەک بەشـەکەیتری کـۆمەڵگە، بێتە نـاو پانتـای سیاسـی. (مـارکویز دێ کۆندۆرسێ) ئەریستۆکرات-لیبرالی فەرەنسی بە نوێنەرایەتی لەلایەن ژنانەوە، پرسی نایەکسـانی مەدەنی و سیاسی ژنان بە پێی پێوەرەکـانی پانتـای گشـتی لیبراڵـی دەخـاتە ڕوو. تێڕوانینەکـانی لەلایەن (شۆڕشـگێرانی ژاکـۆبەن) سـەر راست دەکرێنەوە. کۆندۆرسێ لەسەر ئەم بڕوایە بوو؛ "هەر کەسێک بەهۆی رەنگ و رەگەز و ئـایین، بەرەنگاری مافەکـانی کەسێکی تر بێتەوە، لەڕاستیدا ئەوە لەدژی بەرەنگاری مافەکانی خۆی بۆتەوە..."



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەربۆیە کۆندۆرسێ دژی لاوازکردنی مافەکانی ژنانیش بوو. بەم حاڵەشەوە کۆندۆرسێ نیگەرانی ئەوە بوو ژنان لەدوای رزگاری، لەئەرکەکانی تایبەت بەخۆیان دووربکەونەوە. هاوکات لەگەڵ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی بونیاتەکانی سیاسەت، کۆندۆرسێ-ش هێدی هێدی سەر بۆ دەمارگرژییەکانی پیاوانەی کۆماریخوازەکان دادەنەوێنێ کە پێیانوایە؛ دەکرێ و ئەتوانن دۆخی کابانی ماڵ و ماڵداری لەپێناو خزمەتکردن بەسیاسەت زیاتر پەرەپێبدەن یان بیچەسپێنن.

لەسەر ئەم بنەمایە بوو کۆندۆرسێ بەڵێنی ئەوەیدا؛ کە هەرچەند پێویستە مافە سیاسییەکان بۆ ژنان دابین بکرێت، بەڵام پێویست ناکات لەدەسەڵاتی راستەقینەو سەرکردایەتی سیاسیدا بەشداربن. ژنان تەنیا بۆ پەروەردەکردنی مناڵەکانیان و بۆ مێردەکانیان باشترن. ئەوە تەواو بابەتێکی سروشتییە ژن شیر بدا بەمناڵەکانی و لەساڵە سەرەتاییەکانی ژیانی مناڵانی، ئاگادارییان لێبکات. بەڵام هەرچییەک بێت ئەو ژنانەی پێشتر تەنیا وەک ئامرازو کەرەستەی ناو ماڵ وابوون، دەبن بەخاوەن کەسایەتی و هەروەها هاووڵاتیانی دەوڵەت.

لەناو جەستەی سیاسی نوێ کە دەوڵەت وەک سیمای باوکی نوێ بە تەواوی تایبەتمەندییە خواییەکانەوە دەردەکەوێت، ژن ئەرکێکی دیکەی پێدەسپێردرێت. بەوتەی (وۆلستۆن کرافت) و وەک بەرسڤێک بۆ روسۆ، لەم نەخشە نوێیە سیاسیەدا؛ ئەگەر ژنان لەرێگای پەروەردەکردنەوە بۆ هاونشینی و هاورێی پیاوان ئامادە نەکرێن، ئەوە پێشکەوتنی زانست و رەوشتبەرزی رادەوستێت. لەناو جەستەی سیاسی سەردەمی شۆڕش و دواتر کۆماری فەرەنساو تەنانەت لەلایەن وۆڵستۆن کرافتیشەوە، ژنانی رەوشتبەرز پێویستیان بەجلوبەرگی گرانبەها و خشڵ نەبووە؛ چونکە جلوبەرگی حەیا جوانترین جل وبەرگی رەوشتبەرزانە بۆ ژن بوو. ئەو پۆرترێتەی وۆڵستۆن کرافت لەسیمای ژن لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا دەیکێشێتەوە بریتییە لە (ژنایەتییکی پاکیزە) و (ژنبوونێکی رەوشتبەرزانە) بەڵام ئاماژی بەوە دەکرد، کەبەجێهێنانی ئەم ویستە بەدڵنیاییەوە کردەیەکی قورس و دژوارە. لەبەرئەوەی کەوزەی ژن بەردەوام بەرەو هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵی خۆی رادەکێشێت.

سەرەڕای ئەوەی لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسا سیمبولیزمی نواندنەوەی ژن چاوپۆشی لەدەسەڵاتی پیاوانەشی تێدا دەبینرێت، بەڵام لەکردەوەدا، هێرشکردنە سەر پیاو یان دەسەڵاتی پیاوانە لەرێگای گوشارو هەمیشە لەرێگای ئاراستەکردنی هەستە ژنانەکان وەک هێمایەکی نوێی ژیانی خێزانیانەی کۆماریخوازانەو رەوشتبەرز گیرا. وەک دەرەنجامیش کۆمەڵەی ژنانی کۆماریی شۆڕشگێڕ هەڵوەشایەوە و نکوڵی لەمافە سیاسییەکانی ژنان کرا.

سەرەڕای دروشمە رادیکاڵەکانی شۆڕشی فەرەنسا، ئەوەی لەم ناوەدا خاوەن گرنگی بوو، ئایرۆنیکبوونی وشەی ئازادی بوو، بەهۆی ئەوەی کە نواندنەوەی ژن لەناو پانتای گشتیدا، نیشاندەری داکۆکیکردن لە سەر رۆڵی بەرتەسککراوەی ژن لەناو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ماڵدا بوو. بە وتەی `مارینا وارنێر` لەم ماوەیەدا چیتر لەدادپەروەری وەک ژن قسە ناکرێت، چونکە بەگشتی ئەو باوەڕەیان چەسپاندبوو؛ کە ژن ئیتر ئازادە و پێویست نییە ئەمە وەک پرسێکی چارەسەر نەکراو باسی لەسەر بکرێت...

سەرەڕای کپکردنی گشتی دەنگی ژنان لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا، لەسەرەتای ساڵانی ١٨٣٠، بۆ جارێکیتر ژنان بەڕێکخراوە کران تاوەکو بۆ جارێکیتر لەدامەزراوە پیاوسالارەکان داوای چاکسازی بکەن. ڕەنگە بگوترێت هەر ئەو کاتە بوو فێمینیزم وەک بەرسڤێک بۆ ڕەتکردنەوەی شێوە روانینی لیبەراڵەکان و کۆماریخوازەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژێردەستەیی مەدەنی و سیاسی ژنان، شێوە هۆشیارییێکی مۆدێرنی نزیک لەڕۆژی ئەمڕۆکەی خۆی وەدەستهێنا.

ژنان و نەک تەنیا فێمینستەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەری دارمانی پانتایی گشتی ڕەهاخواز؛ ئەگەر لەسەردەمی پێش شۆڕش و تەنانەت دوای شۆڕش-یش ژنان بەکاراکتەری لاوازو نەبوونی پەروەردەی گوونجاو یان تەنانەت سروشتی تایبەتیی خۆیانەوە تاوانبار دەکران، بەڵام لەم ماوەیەدا هەوڵێکی تریان وەگەڕخست. لەسەر ئەم بنەمایە بوو ژنان بۆ جارێکیتر، لەدژی جیاکاری تووندو ڕەقی ڕەگەزیی کەخۆی لەناو جەستەیەکی یەکپارچەی یاساکاندا لەلایەن ناپلیۆنەوە جووگەبەندی کرابوو، چالاکیان دەستپێکرد.

وەرچەرخان لەسیمای ئایکۆنیکی ڕژێمی کۆن لەفەرەنسا و دواتر لەتەواوی ئەوروپا، بەرەو پێکهاتەی سیمبولیکی نواندنەوەی بورژوازی بەواتای خوڵقانی سیاسەتی مۆدێرن لەپەیوەندی لەگەڵ پرسی جێندەر بوو. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە، ئامادەنەبوونی ژن لەناو پانتایی سیاسی مۆدێرن ڕووداوێکی بەڕێکەوت نەبوو؛ و هاوکات نیشانەیەکیش نەبوو لەبەردەوامیی پەشیمانبوونەوە لە پیاوسالاری کۆن. لەڕوانگەی ژنان و بەرژەوەندییەکانیانەوە، تەنانەت ڕۆشنگەری خۆیشی بەشێوازێکی گوماناوی وەک دژە ڕۆشنگەری لەقەڵەم دەدراو شۆڕشیش وەک دژە شۆڕش؛ وەک پیلانێکی نێرینە؛ ئەم پاراڕادۆکسە لەسەردەمی مۆدێرندا بەدیهێنەری یەکتربڕێکی intersection گەورە بۆ پرسی جێندەر لەناو پانتایی گشتی سیاسی بوو. واتە پرسی ژن هاوکات هەڵگری چەندین پرسی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ناسنامەیی و ڕەگەزی چارەسەرنەکراو بوو.

وێنا ئاماژەپێکراوەکانی سەرەوە، نیشاندەری دژواربوونی جیاکردنەوەی ژن لەژیانی ناوماڵ، هاتنە ناو پانتای سیاسی و گەیشتن بەئازادی و هاوکات خاڵە پارادۆکسەکانی ئەم مژارە لەناو بەستێنی جەستەی سیاسی پیاوسالاردایە. درووشمی ژن، ژیان ئازادی وەک دابڕانێک لەجەستەی سیاسی ڕەهاخوازی لەژێر هەر ناوێک، لەناو بەستێنی The Political تەنانەت دابڕانێک لەژانرێکی سیاسی فێمینیزمی مۆدێرنی کۆمەڵگەی بۆرژوازییش نییە؛ بەڵکو بەنیشاندانی وێنایەکی نوێ لەجەستەی سیاسی، نەک تەنیا خوازیاری ئامادەبوونی ژن لەناو پانتایی گشتی سیاسییە، بەڵکو وێنای ئەمێستاکە لەئازادیش



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەگۆڕێت؛ هەربۆیە وەک وەرچەرخانێکی پارادایمیک لەتیۆری سیاسیشدا دەکرێ باسی لەسەربکرێت.

## بەرەو کێشانەی نەخشەیەکی تر لەجەستەی سیاسی

بە لەبەرچاوگرتنی بەردەوامیی ئامادەنەبوونی ژن لەناو پانتایی سیاسی، یان دابەزاندنی رۆڵی ژن بۆ سیمایەکی دایکانە، دایکی وڵات یان دایکی پاسەوانی وڵات، یان هاوسەرێکی بەحەیاو رەوشتبەرز، دەبینرێت نێرینەبوون لەجەستەی سیاسیدا، وەک سیستەمێک خوڵقێنەری چینی دەسەڵاتدار، دەوڵەت یان بەرهەمهێنەرەوەی فۆڕمەکانی دەسەڵات و زاڵبوونە. هەر بۆیە ئەم دروشمە تێکدەرە بەرەنگاری باری باو دەبێتەوەو بەهەوڵدان بۆ لەناوبردنی جەستەی سیاسی رەهاخواز لەفۆڕمەکانی باوکی پیرۆز، شا، مێرد، وەک کوژەری هێزی باڵادەست یان هەر چەشنە ملکەچبوونێک لەئاست هێز خۆی دەنوێنێتەوە؛ هەر ئەو ئەرکەی لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسا لەگەیشتن بەئامانجەکانی تووشی شکست بووەوە. واتە کوشتنی باڵادەستی یان زاڵێتی تاک رەهەندییانەی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی. لەسەر ئەم بنەمایەیەو لەم دروشمەدا، ژن دەبێتە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان (ژیان و ئازادی)ە لەپانتایی گشتی، چونکە ئازادیی لەژیان تەنیا بەبەشداربوونی کردەیی ژن لەناو پانتایی گشتی سیاسی و لەناو شۆڕشێکی رادیکاڵی ژنانەدا، کە بتوانێ مێنتالیتی و هۆشی پیاوان بگۆڕێت، دەستەبەر دەبێت. لەڕووداونی ئەم ئەگەرەدا، ئەڵقەکانی هێزی پیاوسالار لێکدەترازێن و چیتر رێگایان پێنادرێت بەپاساوی پیرۆزییە ئاسمانییەکان، بنەمایەک بۆ شەرعیەتی کردەی سیاسی خۆیان دابین بکەن و هاوکات هێزی سیاسی وەک ناوەندێک لەناو جەستەیەکی سیاسی بەکاربێنن.

ئەگەر تەنانەت لەسەردەمی رۆشنگەریشدا، فەیلەسوفە سیاسییەکان وەک ئایدیالەکانی سەردەمی مۆدێرن، پیاوەکانیان بەتەواو سیاسی لەقەڵەم دەداو ژنانیان وەک بابەتێکی سروشتی، وەک بوونەوەرێکی ناوماڵ سەیر دەکرد، ئەوە لەبنەڕەتدا تەنیا لەناو هزری کەسانێکی وەک هێگڵ و مارکس-یشدا نواندنەوە یان رێزلێنانێک لەهزری یۆنانی (کەڤنار) و (ئیمپراتۆریای رۆم)بوو. بۆیە تێفکرینی سەردەمی رۆشنگەریش دامەزرانی جەستەیەکی سیاسی ناوەندخوازی لێکەوتەوەو نەیتوانێ هەلی جێگیربوونی ژن لەناو یەکتربڕی کێشە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکاندا بقۆزێتەوە یان تەنانەت وەک تیۆرێکی سیاسی لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی جەستەی سیاسی ناوەندخواز جوومگەبەندی بکات.

ئەم دروشمە بەتێگەیشتن لەڕۆڵی وەچەخستنەوە وەک یەکەم دابەشبوونی کاری نێوان ژن و پیاو کەدەبێتە هۆکاری یەکەم پارادۆکسی چینایەتی، بۆ رەتکردنەوەی فۆڕمە جیاوازەکانی زاڵبوون و ملکەچی لەئاست هێز، رزگاری تەواوی کۆمەڵگە وەک ئامانجی سیاسی خۆی پێناسە دەکات. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، بەپێچەوانەی شۆڕشی فەرەنسا خولیای کێشانەوەی سیمایێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تری لەجەستەی سیاسی هەیە، چونکە لەوە ئاگادارە پرسی ژن لەناو یەکتربڕی کێشە سیاسییە-کۆمەڵایەتییەکاندا زەقبووەتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایەی ئەم دروشمە تەنانەت دێتەسەر ئەم بڕوایەش کەڕەخنەی قووڵ لەپیاوسالاری و ڕێکخراوە نێرسالارەکانیش ناتوانێ ڕێگایەک بەرەو چارەسەری وەدەست بێنێت، چونکە لەبنەڕەتەوە، خێزانیش بەرهەمهێنەرەوەی بالادەستی و زاڵبوونی دەوڵەت یان پیرۆزییەکانی دیکە بەئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە. لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵدان بۆ گرتنەوەی پانتای سیاسی، بەواتای هەوڵدان بۆ خوڵقاندنی جەستەیەکی سیاسی بەدوور لەچەمکی زاڵبوون و بالادەستی، دروشمێکی بەرەنگاری باوو هەڵوەشێنەرە.

سەرەڕای ئەوەی ڕەنگە ئەم دروشمە نیشاندەری بالادەستی لایەنی سوبژێکتیڤ بەسەر لایەنی ئۆبژێکتیڤ بێت، یان ڕەهەندێکی یۆتۆپیایی بەسەردا زاڵ بێت. بەڵام بەگرنگ بینینی کردەی سیاسی لەچوارچێوەی پانتایی سیاسی و لەشێوەی کردەی ڕۆژانەو ڕادیکاڵ، جگە لەوەی کە پازدانێکە بەسەر ویستێکی سۆشیالیستیش- چونکە لەبنەڕەتدا پەیوەندی پیاوان و تەنانەت چینی کرێکاریش لەگەڵ شۆڕش، وەک پەیوەندی بۆرژوازی بچووک لەشۆڕشە- گەڕانەوەیەکە بۆ چەمکی (شا کوژی) وەک مێتافۆری بالادەستی هێز، نەک بەسەر ژنان، بەڵکو لەفۆرمی هەر چەشنە بالادەستیەک.

لەوانە بوو ئەگەر (ئۆزبەک) وەک دەرکەوتەی باری باو، وەک شازادەیەک، زووتر لەهەست و ویستەکانی رۆکسانا تێگەیشتبایە، سەرۆکی حەرەمسەراکەی بۆ خوڵقانی دۆخێکی تۆقێنەر لەناو کۆشکەکەی ئەرکدار نەکردبایەو هاوسەرەکانی بەردەوام حەیاو پاکیزەییان بەپێی باری باوی نەریت وەک ڕەوشتبەرزی ژنانە، پەیرەو کردبایە بەڵام کە ژنەکان لەپێگەو دۆخی خۆیان ئاگاداربوونەوە، چیتر ئەو نەزمە هێماییە نەیتوانی بەردەوام بێت. دروشمەکان یان ئایدیاکان جەستەی سیاسی وێنادەکەن و ئەوکاتەی دەکەونە ناو پانتایی گشتی وەک چەک بۆ گۆڕینی باری باو دەردەکەون. دەبێ چاوەڕوان بکرێت ئاخۆ تەنینەوەی ئەم دروشمە دەتوانێ لەکردەی ڕۆژانەی خۆیدا، جەستەیەکی سیاسی تر بخوڵقێنێت یان نا؟

**سەرچاوەکان:**


and Edited ,Discourses Second and First The and Contract Social The ,Rousseau Jacques Jean with an Introduction by Susan Dunn with essays by Gita May Robert N. Bellah David Bromwich Conor Cruise OBrien ,Yale University ,Press ,2002 :P 79

*Jean-Jacques Rousseau ,First and Second Discourses ,p. 89;

**Rousseau ,Second Discourse ,p. 89 ,emphasis added; Oeuvres completes ,vol. 3 ,pp. 119-120.




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ ژینای

ژنو

ژیانو

ئازادی

هات و نەڕۆیشت

خۆرێکی نائاسایی

ئەو هەڵدەهات، ئاوا دەبوو

ئەم هەڵات و ئاوا نەبوو

تاڵێک لە قژی "ژینا"ی کورد بوو

تێکیشکاند تەلیسمی دێوەزمەی

ئایینی پیاو سالاری

مەزهەبی بێ بنەمای ویلایەت و

حەوزەی کوانووی هەڵخەڵەتان

لەکاری خست جادووی

چاو بەستن و فریودان و خۆ هەڵکێشان

بۆیە هەتا دونیا مابێ

بەردەوامە گەورەیی ژن و

جوانی ژیان و داواکاری

ئازادی بوون لەزیندان

*****

کیژێک نەبوو وەرز بێ لەم ژیانە

بەدوای ئەستێرە تۆراوەکاندا وێڵ بوو

بۆ ماڵی بزە و زەردەکاندا دەگەڕا

بۆ چراداگیرسێنێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دای لەشەقەی باڵ
بەو هیوایەی خۆری ئەبەدی و سەرفرازی،
تیشکی بەهەمو لادا گرشە بدا
کەچی وا دوای چل ڕۆژیش
هەڵنەکەوت پێشکاروانێک
دابخا دەرگای  خوێن و گریان
سەرهەڵبدا گولێک
لەناو خۆڵەمێشی ناو ئاگردان

## ئایا حزب و حکومەتی ئیسلامی شتێکی مومکینن؟

بەبۆچوونی من گەورەترین داهێنانێک لەدوای دۆزینەوەی کشتوکاڵ لەمێژووی مرۆڤدا ئەنجامدرابێت داهێنانەکەی فەیلەسوفی ئینگلیزی فرانچیس بەیکن بووە. بەیکن دیدو جیهانبینیی مرۆڤی یەکپارچە بەرامبەر زانست گۆڕی. کاتێک زانست ئامانجێکی کەشفیی هەبوو بۆ سروشت، ئەم هات ئامانجەکەی گۆڕی بۆ دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی سروشت و پاشان بەکارهێنانەوەی لەبەرژەوەندی ئەو ویستەی مرۆڤ کەهەیەتی بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا بۆ ئەوەی بیخاتە ژێرڕکێفی خۆیەوە. واتە سروشت لەوە کەوت پیرۆز بێت، بەڵکو بوو بەڕەقیبێک بۆ زانست تامرۆڤ بتوانێت وەک بەردەباز بەکاریبهێنێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە دەیەوێت پێیان بگات.

ئیدی لەدوای سەرڕێخستنی ئەم دیدە هارمۆنی و پێکەوەژیانی نێوان مرۆڤ و سروشت گۆڕا بۆ دژایەتییکردن و زاڵبوون بەسەر سروشتدا. هەر ئەم گۆڕینی قیبلەیە لەکەشفییەوە بۆ قیبلەیەکی دژوەستانەوەو بەکارهێنانی سروشت لەبەرژەوەندی مرۆڤ وایکرد هەموو مێژووی مرۆڤ لەسەر ئەم ئەستێرەیە هێندەی ئەم سەدساڵەی دوایی پێشکەوتنی زانستیی و تەکنەلۆژیی تێدا روونەدا و سروشتیش هەرگیز هێندەی ئەم سەدساڵە زەرەرمەند و دۆڕاو نەبوویێت لەبەرامبەر مرۆڤەوە.

ئەم دیدە گۆڕاوە بەتەنها زانستی نەگرتەوە، بەڵکو بووە هەوێنی دروستبوونی بۆچوونێکی فەندەمێنتاڵ بۆ شێوازی دینداریی، ژیان و سیاسەتکردن و کایە ژیارییەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤ. مرۆڤی لەکائینێکی ئەرکسەنتەرو خاوەن واجباتەوە گۆڕی بۆ مرۆڤێکی مافسەنتەر و بێ ئەرک. دین و خودا و پیرۆزییەکانی وادار کرد پێش ئەوەی  داوای واجبات لەمرۆڤ بکەن مافی پێبدەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەهاتنی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی بۆ سەر میراتی پیاوەنەخۆشەکە و دابەشکردنی ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیە لەنێوان خۆیاندا، ئەم دیدە بۆ دین زیاتر پەرەی سەند. لەبەرامبەر داگیرکاری ئەوروپییەوە جولانەوەی دینیی جیاواز دروستبوون کە پێیان وابوو دین و مەنزومە دینییەکان دەتوانن سنوورێک بۆئەم داگیرکارییانە دابنێن و دووبارە نۆستالژیای خیلافەت لەبەرکی مەنزومەی سیاسیی دینییدا بکەنەوە واقیع.

دروستبوونی جولانەوەیەکی بێ پێشینەی سیاسیی دینیی وەک ئیخوان لەمیسر کە چەقی بیرکردنەوەکانی «الدين هو الحل- دین تاکە چارەسەرە» شتێکی زیاتر لەمە ناسەلمێنێت. دین دەبێت چارەسەری پێبێت بۆ کۆژانە سیاسیی و مێژووییەکانی ئەمان دژی داگیرکاری و ڕووخاندنی خیلافەتێک کە خۆبەخۆ زەمەنەکەی تەواو بووە. خاڵی بەهێزی ئەمان ئەوەیە داوای ماف و چارەسەری کێشەکانیان لەدین دەکەن. لێرەدا گواستنەوە لەئەرکسەنتەریی بۆ مافسەنتەریی بەڕوونی خۆی نیشاندەدات.

هەر ئەم گواستنەوەیەی کە لەڕەحمی ئیستیعمارەوە دەزێ، دەبێتە هەوێنی لەدایکبوونی حکومەت و مەنزومەی دینی و دابەشکردنی کۆمەڵگاو سیاسەت و تەواوی کایە ژیارییەکان بۆ بەرەی ئیسلام و کوفر. کۆمەڵگای ئیسلامیی و کۆمەڵگای جاهیلیی، ئەمە بەڕوونی لەمەعالیمەکەی سەید قوتبدا دەرکی پێدەکرێت. پێش ئەم وادەیە لەهیچ پارچەیەکی مێژوویی مێژووی ئیسلامدا دابەشکارییەکی لەمجۆرە نابیندرێت، لەخەلیفەکانی راشیدین بۆ عەبدولحەمیدی دووەم، کۆتا سوڵتانی عوسمانیی هیچ دەوڵەت و مەنزومەیەکمان نییە بەناوی دەوڵەتی یان خیلافەتی ئیسلامیی. تەنانەت ئەو شارەی لەمەدینە لەسەر دەستی پێغەمبەر«د.خ» دروستکرا شارێکی دینیی نەبوو حکومەتەکەشی حکومەتێکی دینیی نەبوو.

گەر بەزمانی هاوکێشە کیمیاییەکان قسە بکەین مەنزوومەی حزب و حکومەتی دینیی مەنزومەیەکی تەواو نالەخۆو هاوردەیە، لەهەناوی ئاینی ئیسلامەوە هەڵناقوڵێت، پەرچەکرداری گۆڕانی دیدی موسوڵمانانە بۆ زانست و سیاسەت و ژیان و ئیستعماری ئەوروپی ژینگەی لەبار سازاند تا لەدایک ببێت.

### ئایا دەوڵەت یاحزبی دینیی شتێکی مومکینە؟

شتێکی ئاشکرایە دامەزراندنی دەوڵەت یا مەنزومەیەکی فاشیی، دیکتاتۆریی و تۆتالیتارو شتێکی مومکینەو مێژووش ئەمەی نیشانداوە. بەڵام دامەزراندنی مەنزومەو دەوڵەتێکی دینیی شتێکە زۆر لەمەحاڵ نزیکە.

ڕەنگە لەڕووی تیۆرییەوە بتوانین نەخشەو پایەکانی لەمێکشی خۆماندا بکێشین، زۆریش نایاب و یۆتۆپیی دەرکەوێت بەڵام



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەسەر ئەرزی واقیع دروستکردنی دامەزراوەیەکی لەم شێوەیە هێندەی مەحاڵ نەکردەو ناوموکینە، لەپراکتیکدا ئەم پرسە پارادۆکس و دژیەکە لەگەڵ خۆیدا. سەرەتاییترین پێناسە بۆ دەوڵەت و حکومەت کۆنترۆڵکردن و جڵەوکردنی کۆمەڵگایە تا نەهێڵێت تاکەکان بەیەکدا بدەن، مافەکان بەیەکسانی بدات، کەس دەستدرێژی نەکاتە سەر مافی ئەوی دیکەو دەوڵەت هەموان بەیەک ئاست کۆنترۆڵ بکات.

دەوڵەت و هێزە ماددی و مەعنەوییەکەی دەتوانێت بەزۆرو زەبر زۆر شت بسەپێنێت، باج بسەنێت، کۆمەڵێک جووڵە قەدەغەبکات، یاسا جێبەجێ بکات چونکە لەبنەڕەتەوە بۆ ئەمە دروستبووە. بەڵام شتێک کە ناتوانێت بیکات ئەوەیە کە ناتوانێت ئیمان بەزۆر لەدڵی کەسدا بچەسپێنێت. چونکە لەبنەڕەتەوە بۆ ئەمە دروست نەبووە. ئیمان لەجنسی عیشقە، بەزۆر نەکردەیە لەدڵێکدا بچەسپێت. دینەکانیش لەبنەڕەتەوە نەهاتوون ئیدارەی ژیانی رۆژانەی سیاسیی و ئابووری خەڵک بدەن، ئەوا هاتوون پەیامێکی ئیمانیی و ئیلاهی بەگوێی ئینساندا بچرپێنن، ئاسمان و زەوی پێکەوە ئاشتبکەنەوە. بەهۆی یەکتاپەرەستییەوە مانا بدەنە دیاردە سروشتییەکان، راستە هەندێ رێوشێنی ئیدارەدانی رۆژانەی خەڵک تێیاندا هەیە ئینکاریی ناکرێن، بەڵام لەبنەڕەتەوە هەروەک چۆن قورئان و ئینجیل و تەورات کتێبی مێژوو و جوگرافیا و فیزیا نین، بەهەمان شێوە کتێبی سیاسەت و ئابووریی و یاساش نین. دەشێت هەندێ ئاماژەیان بۆ سروشت و زانستەکانی وەک فیزیاو جوگرافیا تێدا بێت بەڵام هەر هێندەی فیزیاو جوگرافیا لەبارەی سیاسەت و یاساو ئابووریشەوە دەڵێن.

ئەنجام

لەبەر سێ هۆکاری سەرەکی ناتوانین حزب و حکومەتێکی دینییمان هەبێت:

**یەکەم**، ئیمان کە سەرەکیترین پایەی دینە بەهێزو زەبرو زۆر لەدادا ناچەسپێت، سەرەکیترین پایەی هەر دەوڵەتێکیش هێزە.

**دووەم**، ئایینەکە لەهەناویانداو بەتایبەتیش ئیسلام باوەڕیان بە بەجێهێنانی واجبات هەیە، زیاتر ئەرکسەنتەرن، لەدونیای نوێشدا مرۆڤ بیرکردنەوەکانی گۆڕاون و زیاتر بەشوێن مافەکانیەوەیەتی وەک لەئەرکەکانی. گەر لەڕابردوودا دامەزراندنی دەوڵەتێکی دینی مومکین بووبێ تەنها لەبەرئەوە بووە تاکەکانی کۆمەڵگا ئەرکسەنتەرو بەجێهێنەرێکی باشی ئەرکەکانیان بوون، بەڵام ئەمڕۆ کەمرۆڤ لەهەموو چرکەیەدا بەشوێن مافەوەیە دروستکردنی حزبی دینی و حکومەتی دینیی نزیکە لەمەحاڵ. تەنها لەتیۆرییدا دەشێ بڕوامان پێی هەبێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**سێیەم**: ئەمڕۆ شتێک نەماوە بەناوی دونیای ئیسلام، ئەوەی هەیە جوگرفیایەک هەیە موسوڵمانان تێیدا زۆرینەن و جوگرافیایەکیش هەیە کە کەمینەن تێیدا. ئایا دەیانەوێت چۆن لەم دوو جوگرافیا جیاوازەدا تەلی سازەکەی خۆیان کۆکبکەن لەگەڵ سیستمە جیهانییەکەدا؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## چیاکانیش ئەوجار نابنە پشتیوانمان!؟



**فواد خاکی بیگی**

گەر دەمانەوێ لەم چرکەساتە هەستیارە سیاسیەدا کە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێدا تێپەر دەبێ و بە پێی هەموو هاوکێشەسیاسییەکانی ناوچە و ئێران و سەرجەم ئەو زانیاریانەی بەردەستن ببین بە هێزێکی شوێندانەر و ژمارەیەکی گەورە لە داهاتوو و بە مافەکانمان بگەین:

**یەکەم**: نابێ هەموو ئەوانەی دروشمی ئێمە ڕۆلەی قازین سەرهەڵدەدەن بە دیمۆکرات بوونی هەموویان بە لایەنەکانی تر بیفرۆشینەوە.

**دوهەم**: نابێ هەموو ئەوانەی رەنگێکی سوریان لەبەردا بوو وەک کۆمەڵەیی ئەژمیار بکەین

**سێهەم**: زۆر دروشم و حەرەکەتی نمادین و شۆرشگێرانەی دیکە....



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**چوارەم**: نابێ و ناکرێ و رێگە پێدراو نیە ئەزموون لە رابردووی شەری ناوخۆ و کێشەکانی نێوانمان وەرنەگرین و بە دەستی خۆمان بەنزین بە ئاگری دوژمن دا بکەین.

دوژمن دەیەوێ ئێمە ئەتۆمیزە بکا و بمانکات بە زەرەی بچوک و بێ شوێندانەر تاکوو ئاسانتر زەربەمان لێدا، تەنیا و تەنیا بە یەکگرتووی ئێمە سەردەکەوین، با فێر بین و وەک هەموو ئەوانەی لە سیاسەتدا قازانج و بەرژەوەندی خۆیان زوو دەخوێنەوە ئێمەش لە ئێستا یەکگرتوو و رێز لە دەنگی خەڵک لە داهاتوو بگرین.

هەموو ئەو رۆڵە شۆرشگێرانەی ئەمرۆ لە شەقامەکان بوێرانە بانگی ئازادی سەرهەڵدەدەن سامان و پشتیوانی کۆمەڵە و دیمۆکرات و لایەنە شۆرشگێرەکانی دیکەی کوردستانن.

ئاڵوگۆری گەورە بەرێوەیە تکایە بە پەرتەوازەیی و ئاگاهانە و نەئاگاهانە رقابەت لە گەڵ یەکتر کارێک نەکەین سەرمان بێ کڵاو بمێنێتەوە.

من مردوو و ئێوەی ئازیز زیندوو گەر بە دەمارگرژی کوێرانە رەفتار لەگەڵ یەکتر بکەین و یەکریز و یەکگوتار و یەکهەڵوێست نەبین، دڵنیابن لە داهاتووی نەخشەی سیاسیی ئێران دا ئەو جار چیاکانیش نابنە پشتیوانمان.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – رێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هیچ دەرفەتێکیان پێ نەدەن



**مەنسوور تەها**

لەم ساتەدا نیشتمانپەروەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو گۆشەیە لە وڵاتە داگیرکراوەکەمان بە ئیرادە و پابەندبوونێکی دڵسۆزانە بۆ ڕزگاری دەستیان داوەتە ڕاپەڕینێک بۆ سڕینەوەی هێزە دڕندەکان کە ڕاپەڕینەکە بە تەواوی ئێراندا بڵاوی پێکراو چەندین نەتەوەی ژێردەست هێنایە سەر شەقام. ڕاپەڕیوانی کوردستان خاوەنی هیچ چەک تەکنەلۆژییە پێشکەوتووانە نین کە هێزەکانی دوژمن خاوەنیەتی. کە لە ئەنجامدا قوربانییەکی زۆر و تیچوی مروڤای لێکەوتوەتەوە. خەڵک بە شێوەیەکی دڕندانە دەکوژرێن لە حوکمی سێداریان بۆ دەردەچێت کە مەبەست لێی ترساندنی گەلی ڕاپەڕیو و ملکەچکردنیانە.

بەڕاستی لایەنی دوژمن بە چەک تەیار بوو و هەروەها بۆ ماوەی زیاد لە چوار دەیە درێژەی بە کوشتنی گەلی کورد داوە کە بێباکانە دەستیان داوەتە جیهادێکی کە. لەم چوار دەیەش زۆر کەس ژیان و خێزان و موڵک و ماڵی لەدەستداوەو و برینداربوون کەمەندامیان لێ کەوتوەتەوە. تەنانەت چەند ساڵانێک لە بارودۆخی سەختی ئاوارەی مانەوە بۆ ئەوەی هەڵێک بۆ شەڕێکی ڕاماڵینی داگیرکەران برەخسێنین.

دوای خەباتێکی تاڵی لەم شێوەیە دەتوانین تامی سەرکەوتنێکی شیرین بچێژین. هەر سەرکەوتنێ بە سەختی بەدەست دەهێنری کە نەوەی داهاتوو ئاهەنگ بۆ دەگێڕێت و دڵخۆشی دەکات. شایەنی ئەوەیە تەنانەت بۆهەتای ئاهەنگی بۆ بگێڕن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەبەر ئەوەیە کە ئەو نرخەی بۆی دەدین زۆرە. کە ڕەمزی سەرکەوتنیشمان یەکگرتوویی گەلە نەک هیچی تر. کە بە یەک ئامانجی گەورە کۆماندەکاتەوە کە دەستەبەرکردنی سەروەری، یەکپارچەیی خاکی نەتەوەکەمانە.

هەرکەسێک دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت وگەلی کورد لەو چوارچیوەی سنوورە داسپاوانەدا بمێنێتەوە بە هەر ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی حکومەت هەرچییەک بێت؛ هەرگیز ناتوانێت لە پرسی ئاسایشی نیشتمانی، سەروەری نەتەوەی بۆ گەلێکی خاک داگیرکراو زیاتر بێت. ئەوانەی ئێستا لەدەرەوەی سنوورەکان دانیان بۆ دەسەڵات تیژ کردوە زۆر فاشیزمترن لە دەسەڵاتە ئایینیەکەی ئیستا.

ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە هیچ هێزێک ناتوانێت لەبەردەم کەسانێکدا بوەستێت کە ئەوەندە ئیرادەیان هەیە کە گیانی خۆیان لە پێناو میللەتدا بدەن جا کە باسی قوربانیدان لە پێناوی میللەتە با سەروەری گشتی کەینە ستراتیژی گشتیمان. ڕێگە نەدەن بەم کەسانە کە دەیانەوێت بە قەڵغان یان چەقۆکێش وڵات داگیر بکەن و بەرژەوەندییە نادادپەروەرانەی کاتی کۆلۆنیالیزمی خۆیان بسەپێنن، یان ئەجێندایەکی نادادپەروەرانەیان لە بابەتی سیاسی ناوخۆیی وڵاتدا هەیە.

تاکە و باشترین ڕێگا بۆ ئەنجامدانی، تێکدانی یەکێتی نەتەوەیە لە ڕێگەی ڕوانگەی جیاوازەوە و لە ماوەی سەدان ساڵانی داگیرکاری و ئێستاو دواتردا نیشانەکانی هەوڵدان بۆ یەکپارچەی خاکی و جوغرافیا ساختەیان لەسەر خاکی نەتەوەکانی کە و بە هەر بەهایی ڕێگرن لە دابەشکردنی وڵات بە ناوی میلەتێک و ئایین بە ڕوونی بەدیکراوە دەسیان داوەتە سەدان جیهاد و قەتل و عامی گەڵ . ئەو زنجیرە ململانێ و ناسەقامگیرییانەی کە لە ئێستادا بەدی دەکرێن، بەڕاستی دەرئەنجامی هەموو ئەم پیلانانەنەی ئەو فاشیزمانەن کەپاشماوەکانیان لەئێستا دانیان بۆ دەسەڵات تیژ کردوە. وەک دەڵێن یەکگرتوو وەستاوین دابەشبوونی بێتە باس ئێمە دەبینە ئەندامی سازمانە تروریستیەکانی کۆماری سێدارەو وێرای ئەوان سەرکوتی خەڵکی ڕاپەریو دەکەین.

خۆشبەختانە گەلی کورد لەمە تێدەگەن وناهێڵن خوێنی قوربانیانی سەدان ساڵەی ئەم گەلە و ئەمڕۆش لە مەیدانی بەربەرەکانین بە دەستی بەتاڵ بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم بیرو نەقشە مەترسیدارانەی دژی نەتەوەکەمان.

سەرچاوە: فەیسبووکی ڕۆژی کورد – ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بارودۆخی ڕاپەڕین لە پەنجاو هەشتەمین حەوتوودا




**خالید حەسەن پوور**

لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بە سەدان ڕاپەڕین ڕویانداوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ناوچەیی بوون و دەگەڵ یەکتر هاوتەریب نەبوون، پاش ماوێکی کوورت ڕێژیم بەسەریاندا زاڵ بوە و پاشەکشەی پێکردوون. هۆکاری سەرەکی ئەوەش ئەوەبوو کە گوتاری ڕێژیم و بەشێک لە ئۆپۆزیسیوونی تەوایەتخواز، سەبارەت بە دابەش بوونی ئێران - لە حاڵەتی پەرەگرتنی خۆپێشاندانەکاندا - یەکانگیر دەبووو و ڕاپەڕینە ناوچەیییەکان بەبێ پشتگیری ناوەند یان پێچەوانەکەی کۆتاییان پێدهات. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتداری خۆیدا، بە چاندنی تۆوی دوبەرەکی ئاینی ئیتنێکیکی لە نێوان پێکهاتەکانی ئێراندا، توانیبووی مەحبەین بخاتە نێوان "مەرکەز و حاشییە"، عەرەب و فارس، تورک و کورد و شیعە و سوونی، بەجۆرێک کاتێک خەڵکی ناوچەیێک لە حاکمییەت ڕادەپەڕین، پێکهاتەکانی دیکە دەبوونە تەماشاچی هەتا سەرکووت دەکرا. لە ڕاپەڕینی ئەمجاریشدا ڕێژیم هەوڵیدا بە لێدانی بنکەی لایەنەکانی کوردی ڕۆژهەڵات، پرسی سەربەخۆیی خوازی زەق کاتەوە و ئاراستەی خۆپێشاندانەکان بە سوودی خۆی بگۆڕێ. بەڵام بە پێچەوانەی پێشوو پێکهاتەکانی ئێران بەگشتی و فارس بە تایبەتی بە ئەقڵییەتێکی گشتی گەیشتن و دەستی ڕێژیمییان باش خوێندەوە.

نەتەنیا وڵامی ئاژاوەگێڕی ڕێژیمییان نەداوە، بەڵکوو لە ڕیزێکی یەکگرتوودا ڕووبەڕووی دیکتاتۆری بوونەوە. بەوەش نیشانیاندا کە مەترسی گەورە لەسەر ئێران فرەنەتەویی و فرەچەشنێکە نییە، بەڵکوو مەترسییەکە هەر خوودی کۆماری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامییە. وڵامدانەوەی بەشێک لە پەیام و سیگناڵەکانی ناوەندی هاوکاری لەلایەن ناوەندی ئێرانەوە، نیشانەی جیاوازی و ئینتیمای سیاسی جیلی نوێیە بۆ پرسی نەتەوە ژێر دەستەکان لە ئێراندا. و ئەوەش بەڕوونی جیاوزای کادرەکانی خەباتی مەیدانی ئێستا دەگەڵ ڕێبەرانی بەشێک لە ئۆپۆزیسیوون فارس دەردەخا.

بۆیە دەکرێ بڵێن هەتا ئێرە ڕاپەڕین لە هەشتەمین حەوتووی خۆیدا دوو دەستکەوتی گرینگی بەدەست هێناوە. دەستکەوتی یەکەم ئەوەیە بە پێچەوانەی پێشوو خۆپێشاندان و مانگرتن لە چوارچێوەی کوردستان ترازاوە و هەموو بەشەکان بە گشتی و ناوەندی ئێرانیشی تەنیوەتەوە . گرینگترین تایبەتمەندی ئەوڕاپەڕینە لە گشتگیری و بەردەوامیەکەیدایە. دەستکەوتی دووهەمیشی ئەوەیە، سەرەڕای سەرکووتی توندو تیژ، ڕاپەڕینی شۆڕشگێرانەی خەڵک بەردەوامە و پێەی ناوەتە هەشتەمین حەوتووی خۆی.

بەڵام ئێستا پاش زیاتر لە پەنجا ڕۆژ، حەق وایە ئاوڕێکی ورد وەسەر پرۆسەی ڕاپەڕینی خەڵک هەم لە ئاستی کوردستان و هەم لە ئاستی سەرانسەری ئێران بدینەوە .کاتێک خۆپێشاندان و مانگرتنی ئێستای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگەڵ ڕۆژانی یەکەم پێک دەگرین، دەبینین خۆپێشاندانەکان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، هەتادێ لە رووی بەشداری خەڵکەوە چکۆڵەتر و لە رووی پێکهاتەوە، سنووردارتر دەبن. بە جۆرێک لە خۆپێشاندانەکانی ئەمدوایانەدا زیاتر لاوان (کچ و کوڕ) بەشدار دەبن و چین و تووێژ و جیلەکانی دیکە دیار نین. ئەوەش ئەوە نیشان دەدا کەهەتادێ حاڵەتی حکوومەتی نیزامی لە کوردستان بەهێزتر و ڕاوو ودوونان هاسانتر دەبێ. بۆیە پێش دوو حەوتوو لەمەوبەر، هەم لە پەیامی لایەنە سیاسییەکانی کورد (کاک مستەفای هیجری) و هەم ناوەندی هاوکاریدا داوا لە خەڵک کرا بوو کە، پێویستە بۆ خۆپێشاندان و مانگرتن لە کوردستان، نە ئەوەندە توند بڕۆین کە وەپێش ناوەندی ئێران کەوینەوە و نە ئەوەندە شل بڕۆین کە بەجێبمێنین. بەڵام ئەو هەڵوێستە بە هیچ جوور بەو مانایە نییە کە واز لە خۆپێشاندان و مانگرتن. دژی کۆماری ئیسلامی بێنین. بەڵکوو لەو پەیوەندیەدا پێویستە چاوومان لە هەڵس و کەوتی جووڵانەوەی سەرانسەریبێ و پێبەپێەی ئەوان و تەنانەت هەنگاوێکیش لەپێش ئەوان بین. هۆکاری ئەو نیگەرانییەش لە دوو خاڵدا کۆدەبێتەوە؛

**یەکەم** کوردستان لە خانەی ئەمنییەتی ڕێژیمدایە و،

**دووهەم** بەشێکی بەرچاووی شارەکانی کوردستان چکۆڵە و کەم حەشیمەتن. بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە پەیامی ناوەندی هاوکاری و هەروها پەیامی ڕێبەرانی لایەنە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە ڕێنوینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پێویستە شەفاف و ڕوون و یەکلا کەرەوەبن و، لەو بارەوە جێگای شک و گومان نەهێڵنەوە. لایەنەکانی ڕۆژهەڵات و ڕێبەرانیان پێویستە خەتێکی ڕوونی سیاسی پێشانی خەڵک بدەن و، لە ڕاگەیێندراوو و قسەکانیاندا، لازمە پێ لەسەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

درێژ پێدانی خۆپێشاندان و مانگرتن هەتا ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دابگرن.

دەگەڵ ئەوەی پێویستە پێداگرین لەسەر درێژەدان بە ڕاپەڕین و خۆپێشاندان، بەڵام لە حەینی حاڵدا لازمە پێش لەسەر ئەوە داگرین کە خۆپێشاندانەکان بە شێوەی پێشکەوتوو و مەدەنی بەڕێوەبچن. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە هێزە سەرکووتکەرەکانی کۆماری ئیسلامین کە خۆپێشاندانەکان بە توندو تیژی دەکێشن. بۆیە خەڵک و خۆپێشاندەران مافی بێئەملاو ئەولای خۆیانە کە بەرگری ڕەوا لە خۆیان بکەن. لەو پەیوەندییەدا کاتێک هێزە سەرکووتکەرەکان ڕاستەوخۆ بە قەستی کووشتن تەقە لە خۆپێشاندەران دەکەن، خەڵک بۆی هەیە بە کۆکتێل مۆلۆتۆف و ئامرازی دیکە بەرگری لە خۆی بکا. بێجگە لەوە لەو هەلومەرجەدا زۆر گرینگە کە گاردێکی چەکدار - لە شێوەی "هەڵۆکانی زاگرۆس" - نەک لە نێوو خۆپێشاندانەکاندا - بەڵکوو دواتر و بە شێنەیی، مۆرەکانی سەرکووت شناسایی بکا و لەسەر ڕێگا وەلایان ببا. کە ئەو کارە هەم تەلەسمی ترس خۆف دەشکێنێ و هەم کەشێکی لەبارتر بۆ خۆپێشانی جەماوەریتر پێکدێنێ.

هەتا ئەو جێگایەی پەیوەندی هەیە بە ڕاپەڕین لە بەشەکانی دیکەی ئێران بەگشتی و ناوەند بە تایبەتی، پرۆسەی خۆپێشاندانەکان نیشان دەدا کە هەتادێ خۆپێشاندانەکان جەماوەریتر و گشتگیرتر دەبن. ئەو ڕەوتە دەکرێ بڵێین پێچەوانەی کوردستانە کە خۆپێشاندانەکان لەڕووی حەشیمەتەوە چکۆڵەتر دەبنەوە. دیارە ئەوەش دەبێ بڵێین کە ئەگەر خۆپێشاندانەکانی کوردستان بەهۆی ملیتاریزم لەڕوویکەوە چکۆڵە بوونەتەوە، لە ڕوویکیترەوە لە چەند خاڵی هەر شارێک و بەشێوەی پارتیزانی دێنە کایەوە. بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە دەور و نەقشی کوردستان لەو دەوریەدا لەسەر درێژەپێدانی ڕاپەڕین لە بەشەکانیتری ئێراندا زۆرە. بۆیە پێویستە ئەو "چشم و چراغ" ە هەروا بە ڕۆشەنی بمێنێتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئازادکردنی "ژن ژیان ئازادی"




**شەهلا دەباغی**

له ژماره ٦٤ گۆڤاری تیشکدا گولاڵە کەمانگەر نووسینێکی بە زمانی فارسی و لەژێرِ ناونیشانی "کوردانه برابر است با زنانه" بڵاو کردووەتەوە. من لێرە هەوڵ دەدەم پێشانی بدەم کە کەمانگەر دەیهەوێ هەم دروشمی "ژن ژیان ئازادی" بە ئیدیۆلۆژییەکی تایبەت بەرتەسک بکا، و هەم ئانتاگۆنیسمێک ئاشت بداتەوە کە لە فکر و کردەوەدا ئیمکانی ئاشبوونەوەیان نییە، چونکە تا ئێستا هێژمۆنی بالادەستی ئێرانی دانی بە مافی نەتەوەکانی ژێردەستی خۆیدا دانەناوە. نووسینەکەی کەمانگەر بە فارسییە. ئەم فارسی نووسینە خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە ئاشتکردنەوەکە لە کاتێکدا بەڕای من گرینگترین ئەرکی چالاکانی کورد و ژنان بەرهەمهێنانی هەرچی زیاتری دەق و شیکردنەوەیە بەکوردی؛ چونکە هەر وەک بیرمەندی پۆست کۆلۆنیالیست نگووگی دەڵێ زمانی کۆلۆنیالیست ئامرازی گواستنەوەی ئایدیۆلۆژیای کۆلۆنیالیستییە و کاریگەری لەسەر فامکردنی خودی کۆلۆنیکراو دادەنێت .نووسەر بە دروستی بەوە دەست پێ دەکا کە لەم ماوەدا ناوی ژینا بەخاک سپێردراوە و "ژن ژیان ئازادی" کراوەتە فارسی و دوانەکەی ژینا واتە "مهسا" وەک ناوی ڕەمزی شۆڕشێکی فرەڕەهەند و فرەتوێ بە دنیادا دەڕوا. کەچی لە ئاخری وتارەکەیدا کەمانگەر نووسینەکەی بەم پرسیارە کۆتایی دێنی کە "آیا دوگانە ژینا/مهسا و کورد/ایرانی میتوانند همپوشانی داشته باشند" و وڵامی پرسیارەکەی خۆی بە چەند "اگر.... اگر.... " دەداتەوە کە گەر ئەو ئەگەرانە وەدی بێن "این دوگانە (کورد/ایرانی) میتوانند همپوشانی داشته باشند و انقلاب ژینا/مهسا به شکوفایی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

برسد.» (تیشک، ژ. ٦٤. ل.١٤٣- ١٤٨ (نووسینەکەی کەمانگەر وەک چالاکێکی ژن چەند گرفتێکی زەقی تێدایە. ئەو "ژن ژیان ئازادی" تەنیا و تەنیا بە یەکینەکانی پاراستنی ژن لە ڕۆژاوا (ل. ١٤٣) و باکووری کوردستان "جایی کە زن آزادیهای اولیەاش را دارد" (ل.١٤٤) دەبەستێتەوە و سەرچاوەی ئەم دروشمەش "فلسفەی مبارازاتی ضد امپریالیستی و ضد استعماری اوجلان رهبر زندانی کورد" دەناسێنێ. (ل. ١٤٥ (کەمانگەر بە دروستی ئاماژە بە کاریگەریی بیری دژەکۆلۆنیالیستیی فانۆن و ئینتێرسێکشنال فێمینیزم دەکا بۆ نیشاندانی ستەمەکانی چینایەتی، ئێتنیکی، زمانی، جنسییەتی، دینی، داسەپاندنی دەسەڵات و چۆنێتی پەیوەندی باڵادەست و ژێردەست، بەڵام هاوکات هەوڵی ئەوە دەدا کە بڵێ ئیمکانی جۆرێک لە ئاشتی هەیە. پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر ئەم ئیمکانە هەیە دەبێ چۆناوچۆن خۆی نیشان بدا؟ بۆ ئاشتکردنەوەی "دوانە"کان هەر بە سەقامگیرکردنی هێژمۆنی باڵادەست تەواو دەبێ؟ بۆ دروشمی "ژن ژیان ئازادی" دەکرێتە "زن زندگی آزادی" و وەک "la bella ciao" ئایدێنتی سەرەکیی نامێنێتەوە؟ بۆ نوێنەرانی دەسەڵات و هێژمۆنی باڵادەست لە دنیادا خۆیان بە نوێنەرایەتیی ژێردەستەکانیان دەچنە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوەی یەکگرتووەکان و ژنی کورد حەزف دەکرێن؟ بۆ میدیای ئێرانی لە تەواوی ئەم ٥٠ ڕۆژەدا فاکتۆری لە دەنگی کورد و ژنانی کورد گرتووە؟ بۆ وتەکانی "بابی کۆمار" لەسەر گۆڕی "کۆمار" سانسۆر دەکرێن و وشەی "خاک" دەکەنە "وطن"؟ ئەگەر ئێمە مافی بەرامبەرمان هەیە بۆ نەتەوەی باڵادەست قەبووڵی ناکا کە تۆکمەترین ڕێکخراوەکانی کوردی دژی حکومەتی ئێرانی ڕێبەری جوڵانەوەکە تا سەرکەوتن وەدەست بگرن؟ بۆ فێمینیستە ڕادیکاڵە کوردەکان لە میدیای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا دەنگیان حەزف دەکرێ، بەڵام ژورنالیستەکانی سەر بە لایەنێکی سیاسی لە میدیای فارسیدا تەنیا دەنگی ئەم لایەنە کوردە بڵاو دەکەنەوە کە دەچێتە خانەی هێژمۆنی ئێرانیبوونەوە؟ ئینجا کاتێک کەمانگەر دیسان بەدروستی باس لە هەڵی زۆر لە دنیادا بۆ فێمینیستەکانی سپی و لیبێرالی دنیا و "فمنیسم نولیبرال کە فمینیسم هژمونیک و نبض فضای دیجیتال را هم در دست دارد" دەکا کە دەتوانن خۆ دەرخەن و نوێنەراتیی Represent خۆیان بکەن، و ئەو ئیمکانە بۆ ژنانی کەم داهات و بێسەواد و ژێردەستە کەمترە و یا هەر نییە کە دەنگی خۆیان بە گوێی دنیا بگەیێنن، دیسانەکە کەمانگەر خەباتی هەزاران ژنی کورد نابینێ کە سەرەڕای ئەوەکە ئیمکاناتیان کەمە و سانسۆری حکومەتی تاران و میدیای ئێرانی و جیهانی یەخەی گرتوون، بەڵام ڕۆژانە بەڕێگای دیجیتال و ناردنی پەیام و وێنە و فیلم باسی پرسەکانی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ژێردەستی حکومەتی ئێرانی دەکەن. کەمانگەر باسی ئەوە ناکا کە چۆن ژنان بە دژواری هەلی دیجیتاڵ و ئینتێرنێت بەکار دێنن تا ژێردەستیی ژنی کورد لە پێکهاتەی ئێرانیدا نیشان بدەن و هاوکات دژی دەسەڵاتی داگیرکەر دەوەستن. کەمانگەر لە ناو دنیای دیجیتاڵی تاراوگەدا کە هەموو ئیمکانێکی هەیە، هەموو خەباتی ڕۆژانەی ژنانی ڕۆژهەڵات زەربی سیفر دەکا، و خەبات و بەرخۆدانی هەزاران ژن کە لە سەر گۆڕی ژینا بوون، هەزاران ژن کە لە شەقامەکان بریندار دەبن، هەزاران ژن کە دەستبەسەر کراون، سەدان ژن کە منداڵەکانیان بە سەما بەخاک دەسپێرن و یا شەهید دەبن، تەنیا دەیانخاتە داخڵەی فەلسەفەی یەک ڕێبەر. لە کاتێکا "ژن ژیان ئازادی" و بەرخۆدانی ئەو ژنانە دەبێ لە پرۆسەیەکی دوور و درێژی مێژووییدا ببینین کە نە تەنیا ژنانی ڕۆژاوا،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵکوو خەباتی کورد بە گشتی و خەباتی ژنانی کورد بەتایبەتی لەم سەد ساڵەدا دەگەیێنێتە نوختەیەک کە لەسەر کێلی ژینا دەنووسرێ "ژینا گیان تۆ نامری ناوت ئەبێتە رەمز ."لە هیچ کوێی نووسینەکەی کەمانگەردا ئاماژەیەک بە تاوان و وەحشیگەری حکومەتی ئێرانی ناکرێ و ڕووی نووسینەکەی ئەزقەزا ڕاست فێمینیستان و ڕووناکبیرانی دیجیتالیی ئیرانییە کە ڕەنگە خوێنەری وتارێکی بە فارسی نووسراوی ژنێکی نەتەوەی ژێردەست بن یا نەبن. لە هیچ کوێ کەمانگەر ئاماژە بە خەباتی پێشتری ژنانی کورد، پێش ڕۆژاوا و پێش ئاپۆ ناکا. کەمانگەر لەبیری دەچێتەوە کە مەستوورە ئەردەڵان لە ١٨٠٠ کان شێعری ژنانەی نووسیوە، لەیلا بەدرخان هەوەڵ کچی کوردە کە لەسەر ئۆپێرای پاریس لە سەرەتای ١٩٠٠دا سەما دەکا، لە کۆماری کوردستان و لە باکوورهەوەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان دروست دەبن، لەیلا قاسم بە دەست بەعس لە سێدارە دەدری، لە دوای "انقلاب ایران" هەوەڵ دەستەی ژنانی پێشمەرگەی کۆمەڵە دروست دەکرێ (کە ئەزقەزا سێ ڕۆژ پێش ساڵوەگەڕی بوو کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی کۆبانێ)، ژنانی کورد لە ڕێکخراوە سیاسی و ڕێکخراوەکانی مەدەنی دا چالاک دەبن، ژنان دەکەونە زیندان و لە زیندان دا منداڵیان لە دایک دەبێ و مێرد و باب و برایان ئێعدام دەکرێ، ژنانی دێمۆکرات و کۆمەڵە دەچنە شاخ، ژنانی شاعیر و نووسەری وەک ئەحلام مەنسوور و ژیلا لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەست بە نووسین دەکەن و دیسکۆرسێکی تازە دەخوڵقێنن، کەسانی وەک لەیلا زانا دەکەونە زیندان، ژنان دەبنە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبە کوردییەکان (گەرچی گێرە و کێشەیان کەم نەبووە)، ژنان دەخوێنن و خۆ پێدەگەیێنن وهتد. و هەمووی ئەوانە، هەمووی ئەم خەباتە لە پرۆسەیەکی سەد ساڵەدا دارێکی لەسەر بەردێک داناوە. و دروشمی "ژن ژیان ئازادی" ڕاست لەم خەباتە هاتۆتە دەر نەک تەنیا لە فەلسەفەی تاکە ڕێبەرێک. ئەوە ڕاستە ئەم ڕێبەرە توانی لە ئەزموونی گەلانی دیکە کەڵک وەربگرێ و بە شێوەی ئیدیۆلۆژیک ئەم دروشمە بدا و دواتر حیزبێک بیقۆزێتەوە، کە ئەمە هیچ کێشە نییە و هەر ڕێبەر و حیزبێک مافی خۆیەتی. بەڵام کێشەکە کاتێکە کە نووسەر، ڕێبەر یا حیزبێک دروشمێک قۆرغ بکا و خەباتی ئەوانی دیکە بسڕێتەوە، هەر چۆن نەتەوەی باڵا دەست و کۆلۆنیالیستەکان نەتەوە و ژنی ژێردەست دەسڕنەوە. هەر چۆن کەمانگەر خەباتی سەد ساڵی ژنانی سڕیوەتەوە و یا لە نووسینەکەیدا هیچ ئاماژەیەکی بە ژێدەرەکانی سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە و دژی داگیرکەرانی ئێرانی نەکردووە .هەڵبەت نووسینەکەی کەمانگەر پێوەرەکانی نووسینێکی "زانستی"شیان ڕەچاو نەکردووە و هیچ ئاماژەیەکی بە ژێدەرکانی نووسینەکەی نەداوە. هەروەها هیچ ئاماژەیەک بەوە ناکا کە پێشترهێندێک لەو چەمکانە، بۆ وێنە چەمکی ئینێرسێکشنالیتی لە دەقی کوردیدا هەوەڵ جار لە کوێ و چۆن بەکار هاتووە (گۆڤاری تیشک و لەلایەن نووسەری ئەم نووسینە، هاوینی ٢٠٢٠)، و لە بنەڕەتدا کەمانگەر خۆی دروست هەمان ڕەفتاری فێمینیستەکانی سپی باڵادەستی تاکگەرا دووپات دەکاتەوە کە ڕەخنەیان لێ دەگرێ. ئەو خەبات و نووسینی پێش خۆی و پێش یەکینەکانی ڕۆژاوا یا نابینێ، یا نەیخوێندۆتەوە و یا ئاگاهانە بەلاری باس لەسەر خەباتێک دەکا کە زۆر پێشتر بوونی بووە و ئەو بە هۆی گرێدراوی بە بیرێک ئاگاهانە دەیانسڕێتەوە و یا پاوانخوازانە دەیانخاتە بەرەیەک، یا بێدەنگیان دەکا. ئەو هەزاران ژنی سەر شەقام کە هەر ئێستا بۆ مافەکانیان دەجەنگن دەخاتە تەنیا یەک چوارچێوە، یەک ئیدیۆلۆژی و لە بیری کوردایەتیی دژی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

داگیرکەران دەیانسڕێتەوە. ئەگینا بۆ لە هیچ کوێی نووسینەکەیدا ئاماژەیان پێ ناکا؟ ئاشتی و دیالۆگ گەلێک پیرۆزە. بەڵام تەنیا کاتێک "دوگانە کورد/ایرانی" ئاشت دەدرێنەوە کە باڵادەست مافی بەرامبەر بۆ ئەویتری خۆی قەبووڵ بکا و دەست لە هێژمۆنی خۆی هەڵگرێ. ئەو کات ئەم ئاشتدانەوەیە لە نێوان دوو سابجێکتی بەرامبەرە کە سەروەری خۆیانن نەک ئاشتبوونەوەیەک لە چوارچێوەی هێژمۆنی باڵادەستدا .گرفتێکی بڵاوکردنەوەی وتارێکی وا پەرەپێدانی دیسکۆرسێکە کە لەو دیسکۆرسەدا هەموو باس و ڕووداێک بە یەک ژێدەر، یەک ڕێبەر، یەک حیزب، یەک دیسکۆرس تەواو دەبێ و ئەوانی دی دەسردرێنەوە. بلاو کردنەوەی نووسینێکی وەها لەکاتێکدا گۆڤاری تیشک وەک سەرچاوە لە زۆر زانکۆ کەڵکی لێ وەردەگیرێ دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بیرێکی تاک ڕەهەندی لە سەر "ژن ژیان ئازادی". کەمانگەر بە پێی هەمان ڕوانگەی ئینترسێکشنال فێمینیزم دەبوایە بزانێ کە فێمینیستە کوردەکان دەبێ یەکتر داپۆشن و یەکتر بەهێز بکەن. بەڵام نووسینەکەی کەمانگەر تەنیا یەک ڕێبەر و یەک ڕەوت بە ڕەسمییەت دەناسێ، ئەویش بۆ ئاشت کردنەوەی "دوگانە کورد/ایرانی". ئەمە تاکدەنگییە، و گرێدانی درووشمێک کە بەرهەمی خەباتێکی سەت ساڵەی ژنی کوردە نەک هەر لەگەڵ خودی "ژن، ژیان، و ئازادی" نامۆیە، بەڵکوو دژی وەها درووشمێکیشە و دەتوانێ یەکەمجار دەنگی "ژنی کورد" کپ بکات و بیکاتە قوربانیی دەنگێکی پیاوانە .من ئارەزوو دەکەم کە ژنانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان ببنە ئەکتەرێکی ڕاستەقینە، بەڵام سڕینەوەی سەد ساڵ خەباتی لایەنەکانی دیکەی کورد تا ئەم ساتە و گەیشتن بە مانیفێستی "ژن ژیان ئازادی" تەنیا کارەساتی بەدوادا دەبێ. شۆڕشی ژینا و "ژن ژیان ئازادی" لە ڕۆژهەڵات هێندە پڕ مێژوو و مەزنە کە هەر تاک و گرووپ و حیزب و ڕێکخراوێک دەیهەوێ تیتۆڵێکی لێ دابڕێ و بڵێ من ئەم شۆڕشەم بەرپا کرد. هەڵبەتە ئەوە مافی هەموو لایەنەکانە و لە ڕاستیشدا هەموو بە پێی ڕادەی توانا و لە مەیدان بووندا هەوڵیان بۆ داوە. لێرەدا باسی ئەم حەقیقەتە نییە. گرفت کاتێکە کە تەنیا لایەنێک بیهەوێ زەوتی بکا، جا هەر لایەنێک بێ .لەوەتی ئینسان هەیە بوونەوەرێکی خەباتکار بووە و لە هەوڵ و تێکۆشان دابووە: ئینسان بەدوای نان، جوانی و ئازادیدا وێڵە. نان بۆ زگ و جوانی بۆ ڕووح و ئازادی بۆ کەرامەت. لەم گەڕان و گا گەیشتن و گا نەگەیشتنەدا ئینسانەکان لێک فێر دەبن، هاوکاریی یەکتر دەکەن و یا هێندێک بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیان لە دژی بەرژەوەندیی گشتی ڕادەوەستن. کۆمەڵگای ئینسانی شۆڕشی مەزنی بەخۆوە دیوە. خۆ ڕەنگە هەمیشە ئاکامی کۆتایی شۆڕشەکان ئەو شتە نەبووبێ کە لە سەرەتادا مەبەست بووە، بەڵام نەفس و جەوهەری گەڕان بەدوای گەشە دایە کە ئینسان دەکاتە بوونەوەرێکی گەڕۆڵ بەدوای ئازادیدا. چونکە ئازادی بناخەی گەشەیە. هەست و بیری شۆڕشەکان وەک ڕووحێکی گەڕۆل لەم وڵات بۆ ئەو وڵات و لەم زار بۆ ئەو زار دەگوازرێنەوە و لە قووڵایی نەست و ناخوداگای ئینسان و کۆمەڵگاکاندا دەنیشن و لە پڕ لە گۆشەیەک سەر دەردێنن. "شۆڕشی مەزنی فەرانسە" لە ڕەوت و دۆنادۆنێکی مێژووییدا ئەمجارە لە کوردستان بە ڕوانگەیەکی ژنانەوە لە دایک دەبێتەوە و دەبێتە شۆڕشی مەزنی "ژن ژیان ئازادی". ئەگەر ئێمە کەڵکمان لە شۆڕشی مەزنی فەرانسە وەرگرتووە، خەڵکانی دیکە لە شۆڕشی مەزنی "ژن ژیان ئازادی" کەڵک وەردەگرن. ئەم گەڕانە بە دوای ئازادی و ڕزگارییەدا نابێ بخرێتە چوارچێوە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەستی بەسەردا بگرتریٚ. دەست بەسەرداگرتنی ئازادی تەنیا دەبێتەوە دیکتاتۆری. ئامانجی "ژن ژیان ئازادی" دیالۆگی بەردەوامە بۆ ژیانی باشتری ئینسانەکان و پەرەپێدانی خودی ئازادی .وتارێک لە چەشنی "کوردانە برابر است با زنانە" و ئاشتیدانەوەی دوگانەی کورد/ایرانی تیٚری ئەم شۆڕشە مەزنە ناکا. ئەم شۆڕشە دەیان لایەنی هەیە، و ئەزقەزا لایەنی ژنانەبوونی دەتوانیٚ زۆر دادپەروەرانە و پلاتفۆرمێکی گونجاو بیٚ بۆ ئازادی و دیالۆگ. "دوگانە کورد/ایرانی" چارەسەر نابیٚ هەتا ماڤی سیاسیی بەرامبەری نەتەوەکانی ژێردەست لە ئێران دا قەبوول نەکریٚ. وە فکرێک دەتوانیٚ کورد ڕزگار بکا کە ناسنامەخواز بیٚ. ئایدێنتی خۆی لەوانی دیکەدا نەتوێنێتیەوە. فێمینیسمێکی کوردیش (بە ژن و پیاوەوە) دەتوانیٚ وەدوای پرسی ژنی کورد بکەویٚ کە پلورالیسم ڕەچاو بگریٚ تا بتوانیٚ هاوکارێکی ڕاستەقینە بیٚ بۆ "ژن ژیان ئازادی". با هیچ کەس و هیچ حیزبێک "ژن ژیان ئازادی" زەوت نەکا. با "ژن ژیان ئازادی" ئازاد بیٚ.

سەرچاوە: "گۆڤاری تیشک" ژمارە ٦٤ی – ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## بیٚ هیوایی و بیٚ توانایی حکومەتی ئیسلامی ئێران و ناڕەزایەتی ڕوو لە پەرەسەندنی خەڵک



سایتی پەیام

ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی ئێران و خەبات و ناڕەزایەتی بەرینی جەماوەر لەدژی حکومەتی ئیسلامی سەرجەم ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە عەلی خامنەییەوە تا ئەشکەنجەگەران و بازجوەکانی زیندانی توشی سەرلێشێواوی، ڕاچڵەکین و بێتوانایی لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەست کردن و دەرکی قوڵی قین و نەفرەتی خەڵک لە ڕژێم ئیسلامی کردوە.

عیزەت الله زەرغامی، وەزیری میراسی فەرهەنگی و یەکێک لە فەرماندەکانی سپا و بەرپرسی پێشوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی وتی کە بازجوی سەرەکی گیراوەکانی دەیەی هەشتا پێی وتم، من تەمەنێک بازجوییم لە کەسایەتیە گەورە سیاسیەکان کرد بەڵام ئەم چەند ڕۆژە دژوار ترین دەورەی بازجووی من بوو، لەبەر ئەوەی نە من دەزانم ئەوان چی دەڵێن و نە ئەوان لەمن حاڵی دەبن.

لە لایەکی دیکەوە ئەندامێکیمەجمەعی تەشخیسی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەڵێ: "هاسان گرتنی بە ڕواڵەتی و زاهیری هێندێک لە دەوڵەتەکانی پێشوو بۆتە هۆی تەربیەت و پەروەردە بوونی نەوەیەک کە بە هیچ شێوەیەک نایەنە سەر ڕێگای ڕاست." ئەو باسی لە پشکنینی بیروبۆچوونی نزیکەی هەزار کەس لە گیراوەکانی ئەم دواییە کرد وتی: "تێگەیشتین کە هیچ نزیکایەتیەکیانلەگەڵ فەرهەنگی دینی و میللی ئێمەدا نیە و تەنانەت هیچ زانیاریەکیان سەبارت بە بنەما سەرکیەکانی وەک نوێژیش دا نییە."

نارەزایەتیە سەرتاسەریەکان بە ڕێبەری و بەشداری بەرچاوی ژنان و پیاوانی لاو حکومەتی کۆماری ئیسلامی وەها توشی سەرلێشێوای کردوە کە ناتوانێ هیچ نوسخەیەکی عەمەلیاتی بۆ تێپەڕ بوون لە نارەزایەتیەکان بدۆزێتەوە. ڕەسول سەنایی ڕاد، جێگری سیاسی دەفتەری عەقیدەتی سیاسی نیزامی عەلی خامنەیی لە پێوەند لەگەڵ نارەزایەتیە سەرتاسەریەکانی خەڵکی ئێران دوای کوژرانی ناجوامێرانەی بەدەسەتبەسەر کراوی ژینا و هەوڵدان بۆ گۆڕینی حکومەت کە بەرەو ڕووی سەرکوت بۆوە، وتی: "نیزام لەدەست نەچووە بەڵام ئێمە گورزی قورسمان بەرکەوتوە."

سەرجەم ئەو ڕاپۆرتانەی بڵاو کراونەتەوە سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانی پەنجا و چەندرۆژەیئەم دواییەی خەڵک لە کوردستانەوە تا سیستان و بەلوچستان، لە مازندەرانەوە تا تاران و لە هەرچوار کۆشەی ئێران دەرخەری بارودۆخێکی تازە و پاشکشە و بێتوانایی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمە. ژنان بەکردەوە لە مەدرەسە و زانکۆکان، لە سەرشەقام و شوێنە گشتیەکان حیجابی زۆرەملییان تێکشکاندوە.

ئێستا کە فرێدانی مێزەری ئاخەندەکان کەم لەم دواییەدا دەستی پێکردوە، تەنانەت موقتەدا سەدر ڕێبەری شیعەکانی عێراقیشی نیگەران کردوە کە نەکا ئەم بزوتنەوەیە عێراقیش بگرێتەوە. لە ئێستادا هیچ ئاخوندێک بە عەبا و عەمامەوە ناتوانێ بێ ترس لە خرانە خوارەوەی عەمامەکەی و فرێدرانە نێو سەتڵی زبڵەوە لە شوێنە گشتیەکان دەرکەوێ. ئەم بزوتنەوەیە بەرەو ئەوە دەچێت تا ئەم توێژە لە پێگەیەکی باڵای کە دەستەبەریان کردوە بکێشێتە خوارێ و بیانکاتەوە بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شارۆمەندێکی ئاسایی. خەڵک لە کەمتر لە دوو مانگدا سوڵتەی حکومەتی ئیسلامیان بەرەو ڕووی هەڕەشەی لێک هەڵوەشانی سەرجەم نیزامی ئیسلامی کردۆتەوە و ئاخوندەکان و بە کرێگیراوانی ڕژیم، و ئەو شوێنە حکومەتیانەی کە بەشدارن لە سەرکوت کردنی خەڵکدا بەرەو ڕووی نائەمنی بوونەتەوە. ترس و وەحشەتی خەڵک لە ڕژیم تێکشکاوە. بوێری پەرەی سەندوە، لە ڕاستیدا حکومەت و هێزە سەرکوتگەرەکان توشی ترس و نا ئەمنی بوونەتەوە.

ئەم بزوتنەوەیە بە تەمای سازان و پاشکشە نییە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بالغ و بالغتر دەبێت. لەم ڕۆژ و مانگانەی داهاتودا شاهیدی ئەوە دەبین کە بزوتنەوەی ڕوخاندن و بەرئەندازی لە ناوەندە گرنگ و کلیدەیەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، لە ناوەندەکانی کار و ژیان، لە ئیدارە و ناوەندە دەوڵەتیەکان پەرەدەستێنێ. یەکگرتوتر بوون و جەماوەری تر بوونەوەی زیاتری نارپزایەتیەکان و خەباتی خەڵک دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و نائەمنی زیاتری حکومەت و بەکرێگیراوانی. ڕوخانی حکومەتی ئیسلامی و جێگرتنەوەی بە نیزامێک کە: تێیدا ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانی نەبێت، ئازادی بێ شەرت مەرجی سیاسی ئاسایی بێت، هەموان وەک یەک لە کە ئیمکاناتێکی لەبەردەست دایە بەهرەمەند بن، ڕێگای گەشەی ئابووری و قەرەبووی دواکەوتوییەکان خۆش بکرێت و کۆمەڵگا بەرەو یەکسانی و ڕیفاە هیدایەت بکات.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کۆماری هەڵوەشاوەی ئیسلامی لە خەونێکی بێتەعبیردا



**کاکەڕەش**

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ناڕەوای خۆی، بە بیانوو و پاساوی ئایین و دینی ئیسلام. سەدان و هەزاران تاوان و هەڵوێستی نامرۆڤانەی بەرانبەر بە خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کورد بە تایبەتی کردە هێما و پێناسەی مێژوویی خۆی و تا ئێستاش بەشێوەی جۆراوجۆر لەو کردەوە دژەمرۆییانەی بەردەوامە و، دەرەنجامی ژیان لەم وڵاتە پڕ پیتوبەرەکەتە لە سایەی ئەو دەسەڵاتە نگریسە، قوت و زەقبوونەوەی دەیان ڕێکخراو و گرووپی تیرۆریستی لە دەرەوەی ئێرانی لێ کەوتۆتەوە کە ڕۆژانە سامانی ئەم وڵاتە بۆ پیلانگێڕی و ئامانجی نامەشروعی کۆنەپەرەستانی دژە مرۆڤایەتی کۆماری ئیسلامی بە کار دەهێنن. لەم وڵاتە ئاخوندلێداوەدا هەرچی ئازادیی هەیە بەند کراوە و بێکاری و نەهامەتی و کوشتن و سێدارە و گرتن و ئەشکەنجە و برسییەتی و قاتوقڕی دیارییەکە کە کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی بە دیاری هێناوە و کۆی ئەم قەیرانانە گەلانی ئێرانی بەرە و تەنگەژە و کارەسات بردووە و کۆمەڵگای لە هەرچی ئەخلاقی ڕەسەن و مرۆڤایەتییە داماڵیوە و ئیتر لەمرۆژانەشدا تەنیا هەواڵی زام و برین هەیە و فرمێسک بۆتە سارێژی کۆمەڵگا. دەسەڵاتێک کە هیچ بڕوای بە ئازادیی تاکەکان نییە و بە ناوی ئایین کۆتوبەندی هەموو کۆمەڵگای ئێرانی کردووە و بێکاری و نەداری تەنگی بە خەڵکی وەزاڵەهاتوو هەڵچنیوە.

جیا لەوانە لەم وڵاتە بەڵالێدراوەدا حیجابی زۆرەملی ژنانی لە ژیان و کۆمەڵگا دابڕیوە، ڕۆژانە چەند کۆلبەر خەڵتانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خوێن دەکرێ و نووسەران و شاعیران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان لە بەندیخانە دەپەستێورێن و ئازادیخوازانی سەریان بە پەتی سێدارەوە دەبێ و ....، دەبێ بڵێین ئیتر ئەم دەسەڵاتە هیچ شەرعییەتێکی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی نییە و ئەوەی ئێستاش ڕوو ئەدات بورکانی تووڕەیی چەندین ساڵەی حوکمڕانیی کۆماری هەڵوەشاوەی ئیسلامییە و لەوە زیاتر گەلانی ئێران بە گشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی بەرگەی ئەو هەموو کوێرەوەری و نەهامەتییە ناگرن. بەم پێیە بە کورد و تورک و فارس و عەرەب و بلووچەوە یان ئازادی بە دەست دەهێنین یان لە پێناو ئازادیدا دەمرین و نەمانی کۆماری هەڵوەشاوە (منحله)ی ئیسلامیی ئێران بۆ ئەبەد بە خەونێکی بێتەعبیر دەسپێرین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## زانکۆکانی من



ڕەزا دانشجو

ماکسیم گۆرکی، نووسەری شۆڕشگێڕ و بەناوبانگ، دامەزرێنەری ڕیئالیزمی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبی ڕووسیدا، یەکێکە لە نووسەرە کاریگەرەکانی مێژووی ئەدەب نەک تەنیا لە ڕووسیە، بەڵکوو لە جیهاندا. ڕوانینی قووڵ و ڕەخنەگرانەی گۆرکی لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و ئەوەی لەڕاستیدا لەژێر پێستی شاردا ڕوو دەدات، وێنەیەکی تەواو باوەڕپێکراو لە خۆی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کتێبەکانی دەخاتە ڕوو. بەبێ گوێدان بە مەکتەبی بیرکردنە گۆرکی، کە ڕەگ و ڕیشەی لە سۆسیالیزمی کرێکاری و خەباتی چینی خوارەوە دژ بە ڕووسیەی ژێردەسەڵاتی تزارەکاندایە، نووسینەکانی گۆرکی ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەیە و بە جۆرێک ژیان لە خودی ڕووداوەکاندایە.

"زانکۆکانی من" بەرهەمێکی ماکسیم گۆرکییە کە دەرئەنجامی ئەزموونەکانی ئەو لە تەمەنی گەنجیدایە، ماکسیم گۆرکیی گەنج کە بە هیوای خوێندن لە زانکۆ دەچێتە "کازان"، بەهۆی بارودۆخی ئابوورییەوە خوێندنەکەی بە نیوەتەواو بەجێ دەهێڵێت و ناچارە دەبێت وەک کرێکارێک کار بکات. ئەوەی گۆرکی لە ماوەی ئەم ساڵانەدا لەنێو خەڵک و لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆر و لە دۆخی جیاوازدا فێر دەبێت، لەلای گۆرکیی گەنج گەورەترین زانکۆیە. لە ڕاستیدا ئەم جارە دوور لە ڕێکارە ئاساییەکانی فێربوون لە زانکۆ، گۆرکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەزموونی مرۆڤەوە فێر دەبێت، ئەم جارە ئامرازی فێربوون وەشانێکی کۆپیکراوی ڕووداوەکانی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو فێربوون دیتنی ڕاستییەکانە لەسەر شەقام و کۆڵانەکانی شار. وەک نموونەیەک، لە گێڕانەوەی هەژاری و بێبەشیی ئەو خێزانەی کە لە سەرەتای هاتنی بۆ "کازان"، گۆرکی لە گەڵیاندا دەژی، دەنووسێت: "پیرەژن ناچار بوو سکی منداڵەکانی کە هەموو بەیانییەک بەبێ بیرکردنەوە داوای نانیان لێ دەکرد، هەڵبخەڵەتێنێت. هەر بیرکردنەوەیەک، بە شێوەیەکی سروشتی هەر پارووە نانێک کە لەلایەن ئەم خێزانەوە پێم دەدرا، کێشی وەک بەردێک لە سکمدا بوو، هەربۆیە هەموو بەیانیەک زوو بە بیانووی دۆزینەوەی کار لە ماڵەوە دەهاتمە دەرەوە بۆ ئەوەی نانی بەیانی لەگەڵیان هاوبەش نەبم."!

بەڵێ، گۆرکی بەباشی تێ گەیشت کە هەندێک جار مرۆڤ ناتوانێت ڕاستییەکان نە لە کتێبدا بدۆزرێتەوە و نە لە زانکۆکاندا، بەڵکوو ڕاستییەکان لەنێو شەقامەکاندا دەژین، هەندێک جار توێژینەوە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسییەکان ناتوانان لە لێکدانەوەی ڕووداوەکان، تەنها بە چەند ژمارە و ڕەقەم یان گریمانەیەکی ئەگەری قەناعەت دەکەن. هەندێک جار ڕەوتی پێشهاتەکان ئەوەندە خێرا دەڕوات کە کات بۆ شیکردنەوەی ئەکادیمی ناهێڵێتەوە، هەندێک جار شەقام خودی زانکۆیە.

شۆڕشی ژینا کە بە کوشتنی کچێکی بێتاوان لەلایەن حکوومەتەوە دەستی پێ کرد، ئێستا نە تەنیا جوغرافیای ئێران، بەڵکوو جیهانی داگیر کردووە. شۆڕشێک کە خاوەنەکانی ئەوەندە هەمەچەشن و فراوانن کە جگە لە شەقامەکان هیچ شوێنێکی تر نییە بۆ تێگەیشتن لێی. شۆڕشی ژینا شۆڕشی ڕەنگ و جیاوازییە. شۆڕشی ئەو ئازار و دەردەیە کە ساڵانێکە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیهـ بەسەر خەڵکدا سەپاندوویەتی. ئەو ئازار و دەردانەی کە هێندە گەشەیان کردووە کە کچێکی تەمەن ١٥-١٦ ساڵیان کردووە بە ڕەخنەگری سیاسی، ئەو کچانەی ئێستا باس لە مافی هەڵبژاردن دەکەن و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەندەڵی و هەڵاواردن مەحکووم دەکەن!

ئێستە بە دڵنیاییەوە خوێندنەوەی فەلسەفەی سیاسیی "هانا ئارێنت" یان خود بۆچوونە شۆڕشگێڕەکانی "کارل مارکس" یارمەتیدەر نابێت بۆ شیکردنەوەی شۆڕشی ژینا و ئەوەی لە شەقامەکان ڕوو ئەدات. بۆ تێگەیشتن لە شۆڕشی ژینا، پێویستە گوێ لە قسەی قوتابییانی قوتابخانەکان و زانکۆکان بگرێت، دەبێت گوێبیستی ژان و ئازاری دەیان ساڵەی کرێکارانی "نیشکر هفت تپە" بیت. بۆ شیکردنەوەی ترس، پێویستی بە تیئۆرییە دەروونییەکانی "شۆپنهاوەر" نییە، مانای ترس دەبێت لەو کەسانە بپرسیت کە بە ئاگایانە بەرەوپیری گوللە و مردن دەڕۆن، ئەم ئازار و دەردانە بە فێرکارییەکانی مەسیح دەرمان ناکرن، پێویستە لە دایکی ژینا بپرسیت مانای ئازار و ژان، لە دایکی سارینا، لە "دایکانی خەزەڵوەر" و هەموو ئەو دایکانەی کە تا هەمیشە دڵبریندارن. ئیتر خوێندنەوەی نووسراوەیەکی فێمینیستی لەلایەن چەند کەسێک لە کۆبوونەوەی ڕۆژی جیهانیی ژن وەڵامی ڕاستی ئەم ڕۆژانە نییە، ئێستە لە سەردەمی پێوەندییە بێسنوورەکان و میدیا لە ڕێگەی بیستن و بینینەوە کچان فێر بوون کە بۆ گەیشتن بە داواکارییەکانیان لە جیاتی قسەکردن و دەرکردنی چەند نوسراوە، ڕەفتار بکەن. ئەوان بە ئاگادارییەوە ڕۆیشتوون بۆ شەڕکردن لەگەڵ هەموو نۆرمەکانی ڕێژیمی دەسەڵاتدار، ڕەنگە تەنانەت ناوی "کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن لە دژی ژنان"یان نەبیستبێت. ئەو نەوە ئازایەی کە لە جیاتی قسەکردن فێری کردار بوون، دەزانین دەبێت بە زمانێکی جیاواز لەگەڵ دیکتاتۆر قسە بکەی. بەڵێ شۆڕشی ژینا زانکۆیەکی تەواوە، زانکۆیەک کە تێدا وشیاری تەنیا بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی یان فیکرێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرانسەری کۆمەڵگەدا بڵاو بووەتەوە.

بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ، ئەوەی کە ئێستە کچانی بوێری شەقامەکان بەدوایدا دەگەڕێن، دووبارە پێناسەکردنەوەی ژنان وەک هاندەرێکی ناپاک و بەهێزی کۆمەڵگەیە بۆ گەیشتن بە کەرامەتی مرۆڤایەتی، بەبێ گوێدان بە ڕەگەز و هەر فاکتەرێکی جیاکەرەوە. لەم زانکۆیەدا دەتوانیت هەموو ڕۆژێک چاوەڕێی شتێکی تازە بیت، جووڵانەوەیەکی نوێ، کردەوەیەکی چاوەڕواننەکراو، داهێنانێک بۆ پێشکەوتن. بەڵێ، هەموو ڕۆژێک دەتوانیت چەکێک بدۆزیتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆر. شەقام پڕە لەم کەسانەی کە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ دیکتاتۆریان دۆزیوەتەوە، ڕێگەیەک کە نە لە نووسراوە زانستییەکان و نە لە هیچ زانکۆیەکدا ئاماژەی پێ نەکراوە، ڕێگەیەک کە ئاکامی ژیانی چەندین ساڵە لەگەڵ ئازار و ژان و جیاکارییەوە، لە شۆڕشی ژینا، ژن ڕەگەزی بەرانبەر نییە، ژن وتەبێژی یەکسانی و پێکەوەبوونە. لێرەدا ژیان بە هەموو دژواری و ئازارەکانییەوە بەردەوامە، ئێتر ئازادی تەنیا چەمکێکی فەلسەفی و سیاسی بۆ نووسین و خوێندنەوە نییە، ئازادی درێژکراوەی ژن و ژیانە، سێ وانەی ڕزگاری و پێکەوەبوون.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەمە شەقام نییە، ئەمە زانکۆیە، زانکۆیەکی بێسنوور بۆ فێربوون و دووپاتکردەوەی ڕاستییەکان.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

## بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەست بە چاوتانەوە بگرن



دارسمە

غولامڕەزا حەسەنی، ئیمام جومعەی سەپێنراوی شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵانی ڕابردوو خومەینی وەک ئیمام جومعەی ئازەرییە شیعەکان و نوێنەری خۆی لە نێوەندی ئەم پارێزگایە دەستنیشانی کردبوو. حەسەنی، چەند ساڵ لەمەوبەر بە نەخۆشیی شێرپەنجە مرد و تەمەنی درێژی دا بە تۆی خوێنەر و ئەوەندەی ئەو تۆزقاڵە خۆڵانەی لەسەر گۆڕیەتی، تەمەنی پڕ لە شانازیی ئێوە درێژ بێت.

"ئایەتوڵڵە" حەسەنی ئەوەندەی بڵێی دەمشڕ و هەموو گیانی "پێکەنینۆک" بوو. "پێکەنینۆک" ئەو دەستەواژەیە لە پەنا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئیمام جومعەی مردووی ورمێدا دەمهەوێت وەک هاوماناى "جۆک"ی ئینگلیسان و "لطیفە"ی فارسان و "نکتە"ی عەرەبان دەرخواردی مێشکی خوێنەری هێژای بدەم، بەڵکوو جێ بە وشە هاومانا بێگانەکان لەق بکات.

ئەم حەسەنییەی لێرەدا هاتە بەرباس، لە ژیانی ڕابردووی خۆیدا، دوای ئەوەی وازی لە نۆکەری و خەزمەتکاریی زیرۆبەگی ژەنراڵی سەردەمی کۆماری کوردستان هێنا، پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە سایەی فەرمانی خومەینیدا بوو بە دەمڕاست و کەیخودای دەسەڵات لە ورمێ و بۆ هەموو لایەک بوو بە سەرچاوەی "پێکەنینۆک"ان و هەموو جاران دوای ئەوەی خوتبەی نوێژی هەینیی دەخوێندەوە، فەرمایشتەکانی دەبوون بە گاڵتەجاڕی ڕۆژنامە و مۆژنامەی ئەوکاتی سەر بە دەستەڵاتدارانی ئێرانیش.

حەسەنی ڕۆژێک لە خوتبەی نوێژی هەینیدا داوا دەکات بۆ هەفتەی دواتر ژنان بەشداریی نوێژی هەینی نەکەن و دەڵێت داوا لە خوشکان دەکەم هەفتەی داهاتوو نەیەنە نوێژی هەینی و تەنیا پیاوان بەشدار بن، چونکە من دەمهەوێ جوێنی نامووسی بە ئەمریکا بدەم.

نووسەری ئەم دێرانەش لەکاتێکدا پێیوایە دەبێت هەر نەبێت وەک حەسەنی پابەندی بنەما ئەخلاقییەکان بێت، بەڵام دەترسێت لە درێژەی ئەم بابەتەدا دوو لەڕووی ئێوە تووشی زمانشڕی بێت.

خۆتان باش ئاگادارن دروشمدان چەکێکی گرنگی ئەو خۆپێشاندەرانەیە لە ئێران کە بە دەستی بەتاڵ دەستەویەخەی دەستەڵاتداران بوونەتەوە و دەڵێن هەتا نەیانخنکێنن وازیان لێ ناهێنن. ئەگەر خۆپێشاندەر بە دەستی بەتاڵەوە دروشم نەدات، چۆن دەنگی بە بەردەنگان و بە دۆست و دوژمنانی بگەیەنێت؟ منیش بە بیرهێنانەوەی تێبنییەکەی حەسەنی دەترسم لە درێژەی ئەم دێڕانەدا لەکاتێکدا بەتەمام هەر نەبێت لە بەر دڵی ئەم هەموو خۆپێشاندەرانەش بێت، دژی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی دروشم بدەم، بە دووری نازانم لە درێژەی دروشمداندا گەرم دابێم و لە چەند دێڕی داهاتوودا خوای نەخواستە هێڵی سوور ببەزێنم. هەر لەبەر ئەمەشە لە سەرەتاوە گوتم، کاتی خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەست بە چاوتانەوە بگرن با دێڕەکانی نەبینن.

ئەو کەسانەی گوێم پێ نادەن و هەرچی من دەیڵێم پێچەوانەی دەکەن و بە چاوی کراوە و دەنگی بەرزەوە ئەم بابەتە دەخوێننەوە، لە کەمدەستەڵاتیی خۆمەوە پێیان دەڵێم دەتوانن بە دوای مندا بە دەنگی بەرز هەموو دروشمەکان بڵێنەوە. بۆ ئەوەی دەستەڵاتی کوردیەنەزان و دانیشتووانی ناوچەکانی فارسنشین و ئازەرینشین و بەلووچنشین و عەرەبنشین و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تورکمان‌نشینی ئێران لە دروشمەکانم تێبگەن، جگە لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ئەوانی دیکە بە زمانی "کەڵەگا" دەڵێمەوە:

"ژن، ژیان، ئازادی"، "زن زندگی آزادی"، "مرگ بر دیکتاتور"، "مرگ بر خامنەای"، "ننگ ما، ننگ ما، رهبر الدنگ ما"، "بجنگ تا بجنگیم"، "امسال سال خونە، سەید علی سرنگونە"، "بسیجی جیرەخور، آخرشە سیر بخور"، "توپ، تانک فشفشە، آخوند باید گم بشە"،" توپ تانک فشفشە، خامنەای...کشە"، "توپ تانک نفربر هر سە تو... رهبر"، "نە این ور نەآن ور.... تو بیت رهبر."

لەبەر ئەوەی خۆ سانسۆڕکردن لە سانسۆڕی دیکتاتۆڕ و میکتاتۆڕ و زۆر تۆڕی دیکە بەرفراوانترە و ئەم خۆسانسۆڕکردنە ئەوەندە بەهێزە، بەشی زۆری بابەتی نووسەر و مووسەرانیش دەگرێتەوە و تەنانەت گێڕانەوەی "پێکەنینۆک"انیش زۆر جار لە دڵی خۆیانیدا خۆیان سانسۆڕ دەکەن. هەر لەبەر ئەمە منیش ناچار بووم لە جیات هەندێک وشەی نێو ئەم دروشمانەی سەرەوە سێ خاڵی لە دوای یەک یان وەک فارسان دەڵێن نوقتەچین دابنێم.

ئەرێ هەتا ئێستا بیرتان لەوە کردووەتەوە خۆسانسۆڕکردنیش ئەگەر پەنگی خواردەوە، وەک بەنداوی پڕ دەتەقێتەوە و چۆڵیان و ئاوەدانیان دەگرێتە بەر؟ ئەوە نییە کچان و کوڕانی ئێرانیش پاش دەیان ساڵ خۆسانسۆڕکردن هەرچی لە دەمیان دەرچوو بە ئاخوندان و لە سەرووی هەموویانەوە بە ڕێبەرە دەستنایلۆنەکەی کۆماری ئیسلامییان گوت؟ چاویان نووقاند و دەمیان کردەوە و بە بێ‌سانسۆڕی دوندی دەستەڵاتدارانیان جنێوباران کرد.

لە کۆتاییدا پرسیارێک لەو خوێنەرانە دەکەم گوێیان بە فەرمایشتی من نەداوە و کاتی خوێندنەوەی ئەم دێڕانە دەستیان بە چاوانیانەوە نەگرتووە و لێیان دەپرسم ئەرێ ئێوەش وەک من لە بەرانبەر ئەم دروشمە بێ‌سانسۆڕەی فارساندا هەست بە کەمی و کووڕی ناکەن؟ ئەرێ ئێوەش وەک من پێتان خۆش نەبوو دروشمی جوێنی کوردیشمان بوایە؟

خۆم ئەوەندەی بیری لێ دەکەمەوە تەنیا دروشمێکی لەو شێوەیەی کۆن و تەنانەت مێژووییشم لەبیرە و ئەویش "پێشمەرگەی نێو تەلاشان"ە و سەرواکەی دەگەڵ وشەی "جاشان" دێتەوە. من لەبەر ئەوەی لە ترسی سیاسەتوانان خۆم سانسۆر کردووە ئەم دروشمە بێ‌سانسۆڕە لە دڵی خۆمدا دەڵێمەوە و ئێوەش هیمەت بکەن و چەند دروشمی نوێی لەم شێوەیە بڵێنەوە با ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانیش لە ناوچە فارس‌نشینەکان دوا نەکەون.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خەزڵوەری ٢٧٢٢ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

---






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com